# هەیڤ (41)

# ئیعجازی زانستی

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا دەریدەکات



مامۆستا شەماڵ موفتی
بەرەو خانەی هەمیشەیی



قل سيروا في الأرض
دیدێکی زانستی نوێ



توێژینەوەیەکی نوێ و
سوننەتەکانی ئازیزمان



هەنگ و شلەکانی دیکەی هەنگ

بسم الله الرحمن الرحيم



# بەیاننامەی ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا بەبۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا شەماڵ موفتی -خوای گەورە لێی خۆش بێت-.

رۆژی ١٩/ ٢/ ٢٠١٦ هەینی، کاتژمێر پێنج و نیوی ئێواری بانگخواز مامۆستا شەماڵ موفتی بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد، ئێمە وەك دەستەی باڵای ناوەند و دەستەی نوسەرانی گۆڤاری هەیڤ دڵگرانین بە کۆچی دوایی مامۆستا کە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و دەستەی باڵای ناوەند و دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەمان بوو، سەرەخۆشی لە خوێنەرانی گۆڤارەکەمان و گەلەکەمان دەکەین و داواکارین لە خوای گەورە کە بە بەهەشتی بەرینی خۆی شادی بکات و سەبوری ئێمە و بنەماڵەکەیان بدات.

مامۆستا لە ساڵی ٢٠٠٠ دا بەشداربووە لە دامەزراندنی ناوەندی کوردستان و لە ساڵی ٢٠٠٢ شەوە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هەیڤ بووە، زۆر گرنگی بە بواری ئیعجازی زانستی دەدا و بە گرنگترین هۆکاری بانگەوازی دەزانی و ماوەیەکیش بوو زۆر لە خەمی کارکردندا بوو بۆ تەواوکردنی تەلاری ئیعجاز لە شاری سلێمانی کە سوپاس بۆ خوا دڵشاد بوو بە تەواوبوونی تەلارەکە و بە قەڵایەکی گەورەی دەزانی بۆ ئیمان و زانست کە بەو هیوایەین دوای ئەو خەمخۆرانی ئیعجاز هەوڵی بەردەوامی لە کاروانەکەیان بدەن.

مامۆستا کەسایەتیەکی گەورە و بانگخوازێکی سەرکەوتوو شارەزای بواری ژینگە بوو، بێ وچان و بێ جیاوازی لە خزمەتکردن و تێکۆشاندا بوو. بەتایبەتی بەردەوام بەشداربوو لە وشیارکردنەوەی نەتەوەکەی و گەڕاندنەوەیان بۆ باوەشی ئیمان و زانست، ئەرکی خۆی بەرامبەر قورئانی پیرۆز ئەنجامداوە و ڕاستییە زانستییەکانی بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر و ڕاست بە ئایەت و فەرمودەکانەوە دەبەستەوە، ئەم ئەرکە و هەموو تێکۆشانەکانی بەڕێزی شایستەی ڕێز لێنانێکی بێ پایانن.. ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت جێگای فیردەوس بێت.

ئێمەش وەك دەزگایەکی زانستی بەرفراوان لە هەرێمی کوردستاندا وەفاداریمان بۆ مامۆستا و بەدیهێنانی ئاواتەکانی مامۆستا بە بەردەوامی لە تێکۆشاندا دەبین. لەو باوەڕەداین ئێوەی بەڕێزیش خاوەنداریتی لە هیوا و داخوازیەکانی مامۆستا بکەن.

لەگەڵ سڵاو و وەفاداریمان بۆ ئێوەی بەڕێز .. هەر شاد بن.

ناوەندی کوردستان

بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا

٢٠/ ٢/ ٢٠١٦


هەیڤ

بەشی کوردی

یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەیڤ لە ساڵی 2002 دا بڵاوکرایەوە

ژمارە (41) بەهاری 2016ز ـ 1437ک

www.haiv.org

خاوەنی ئیمتیاز

ناوەندی کوردستان

بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا

سەرنووسەر

د. دیاری ئەحمەد ئیسماعیل

جێگری سەرنووسەر

خالید حەسەن عەلی

بەڕێوەبەری نووسین

هاوژین طالب رضا

009647707601225

ڕاوێژکاری یاسایی

محەمەد ڕەئووف ئەحمەد

009647701527323

دەستەی نوسەران

١- فاڕووق ڕەسووڵ یەحیا

٢- محەمەد حسێن کەریم

٣- د. کاوە فەرەج سەعدون

٤- جەمال محەمەد ئەمین

٥- د. دارا گوڵ حامید

٦- د. محمد جميل الحبال

٧- بەرزان ئەبوبکر ڕەشید

٨- ئەردەڵان ساڵح عەزیز

٩- محەمەد ئەحمەد سەعید

١٠- د. بەهێز محەمەد ساڵح

دیزاین

زانیار ئەنوەر ئەحمەد

zanyarkurdish@gmail.com

پەیوەندی

haivkurdy@gmail.com

www.facebook.com/kurdhaiv

ناونیشان: سلێمانی- شەقامی سەرەکی چوارچرا (زێوەر)

بەرامبەر زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

# خەرمانی سامانی زانستیمان

ن: فارووق ڕەسووڵ یەحیا

لێکۆڵینەوە و تەقالای گەیشتن بە بنج و بناغەی هەر گوتە و داوا و ڕاگەیەنراوێک، گەر لای شوێنکەوتووانی هەر ئایینێکی جگە لە ئیسلام یان لای شوێنکەوتەی هەر ڕێچکە و ڕێبازێکی دەستکردی مرۆڤ، بە هاندەری "پێویستی" یان "حەز و خولیا" یاخود شتێکی دیکەی هەڵقوڵاوی ناخی مرۆڤەکە و ژینگەکەی بێت، لای ئێمەی موسڵمان پێش هەموو شتێک "فەرمان"ێکە لە لایەن ئایینەکەمانەوە ئاراستەمان کراوە و ئەرکێکە دەبێ بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی پەروەردگار جێبەجێی بکەین.

بەڵێ، ئایینێک کە هەر لە سەرەتاوە بە فەرمانەکانی چەشنی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن جَآءَكُمۡ فَاسِقُۢ بِنَبَإٖ فَتَبَيَّنُوٓاْ ٦﴾ الحجرات، هەروەها بە نەهییەکانی وەک: ﴿وَلَا تَقۡفُ مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٌۚ ٣٦﴾ الإسراء، هەڵگرانی پەیامەکەی بەرەو "بەدواداچوون" و "بەدەستهێنانی بەڵگەکان" و "لێکۆڵینەوە" ئاراستە بکات، هەرگیز نایەوێت مرۆڤ لەخۆڕا و بێ بەڵگە هیچ گوتەیەک بسەلمێنێت، هی هەر کەسێک بێت. تەنانەت نایەوێت باوەڕهێنانی مرۆڤەکان بە خودی ئەم ئایینەش لەسەر بناغەی چاولێکەریی هیچ کەس و ژینگە و دەوروبەرێک بێت، دەنا باوەڕی لەو جۆرە باوەڕێکی ناجێگیرە و هەموو ساتێک ئامادەیە کە بە بچووکترین گومان ڕووبەڕووی هەڵوەشان ببێتەوە.

لە پێناوی جێبەجێ کردنی ئەم خواستەی ئایینی ئیسلامدا، زانایانی پێشینی موسڵمان چەندین دەستووری ناوازەی ئەوتۆیان لە هەردوو سەرچاوەی "قورئان" و "سوننەت" هەڵێنجاند کە بوونە ڕێخۆشکەر بۆ سەرهەڵدانی چەند زانستێکی تایبەت بە "لێکۆڵینەوە" و "بەدواداچوون"، تەنانەت بوونە بەردی بناغە بۆ گەلێ زانستی تریش. بگرە ئەو دەستوورانە بوونە جێی سەرسووڕمانی ئەو توێژەرانەی کە لە هەنگاوە مێژووییەکانی پێشکەوتنی زانست لای موسڵمانان دەکۆڵنەوە.

یەکێک لەو دەستوورە زانستییە گرنگانەی کە دەرەنجامی تەقالا و هەڵێنجاوی زانایانی پێشینی موسڵمانە، ئەو دەستوورە بەناوبانگەیە کە دەڵێت:

"إن كنتَ ناقلاً فالصحة أو مُدعياً فالدليل".

واتە بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستیی هەر گوتەیەک مرۆڤ دەیبیستێ، دەبێ بە کەسی بەرامبەر بڵێت:

"ئەم قسەیەت گەر گێڕانەوەی هەواڵێکە، دەبێ ڕاستبوونی هەواڵەکەم بۆ بچەسپێنیت. خۆ ئەگەر داوایەکیشە لە لایەنی خۆتەوە ڕایدەگەیەنیت دەبێ بەڵگەم لەسەری بۆ بهێنیتەوە".

چونکە هەر بابەتێک کە وتووێژی لەسەر دروست ببێت، لە بنەڕەتدا، لەم دوو گریمانە بەدەر نییە: یان "گێڕانەوە"یە، یاخود "داوا".

لە دەرەنجامی پیادەکردنی بەشی یەکەمی ئەم دەستوورە زانستییەدا (واتە لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و ناڕاستیی گێڕانەوەکان) لە مێژووی ئیسلامدا "زانستەکانی فەرموودە" و "زانستی جەرح و تەعدیل" و "زانستی ژیاننامەی کەسانی زنجیرەی سەنەدەکان" دروست بوون، کە شاکارە داهێنانی زانایانی موسڵمان و، ناوازەترین ڕێی زانستین بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون، بە مەبەستی جیاکردنەوەی ڕاست و ناڕاستی هەر "گێڕانەوە"یەک بە تەرازوویەکی هەستیاری ورد و سەرنەکەر..

هەر بەم زانستانەش بوو کە توانرا سەرجەم ئەو گوتە و کردارانەی درابوونە پاڵ پێغەمبەری سەروەرمان — درووردی لەسەر بێت — لە شەن و کەو بدرێن و پاڵفتە و پۆلێن بکرێن و، ڕاست و دەمهەڵبەستیان لێک جیا بکرێتەوە، ئنجا ڕاستەکان و ئەوانەشیان کە گریمانی ڕاستبوون هەڵبگرن، بە جیاکردنەوەیەکی زانستییانەی ورد، پۆلێن و دەستنیشان بکرێن.

بە مەبەستی جێبەجێ کردنی بەشی دووەمی دەستوورەکەش (واتە بەڵگەهێنانەوە لەسەر داواکان) چەندین ڕێی زانستی گیرایەبەر.

دیارە چۆنیتیی بەڵگەهێنانەوە لەسەر "داواکان" بەپێی جۆر و سروشتی هەریەک لەو داوایانە دەگۆڕێت..

چونکە داوا ماددییەکان بە شایەت و بەڵگەنامەکان دەچەسپێن، کە پشت بە هەستەوەرەکان دەبەستن..

ئەو داوایانەش کە ناماددی و موجەڕڕەدن، ئەوا یان دەقی ڕاشکاویان لەسەرە لە "قورئان" یاخود "سوننەت"دا، کە ئەوەش بە گرتنەبەری ڕێبازی لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و بێ گومانیی دەقەکان دەسەلمێت کە لە بەشی یەکەمی دەستوورەکەدا ئاماژەمان بە هەندێ لایەنی دا.. یان هیچ دەقێکی بێ گومانیان لەسەر نییە. زانایانی پێشین چەند ڕێبازێکی زانستییانەی وردیان بۆ سەلماندنی ڕاستی و ناڕاستیی ئەو جۆرە داوایانەش گرتەبەر..

یەکێک لەوانە: ڕێبازی "دلالة الإلتزام" و "الإستقراء التام"ە، کە بە پوختی بریتییە لەوەی پەیوەندیی نێوان دوو شت هێندە توندوتۆڵ بێت کە بە بینین یان تەسەوور کردنی یەکێکیان ئەوی دیکەش یەکسەر لە تەسەووری مرۆڤدا ئامادە بێت. وەک بینینی شوێنێکی تەڕ کە تەسەووری ڕژانی ئاو یان هەر شلەمەنییەک بەسەر ئەو شوێنەدا بە زەینی مرۆڤدا دەهێنێت، هەروەها وەک هەست کردن لە کاتی بیستنی وشەیەک لە شوێنێکی تاریکدا بە بوونی مرۆڤێک ئەو وشەیە لەزار دەرچووبێت.

یەکێکی تر: ڕێبازی "قیاس"ە، کە زانایانی "ئوسووڵ" لە قورئانەوە وەریان گرتووە. پوختەکەی بریتییە لە دەستنیشانکردنی "هۆکار"ی جۆرێ بڕیار لەسەر شتێکی دیاریکراو، پاشان گەڕان بە دوای هاوشێوەی ئەو هۆکارە لە شتێکی دیکەدا، ئنجا دوای دڵنیابوون لە هاوبەشیی هەردووکیان لە هەمان "هۆکار"دا، "قیاس"ی ئەوەی دووەمیش بکرێتە سەر یەکەم و هەمان بڕیاری بۆ دابنرێت. وەک قیاسکردنی حەرامبوونی هەر شتێکی "مەستکەر" کە دەقی لەسەر نەبێت بۆ سەر "خەمر" کە دەقی لەسەرە، لەبەر هاوبەشیی ئەوی تر لەگەڵ "خەمر" لە هۆکاری "مەستکردن"دا. وەک زانایانی ئەو بوارە جەختی لەسەر دەکەنەوە.

ئەمەی لێرەدا "ئاماژە"مان پێدا، لەوێچێکە لە خەرمانی سامانی زانستیمان، کە پێش هەموو شتێک بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی ئایینەکەمان هاتە کایەوە. ئێمەش لەم سەردەمی پێشکەوتنی زانستییەدا، پتر پێویستمان بە خستنەکاری ئەم چەشنە دەستوورانەیە لە گەیاندنی پەیامی خوای گەورەدا بە مرۆڤەکان.

دەبا ئەو بەرپێزانەش کە باس و وتار و توێژینەوە بۆ گۆڤارەکەیان (هەیڤ) دەنێرن، چی لە توانایاندایە بۆ تەوسیق و پشتڕاستکردنەوەی نووسینەکانیان، پشت بە ڕێگای زانستی و سەرچاوەی متمانە پێ کراو ببەستن، تاکو بتوانرێت پێشوازیی شیاو لە بابەتەکانیان بکرێت.

# سەبارەت بە قورئان وتوویانە

## ئەڵقەی هەشتەم/ کۆتایی



نووسین و ئامادەکردنی: دکتۆر عیمادەدین خەلیل
وەرگێڕانی: فاڕووق ڕەسووڵ یەحیا
Faruq_r@hotmail.com

### لاندۆ

«ڕۆم لاندۆ Rom Landau» پەیکەرتاش و ڕەخنەسازێکی هونەریی ئینگلیزە. ساڵانی 1952 - 1957ز لە چەندین زانکۆی ئەمریکا وانەبێژ بووە و، ساڵی 1953ز لە کۆمەڵگای ئەمریکا بۆ لێکۆڵینەوە ئاسایییەکان لە سان فرانسیسکۆ مامۆستای لێکۆڵینەوەکانی لەمەڕ ئیسلام و باکووری ئەفریقیا بووە. لە بەرهەمەکانی: «الله ومغامرتي» 1935ز، «بحث عن الغد» 1938ز، «سلم الرسل» 1939ز، «دعوة الى المغرب» 1950ز و جگە لەمانەش.

هەندێ لە وتەکانی:

1- لەبەر ئەوەی ئەرکی وەرگێڕانی قورئان بە هەموو وزە زایەڵەییەکانی خۆی بۆ زمانێکی تر پێویستی بە بایەخدانی کەسێك دەبێت کە «شاعیری»ی و «زانست»ی کۆکردبێتەوە، ئەوا تا ماوەیەکی نزیکیش وەرگێڕانێکی باشمان نەبینیوە کە توانیبێتی شتێك لە ڕۆحی «وەحی»ی محەممەدی بقۆزێتەوە.

لە واقیعدا زۆرێك لە وەرگێڕەکانی پێشین نەك تەنها لە پاراستنی جوانیی ئەسڵەکەدا دەستەوسان بوون، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا هێندە پڕبوون لە ڕق بەرامبەر بە ئیسلام کە وەرگێڕانەکانیان لە ژێر بارێکی قورسی ڕقەکاندا دەیانناڵاند. تەنانەت باشترین وەرگێڕانیش کە لە شێوەی نووسراودا لە توانادا بێت هێشتا هەر ناتوانێت زایەڵەی یەخسیرکەری سوورەتەکانی قورئان وەك خۆی بپارێزێت بەو شێوەیەی کە موسڵمان دەیخوێنێتەوە.

مرۆڤی خۆرئاوایی لە توانادا نییە کە پەی بە هەندێ لە جوانی و هێز و پێزی قورئان بەبات، مەگەر کاتێ گوێبیستی چەند بڕگەیەکی ببێت کە بە زمانە ئەسڵییەکەی بخوێنرێتەوە»(1).

2- «کۆکردنەوەی ئایەتەکانی قورئان لە شێوەی کتێبێکدا خرایە ئەستۆی نووسەرەوەی «وەحی»: زەیدی کوڕی سابیت، ئەبوبەکر - خوای لێ ڕازی بێت - خۆی سەرپەرشتیی ئەم ئەرکە گرنگەی دەکرد. دواتریش و لە ئەنجامی هەوڵێکی نوێ و بە فەرمانی خەلیفە عوسمان - خوای لێ ڕازی بێت - قورئان دوایین شێوەی تەشریعیی خۆی وەرگرت کە بە ساغ و سەلامەتی و بێ هیچ دەستکارییەك گەیشتووەتە دەستمان»(2).

3- «پەیوەندییەکی ڕەنگین لە نێوان ئایەتەکانی کورتە سوورەتەکاندا هەیە کە کاریگەریی خۆی لەسەر ویژدان بەجێ دەهێڵێت، هەرچەندەش «کێش»ێکی یاسایی لە گۆڕێدا نییە. لە ڕاستیدا بیستنی سوورەتەکانی قورئان لە دەقە عەرەبییەکەیدا گەلێ کاریگەریی قووڵ لە دەروونی مرۆڤدا بەجێ دەهێڵێت. قورئان وای بۆ دیاری کراوە کە بە دەنگێکی بەرز بخوێنرێتەوە و، دەبێ مرۆڤ بە خوێندراوەیی گوێی لێ ڕابگرێت، تاکو بڕیاری دادگەرانەی لەسەر بدات و ڕێزی شایانی لێ بگرێت.

4- هەروەها قورئان بەو سیفەتەی کە وتەی ڕاستەقینەی خوای گەورەیە «موعجیز» واتە (دەستەوسانکار)ە و، هیچ ڕێگایەك بۆ لاسایی کردنەوەی نییە. زۆر بە ڕوونی و سادەیی بڵێین: هیچ شتێك نییە هاوشێوەی بێت»(3).

### لو بۆن

«دکتۆر گوستاف لو بۆن Gustave Le Bon» پزیشك و مێژوونووسێکی فەرەنسییە. ساڵی 1841ز لە دایك بووە. بایەخی بە شارستانێتیی خۆرهەڵات داوە. لە بەرهەمەکانی: «حضارة العرب»، «الحضارة المصرية»، «حضارة العرب في الأندلس».

هەندێ لە وتەکانی:

1- «بڵندیی بناغەکانی ڕەوشت لە قورئاندا لە هی هەموو ئایینەکانی تر - پێکەوە - بەرزترە و، ڕەوشتی ئەو نەتەوانەش کە شوێن ئایینەکەی قورئان کەوتن بە گۆڕانی ڕۆژگار و دەمارەکان گۆڕانێکی وەك هی ئەو نەتەوانەیان بەسەر هات کە ملکەچی ئایینی عیسان، درووودی لەسەر بێت. گرنگترین ئەنجامێك بتوانرێت لەم بوارەدا بهەڵێنجرێت بریتییە لە کاریگەریی قورئانی مەزن لەو نەتەوانەدا کە گەردنیان بۆ فەرمانەکانی نەوی کردووە. ئەو ئایینانەی کە بە وێنەی ئیسلام دەسەڵاتیان بەسەر دەروونەکاندا هەبێت زۆر کەمن..

لەوانەشە هیچ ئایینێك شك نەبەین کە ئەو کاریگەرییە بەردەوامەی وەك ئەوەی ئیسلامی بۆ ڕێ کەوتبێت. قورئان تەوەرەی ژیانە لە خۆرهەڵاتدا، ئەوەتا کاریگەریی ئەو لە وردترینی شتەکانی ژیاندا دەبینین»(4).

2- «ئەم کتێبە (قورئان) یاسادانانێکی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتییە و، بڕیارەکانیشی ماوەی دە سەدەیە جێبەجێ کراوە»(5).

### لیختنستادتەر

«دکتۆر ئیلس لیختنستادتەر Ilse Lichten-stadter» ئافرەتێکی ئەڵمانییە. لە زانکۆی فرانکفۆرت، پاشان لە زانکۆی لەندەن زانستەکانی زمانی عەرەبی و زانستە ئیسلامییەکانی خوێندووە. نزیکەی سی ساڵ لە وڵاتانی هەردوو خۆرهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستدا ماوەتەوە و، بایەخێکی تایبەتیی بە بانگەوازەکانی ئیجتیهاد و نوێکاری و بەراوردی نێوان مەزهەبەکان داوە. لە بەرهەمەکانی: «الإسلام والعصر الحديث».

هەندێ لە وتەکانی:

1- موسڵمانی ئەم سەردەمە باوەڕی وایە کە کتێبەکەی ڕێی پێ دەدات، تەنانەت پێویستیشی دەکات لەسەری کە کێشەکانی

سەردەمەكەی بە شێوەیەك چارەسەر بكات لەگەڵ ئایینەكەیدا یەك بگرێتەوە. قورئان بەرژەوەندی لەدەست نادات و، ڕێ لە زانیاری ناگرێت بەو جۆرەی كە زانستی سەردەمەكەی پێی گەیشتووە. تایبەتمەندیی قورئان لە بیروباوەڕی موسڵماندا ئەوەیە كە تەواوكاری كتێبە ئاسمانییەكانە و، لە بناغەكانی ئیماندا لەگەڵیاندا یەكە، بەڵام لە سیفەتە گشتییەكەیدا لێیان جیایە. قورئان نە پەیوەستە بە پەیامێكی دیاری كراوەوە كە لەگەڵ تەواوبوونی كات و سەردەمەكەی ئەویش بڕوات، نە بە نەتەوەیەكی تایبەتیشەوە كە تەنها بۆ ئەو نەتەوەیە بگونجێت و بۆ هی تر دەست نەدات. هەرشتێك بەردەوامیی تێدا مەبەست بێت، دەبێ لەگەڵ هەموو سەردەمێكدا یەك بێت و بۆ گشت كاتێكیش دەست بدات»[6].

2- «بۆ پەی بردن بە كاری قورئان لەو ڕووەوە كە كتێبێكی ئایینی و كۆمەڵایەتییە، دەبێ لە ڕاستگۆیی كەسی موسڵمان تێبگەیت كاتێ جەخت دەكاتەوە لەوەی كە دەبێ قورئان بناغەیەك بێت بۆ پەی بردن بەو حیكمەتە ئاڵۆزانەی كێشەكانی كۆمەڵگای نوێ چارەسەر دەكەن. چونكە پێغەمبەر ﷺ پێی وایە كە قورئان ئەڵقەی پەیوەندییە لە نێوان خوای گەورە لە كەماڵی خوایەتییەكەیدا و، جێنشینەكەی كە بە ڕێزنە پەروەردگارییەكەی و، بە نیشانە هەرە مەزنەكەی لەودا دەردەكەوێت (كە مرۆڤە).

ئەركی سەرشانی مرۆڤ كاركردنە - بە پێی ویستی خوا - بۆ ڕێكخستنی پەیوەندیی نێوان جیهانی خوایی و جیهانی بەدیهاتن و بینراو. باشترین ڕێ بۆ گەیشتن بەم داخوازییە ئەوەیە كە كۆمەڵە مرۆڤێك بیخەنە ئەستۆی خۆیان كە بە دوای قووڵترین و پێویست ترین فەرمانەكانی خوادا بگەڕێن كە فەرمانەكانی: دادپەروەرییە بۆ هەمووان و، میهرەبانی و نەرمونیانی و چاكەیە بەرامبەر لاوازان. هەر ئەمانەش ئەو هۆكارانەن كە خوای گەورە بە دەستی مرۆڤیان دەسپێرێت بۆ ڕزگاربوونی. كەواتە مرۆڤ بەرپرسە لە كارەكانی، هەروەك بەرپرسە لە چارەنووسی»[7].

## مۆنتای

«فینسای مۆنتای المنصور بالله الشافعي» خەڵكی فەرەنسایە. كەسێكی گەڕیدە و توێژەرە. پسپۆڕە لە لێكۆڵینەوەی كێشە ئیسلامی و عەرەبییەكان لە نزیكەوە. چەندین ساڵی لە مەغریب و خۆرهەلات و ئەفریقیا و ئاسیا بەسەر بردووە، دەیان توێژینەوە و كتێبی دەربارەی ئیسلام و شارستانێتییەكەی بلاو كردووەتەوە. لە ئەنجامدا و لە هاوینی ساڵی 1977ز موسڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاندووە.

هەندێ لە وتەكانی:

1- «من هیچ گومانێكم لە پێغەمبەرێتیی محەممەددا ﷺ نییە و، باوەڕم وایە كە دواهەمینی پێغەمبەرانە و، بۆ هەموو مرۆڤەكان بێ جیاوازی ڕەوانە كراوە و، پەیامەكەشی بۆ كۆتایی هێنان هاتووە بەو وەحییەی كە لە تەورات و ئینجیلدا نازڵ بووە. باشترین بەڵگەش لەسەر ئەوە «قورئانی موعجیزە»یە.

من ئەو بۆچوونانەی «پاسكاڵ»ی زانای ئەورووپی ڕەت دەكەمەوە كە كەسێكی ڕقاوی و قین لەدڵە بەرامبەر بە ئیسلام و موسڵمانان. تەنیا بۆچوونێكی نەبێت كە وتوویەتی: هەروەك ئینجیل دانراوی مەتتی نییە، قورئانیش دانراوی محەممەد ﷺ نییە»[8].

2- «هەر هزرێكی عەرەبی و ئیسلامی كە لە كاریگەریی قورئان دوور خرابێتەوە، چەشنی پیاوێكە خوێنەكەی لێ دەرهێنرابێت»[9]!

## هەنی

«عائیشە بریجت هەنی Ayesha Bridget Honey» لە خێزانێكی مەسیحیی ئینگلیزدا پێگەیشتووە. حەزی لە خوێندنی فەلسەفە بووە. ڕۆشتووە بۆ كەنەدا بۆ تەواوكردنی خوێندنەكەی. لەوێ بواری بۆ ڕەخساوە كە بە ئیسلام ئاشنا ببێت و لە ئەنجامدا موسڵمان ببێت. دوایی بووە بە مامۆستا لە قوتابخانەیەكی باڵای نایجیریا.

لە وتەكانی:

«چەندەش هەوڵ بدەم هەر ناتوانم وەسفی ئەو كاریگەرییە بكەم كە قورئان لە دڵی مندا بەجێی هێشت. من هێشتا خوێندنەوەی سێهەم سوورەتی قورئانم تەواو نەكردبوو، كە خۆمم بینییەوە سوژدەم بۆ بەدیهێنەری ئەم گەردوونە دەبرد! ئەوەش یەكەم نوێژم بوو لە ئیسلامدا»[10].

## وات

«ولیەم مۆنتگۆمری وات William Montgomery Watt» ڕاگری پێشووی بەشی دیراساتی عەرەبییە لە زانكۆی ئەدنبرە. لە بەرهەمەكانی: «عوامل انتشار الإسلام»، «محمد في مكة»، «محمد في المدينة»، «الإسلام والجماعة الموحدة».

هەندێ لە وتەكانی:

1- «قورئان پێی وایە كە نیگەرانییەكانی سەردەم دەرەنجامی چەند هۆكارێكی ئایینییە، وێڕای هۆكارە ئابووری و كۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەكان. هەروەها پێی وایە كە وەك هەموو شتێكی تر چاكسازییان تێدا ناكرێت مەگەر لە ڕێی بەكارهێنانی هۆكارە ئایینییەكانەوە نەبێت. گومان كردن لە حیكمەتی قورئاندا، چاونەترسییە، گەر بڕوانینە سەركەوتنی محەممەد ﷺ لە گەیاندنی ئەو پەیامەی كە خوا فەرمانی گەیاندنی پێ دابوو»[11].

2- «من ڕام وایە - هەڵوێستی ئایینیمان هەرچییەك بێت - كە پێویستە پەیامی قورئان بە سەرهەڵدانێكی داهێنەر دابنێین لە بارودۆخی مەككەدا. بێگومان كۆمەڵە كێشەیەك هەبوون كە چارەسەریان دەخواست و، چەندین قەیرانیش هەبوون كە هەندێ كەس هەوڵیان دا تەنك و سووكی بكەن. بەڵام گواستنەوەی ئەو بارودۆخە لەو كێشە و قەیرانانەوە بۆ پەیامی قورئان ئەستەمە لە ڕێی بیركردنەوەی مەنتیقییەوە بوو بێت.

بێگومان پەیامی قورئان چەندین كێشەی كۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و فیكری چارەسەر دەكات، بەڵام هەموویان بە یەك جاری و بە شێوەیەكی بەلگەنەویست چارەسەر ناكات.

لەوانەیە مێژوونووسێكی دنیایی بڵێت: محەممەد ﷺ بە ڕێكەوت ڕێی لە چەند بیرۆكەیەك كەوتووە كە بە وێنەی كلیل وابوون بۆ چارەسەركردنی كێشە بنەڕەتییەكانی ڕۆژگاری خۆی..

ئەوە شتێكی نەگونجاوە و، هیچ هەوڵێكی تەجریبی و هیچ بیرێكی تیژ ناتوانن وەك پێویست پەیامی قورئانمان بۆ ڕاڤە بكەن»[12].


پەراوێزەكان:

1- الإسلام والعرب: ٣٦-٣٧.
2- هەمان سەرچاوە: ٢٩٦.
3- هەمان سەرچاوە: ٢٩٦-٢٩٧.
4- حضارة العرب: ٤٣١-٤٣٢.
5- النتائج الأولى للحرب. لە "الإسلام والحضارة العربية"ی محەممەد كورد عەلییەوە: ٧٤/١.
6- الإسلام والعصر الحديث. لە كتێبی "ما يقال عن الإسلام"ی عەققادەوە: ١٩.
7- هەمان سەرچاوە: ١٩.
8- رجال ونساء أسلموا: ٤٥/٥.
9- هەمان سەرچاوە: ٥٠/٥ -٥١.
10- رجال ونساء أسلموا: ٥٩/١ — ٦٠.
11- محمد في مكة: ١٣٥.
12- هەمان سەرچاوە: ١٣٥-١٣٦.




# تەفسیری زانستیی سورەتی ئیخلاس
## ئەڵقەی سێیەم

ن: د. عومەر ئەلڕاوی.
و: هاوژین طالب رضا.
پێداچوونەوە: د. دارا گوڵ.

**تەفسیری ﴿لَمۡ یَلِدۡ وَلَمۡ یُولَدۡ ٣﴾:**
**وتەی موفەسیرەکان لە تەفسیری ئایەتی ﴿لَمۡ یَلِدۡ وَلَمۡ یُولَدۡ﴾:**

(ابن کثیر) ڕەحمەتی خوای لێبێت، دەڵێت: خودای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿لَمۡ یَلِدۡ وَلَمۡ یُولَدۡ ٣ وَلَمۡ یَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ٤﴾ واتە: نە منداڵ، نە باوك، نە ژنی نییە.

(مجاهد) دەڵێت: ﴿وَلَمۡ یَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ﴾ واتە ژنی نییە (چونکە هاوسەر و منداڵ لە ڕەگەزی مێردە، خودا تاك و تەنها و بێ هاوتا و فەردە)، ئەمەش هەر وەك ئەوە وایە کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿بَدِیعُ ٱلسَّمَـٰوَ ٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ أَنَّىٰ یَكُونُ لَهُۥ وَلَدࣱ وَلَمۡ تَكُن لَّهُۥ صَـٰحِبَةࣱۖ وَخَلَقَ كُلَّ شَیۡءࣲۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَیۡءٍ عَلِیمࣱ ١٠١﴾ الأنعام. واتە: «خودا بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە لە جوانترین شێوەدا لە نەبوونەوە. چۆن دەبێ منداڵی هەبێ لە حاڵێکدا ژنێکی نەبووە؟! ئەو هەموو شتێکی دروستکردووە و، بە هەموو شتێك زانایە»، پاك و بێگەردی بۆ خودای گەورە، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحۡمَـٰنُ وَلَدࣰا ٨٨ لَّقَدۡ جِئۡتُمۡ شَیۡـًٔا إِدࣰّا ٨٩ تَكَادُ ٱلسَّمَـٰوَ ٰتُ یَتَفَطَّرۡنَ مِنۡهُ وَتَنشَقُّ ٱلۡأَرۡضُ وَتَخِرُّ ٱلۡجِبَالُ هَدًّا ٩٠ أَن دَعَوۡا۟ لِلرَّحۡمَـٰنِ وَلَدࣰا ٩١ وَمَا یَنۢبَغِی لِلرَّحۡمَـٰنِ أَن یَتَّخِذَ وَلَدًا ٩٢ إِن كُلُّ مَن فِی ٱلسَّمَـٰوَ ٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ إِلَّاۤ ءَاتِی ٱلرَّحۡمَـٰنِ عَبۡدࣰا ٩٣ لَّقَدۡ أَحۡصَىٰهُمۡ وَعَدَّهُمۡ عَدࣰّا ٩٤ وَكُلُّهُمۡ ءَاتِیهِ یَوۡمَ ٱلۡقِیَـٰمَةِ فَرۡدًا ٩٥﴾ مریم. واتە: «(جوولەکە و گاور و موشریکان) دەڵێن: خودای میهرەبان منداڵی هەیە! بەڕاستی شتێکی زۆر ناشایستە و ناشیرین و سەرسوڕهێنەر دەڵێن.. نزیکە لەبەر ئەو قسەیە، ئاسمانەکان هەپروون هەپروون بن، زەوی شەق ببا و ڕۆبچێت، چیاکانیش بکەون و وردوخاش بن. کاتێك کە منداڵ دەدەنە پاڵ خودای میهرەبان. لە خودای میهرەبان ناوەشێتەوە و نابێت کە منداڵی هەبێت. تەواوی ئەو کەسانەی لە ئاسمانەکان و زەویدان بەندەی خودای میهرەبانن. هەر هەموویانی سەرژمێرکردووە و دروست ژمارەیان دەزانێت، هەر هەمووشیان ڕۆژی قیامەت تاك و تەنها، دێنە لای ئەو». هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَجَعَلُوا۟ بَیۡنَهُۥ وَبَیۡنَ ٱلۡجِنَّةِ نَسَبࣰاۚ وَلَقَدۡ عَلِمَتِ ٱلۡجِنَّةُ إِنَّهُمۡ لَمُحۡضَرُونَ ١٥٨ سُبۡحَـٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا یَصِفُونَ ١٥٩﴾ الصافات. واتە: «ئەوان باوەڕیان وایە کە لە نێوان پەروەردگار و جنۆکەدا خزمایەتی هەیە، لە حاڵێکدا جنۆکەکانیش چاك زانیویانە کە بۆ لێپرسینەوە ئامادە دەکرێن. پاکی و بێگەردی بۆ خوای گەورە، لە ئەو قسە بێ جێیانەی بەرامبەر بە خودا دەیکەن». لە سەحیحی بوخاریشدا هاتووە: (لا أحدَ أصبرَ على أذى سمعَهُ من الله، فإنهم يجعلون له ولداً، وهو يرزقهم و يعافيهم) واتە: کەس لە خوای گەورە بە ئارامتر نیە، لە سەر قسەی ناخۆش کە بیستبێتی و ئازاری پێگەیاندبێت، ئەوان منداڵی بۆ بڕیار دەدەن، کەچی ئەو ڕۆزییان دەدا و سەلامەت و چارەسەریان دەکاتەوە.

هەروەها (بوخاری) گێڕاویەتەوە: عن أبو هريره رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: «قال الله كذَبني ابنُ أدم ولم يكن له ذلك وشتمني ولم يكن له ذلك فأمَّا تكذيبه إيَّاي فقوله لن يُعيدني كما بدأني وليس أوَّل الخلقِ بأهون عليَّ من إعادته وأمَّا شتمه إيَّاي فقوله اتَّخذ الله ولداً وأنا الأحدُ الصَّمدُ لم ألدْ ولم أولدْ ولم يكن لي كفواً أحدٌ».(أخرجه البخاري فى كتاب تفسير سورة (قل هو الله أحد) برقم ٤٩٧٤، واتە: (خوای گەورە فەرمووی ئادەمیزاد درۆی بۆ هەڵبەستم کە نە دەبوو وا بکات، دەمپیسی لەگەڵ کردم کە نە دەبوو وا بکات، ئەو درۆیەی کە بۆی هەڵبەستم ئەوەیە کە دەڵێت نامگێڕێتەوە وەك سەرەتا دروستیکردم، هەرچەندە دروستکردنی یەکەمی ئاسانتر نییە بەلای منەوە وەك لە گەڕاندنەوەی و، جنێودانەکەشی ئەوەیە کە دەڵێت خوا منداڵی بۆ خۆی بڕیارداوە لە کاتێکدا من تاك و تەنها و بێ هاوەڵ و بێ هاوتا و پایەدار و دەسەڵاتدارم، نیازم بە کەس نییە و هەموو ئاتاجی منن، هەر من دەتوانم بەڵا و ناخۆشی لابەرم و پێویستی و داخوازییەکان جێبەجێبکەم. هیچ کەسم لێنەبووە و خۆشم لە کەس نەبووم. هەرگیز هاوتا و هاوشێوە و دەسەڵاتدارێکی تر نییە کە لەبەرانبەرمەوە بوەستێت و هاوشانم بێت).

(ابن عثیمین) بە ڕەحمەت بێت بە دواداچوونێکی لەسەر ئەوە هەیە دەڵێت: (پاشان فەرمووی: ﴿لَمۡ یَلِدۡ وَلَمۡ یُولَدۡ ٣ وَلَمۡ یَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ٤﴾ ئەمە بۆ چەسپاندنی تاك و تەنهایی خودای گەورەیە، وتمان: چەسپاندنە چونکە ئێمە لەوەی لە پێشدا هات لەمە تێگەیشتین، کەواتە هێنانی ئەم ئایەتە بۆ چەسپاندنی ئەو مانایەیە کە پێشتر هات و بۆ بڕیاردان و سەلماندنییەتی، ئەو لەبەرئەوەی تاك و تەنها و پایەدارە بۆیە لە دایك نەبووە، چونکە منداڵ نەك تەنها لە دروستبوونی و سیفەتیدا بەڵکو تەنانەت لە شێوەشیدا لە باوان دەچێت. بۆ نموونە ئەو فەرموودەیەی: کە باسی هاتنی (مجزّز المدلجی) دەکات بۆ لای (زيد بن حارثة) و (أسامة)ی کوڕی کە هەردووکیان بە پۆشاکێك خۆیان داپۆشیبوو قاچیان بە دەرەوە بوو، ئەو سەیری قاچیانی کرد و وتی: ئەم قاچانە لە یەکن، کوڕ و باوکن). (متّفق عليه).

هەندێك موفەسیریش لەم بابەتەدا (الصمد) یان بەستووە بەوەی دوای خۆی هاتووە، هەندێکی تریش وایان داناوە کە سەمەدییەت نەبوونی منداڵ پێویست دەکات.

**تەفسیری زانستی ﴿ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴾:**

ڕاستە سورەتەکە وەك پێشتر باسکرا هەمووی چارەسەری بابەتی یەکخواپەرستی دەکات، بەڵام ئێمە پێمان وایە ئەم ئایەتە لەگەڵ ئەوەی پێش خۆی و ئەوەی دوای خۆشی جودایە، چونکە هەر ئایەتێکیان بابەتێکی جیاواز چارەسەر دەکات، لێرەدا مەبەستمان بە لە دایکبوون ئەوە نییە کە پاش سکبوون ڕوودەدات، کەسیش وای نەوتووە، کاتێك مەسیحییەکان دەڵێن: خوای گەورە کوڕی هەبووە بە لە دایکبوونی (عیسى) لە (مریم) سەلامی خوایان لێبێت ئەوا ئەو ئایەتە نکوڵی لەم قسەیان دەکات کە دەفەرموێت: ﴿ مَا اتَّخَذَ اللَّهُ مِن وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُ مِنْ إِلَٰهٍ ۚ إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَٰهٍ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿٩١﴾ ﴾ المؤمنون. واتە: (خودا کەسی نەکردووە بە ڕۆڵەی خۆی و هیچ خودایەکی لەگەڵدا نییە، چونکە ئەو کاتە هەر خودایەك دەچوو بەلای دروستکراوانی خۆیەوە و هەندێکی خۆی بڵند دەکرد بەسەر هەندێکی تردا (ئەوسا بوونەوەر تێکدەچوو)، پاکی و بێگەردی بۆ زاتی خودا لەو شتانەی ئەوان دەیڵێن و خودای پێ وەسف دەکەن). کەواتە وتەی لە دایکبوونی (عیسى) لە (مریم) سەلامی خوایان لێبێت لە باشترین حاڵەتیدا لەگەڵ ئایەتی: ﴿ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴿٣﴾ وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ ﴿٤﴾ ﴾دا ناگونجێت.

هەروەها خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ مَا كَانَ لِلَّهِ أَن يَتَّخِذَ مِن وَلَدٍ ۖ سُبْحَانَهُ ۚ إِذَا قَضَىٰ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ ﴿٣٥﴾ ﴾ مریم. واتە: «ناگونجێت و لە خودا ناوەشێتەوە منداڵی هەبێت، پاکی و بێگەردی شایستەی ئەوە، کاتێك هەرشتێك بڕیار بدات، بەسە پێی بڵێ: ببە، دەستبەجێ دەبێت و دێتە دی». هەروەها کە دەفەرموێت: ﴿ وَقُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي لَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُن لَّهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ وَلَمْ يَكُن لَّهُ وَلِيٌّ مِّنَ الذُّلِّ ۖ وَكَبِّرْهُ تَكْبِيرًا ﴿١١١﴾ ﴾ الإسراء. واتە: «بڵێ: سوپاس و ستایش شایانی ئەو خودایە کە هیچ کەسی نەکردووە بە ڕۆڵەی خۆی، هەروەها لە موڵك و مەملەکەتیدا کەسی نەکردووە بە شەریك و هاوبەشی خۆی، بەهۆی ناچاری و بێ دەسەڵاتی کەسی نەکردووە بە یاوەر و یاریدەدەری خۆی، جا کەوایە گەورەیی بۆ خودا دانێ و هەر ئەو بە مەزن بزانە و بەس». هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَأَنَّهُ تَعَالَىٰ جَدُّ رَبِّنَا مَا اتَّخَذَ صَاحِبَةً وَلَا وَلَدًا ﴿٣﴾ ﴾ الجن. واتە: «پەروەردگاری پایە بڵندمان گەورەیە، بێگومان ئەو زاتە نە هاوسەری بڕیارداوە نە منداڵیش».

لەمەوە بانگەشەی مەسیحی و جوولەکەکان، کە خودا کوڕی هەیە، لەسەر ئەو بناغەیەیە کە خودا کوڕی لە (مەریم) یان لە (دایکی عوزەیر) بووە و نەیانوتووە: خودا خۆی منالی بووە، هەرچەندە قسەکەیان لە زمانی عەرەبیدا ئەو مانایەش هەڵدەگرێت.

بە واتای زانستیی یان لە زمانی زانستدا لە دایکبوون بریتییە لە دەرکەوتنی شتێك لە شتێکی گەورەوە، بە شێوەیەك ئەو لە دایکبوونە کار لە شتە بنچینەییەکە نەکات.

لێرەدا نموونەیەك بۆ ڕوونکردنەوەی لە دایکبوون دەهێنینەوە: لە دایکبوونی زەوی لە خۆر، بە شێوەیەکی ڕێژەیی کاری نەکردۆتە سەر بارستایی خۆر، هەرچەندە قەبارەی زەوی ئەوەندە گەورەیە کە خەریکە بڵێین هێشتا لەم سەردەمەشماندا هەموو شوێنێکیمان تەی نەکردووە، لەگەڵ ئەو قەبارە زەبەلاحەشدا کەچی لەسەر هەسارەی موشتەری ئەشکەوتێك هەیە لە یەك کاتدا سێ هەسارەی وەك زەوی تیا جێ دەبێتەوە. بۆ زانیاریش موشتەری ئەو هەسارە گەورەیە، چەندین مانگی هەیە کە هەندێکیان لە زەوی خۆمان گەورەترن، هەروەها کۆمەڵەی خۆر هەسارەی زۆر و گەورەی تری وەك زوحەل، زوهرە و مەریخی هەن، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین لە ڕووی بارستەوە هەموو هەسارەکانی کۆمەڵەکە وەلانێین و بە تەنها پشت بە بارستەی خۆر ببەستین، لێرەوە گەورەیی خۆرت بۆ دەردەکەوێت کە کاریگەر نەبووە بە لە دایکبوونی ئەو زەوییە گەورەیە لێیەوە و هیچ کارێکی لە گەورەییەکەی نەکردووە.

نموونەیەکی تر خوای گەورە بۆمان وەسف دەکات لە فەرموودەی قودسیدا: (... يا عبادي لو أن أولكم وآخركم وإنسكم وجنكم قاموا في صعيد واحد فسألوني، فأعطيت كل واحد مسألته ما نقص ذلك مما عندي إلا كما ينقص المخيط إذا أدخل البحر...) (رواه مسلم) واتە: «ئەی بەندەکانم ئەگەر یەکەمینتان و دوایینتان و مرۆڤەکانتان و جنۆکەکانتان هەموو چوونە یەك شوێنی بەرز و داواکارییان لێکردم، داواکاری هەر یەکەیانم بە جێ هێنا و پێم بەخشی، هیچ لە موڵك و دەسەڵاتی من کەم ناکاتەوە مەگەر وەك چۆن دەرزیەك لە ئاوی دەریا کەم دەکاتەوە کاتێك کە بخرێتە ناوی و بهێنرێتەوە دەر». بێگومان ئەو ئاوەی دەرزییەکە هەڵیدەگرێت حساب بۆ نەکراوە لە چاو هەموو ئاوی دەریاکەدا، ئیتر بەو شێوەیە.

بەڕێزان وەك دەزانرێت، چەندین لە دایکبوونی زانستی هەن لە گەردوون و زەویدا، لە دایکبوونی شاخەکان و ڕووبارەکان و ترشە ئەمینییەکان و (RNA) لە (DNA) و لە دایکبوونی گەردیلەکان و تیشکەکان... تاد، ئەمانە هەموو نموونەی لە دایکبوونن.

لێرەدا لە دایکبوونی زانستی بە مەرجی ناگرێت کە لە دایکبوو هاوشێوە یان هاوتای باوکی بێت. بۆیە لەوانەیە یەکێك بێت و لەم بارەیەوە بڵێت: ئێمەش وا دەڵێین خواوەندێك لە خواوەندێك بووە و بە شێوەیەك کاریگەری نەکردۆتە سەر خواوەندی باوك و گەورەییەکەی، کە ئەمەش هیندۆس و بوداییەکان دەیڵێن، جا ئەوان تاوەکو خۆیان لەو تەنگاوییە ڕزگاربکەن کە ئەو خواوەندەی خودا دروستیکردووە دەبوایە دروستکراو بوایە نەك خواوەند، فێڵ و ساختەیان لە وتەکانیاندا کرد و وتیان: خواوەند لە خودا بووە، بەڵام کاریگەری لەسەر گەورەییەکەی نەبووە، جا بۆ بنبڕکردنی ئەم بانگەشەیە و بۆ پاراستنی بیروباوەڕی یەکخواپەرستی پاك، پەروەردگار ئەم ئایەتە: ﴿ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴾ ی ناردە خوارەوە، بەمەش بەشێوەیەك کە گفتوگۆ هەڵناگرێت، قورئان کۆتایی بەو قسەیە هێنا و ڕوونیکردەوە خودای گەورە لە خواوەندێکی لە خۆی گەورەتر نەبووە بە جۆرێك کاری لە گەورەیی ئەو خواوەندە نەکردبێت، خواوەندیشی لێ نەبووە کە کاریگەری لەسەر گەورەیی خودا نەکردبێت: ﴿ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴿٣﴾ وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ ﴿٤﴾ ﴾ خودای گەورە هاوشێوە یا گەورە یا بچووکی لێ نەبووە، ئەمە جگە لەوەی وەڵامێکە بۆ قسەی مەسیحی و جوولەکە و گریك و ڕۆمانەکان بەوەی کوڕی مرۆڤیان بۆ خوای گەورە بڕیارداوە، واتە کاتێك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴾ بەوە یەکخواپەرستی دیاری کرد و چەسپاند، بە جۆرێکیش ڕوونیکردەوە کە گومان و لێکدانەوەی ناڕاست هەڵنەگرێت.

---

سەرچاوە: بابەتی (التفسير العلمي لسورة الصمد) د. (عمر محمود عطية الراوي).



# موعجیزاتی قورئـــانی

نووسینی: مامۆستا سەعیدی نوورسی

وەرگێڕانی: فارووق ڕەسوول یەحیا

Faruq_r@hotmail.com

### * نۆهەم سەرنجی ڕەوانبێژی

هەندێ جار قورئانی پیرۆز چەند مەبەستێکی «جوزئی» باس دەکات. ئنجا بۆ ئەوەی ئەو مەبەستە جوزئییانە بکات بە دەستوورێکی «کوللی» و سەرنجی زەینەکانی تێدا بگێڕێت، ئەو مەبەستە جوزئی‌یە دەچەسپێنێت و بە ناوە جوانەکانی خواوەند، کە قاعیدەیەکی کوللین، ڕاگیر و قایمیان دەکات..

بۆ نموونە:

﴿ قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّتِى تُجَٰدِلُكَ فِى زَوْجِهَا وَتَشْتَكِىٓ إِلَى ٱللَّهِ وَٱللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَآ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ ١ ﴾ المجادلة.

قورئان دەفەرموێت: خوای گەورە خاوەنی بیستنی ڕەهایە، هەموو شتێک دەبیستێت، تەنانەت بە ناوی: «الحق»ی خۆی بەسەرهات و ڕووداوی جوزئیی ئەو ئافرەتەش دەبیستێت کە بە ناسکترینی درەوشانەوەکانی میهرەبانیی خواوەند– کە مەزنترین گەنجینەی سۆز و میهرەبانی‌یە – بەهرەمەند بووە! ئەو دەعوایەی کە ئافرەتێک تیای‌دا لەسەر حەق بووە و لەسەر مێردەکەی بە وێنەی سکاڵا پێشکەشی خوای کردووە، خوای گەورە بە ناوی «الرحیم»ی خۆی و بەوپەڕی گرنگی و بایەخدان بە هەر کارێکی گەورە، دەیبیستێت و، بە ناوی «الحق»یشی، بەوپەڕی جیددی و گەرموگوڕی‌یەوە بۆی دەڕوانێت و بایەخی پێ دەدات.

جا بۆ ئەوەی ئەم مەبەستە «جوزئی»یە بکرێت بە دەستوورێکی «کوللی»، ئەوا ئایەتەکە دەری دەخات کە: ئەوەی گوێی لە بچووکترین ڕووداوی نێوان بەدیهاتووانە و چاوی لێیەتی، دەبێ ئەو کەسە بێت کە هەموو شتێک دەبیستێ و دەبینێت و هەرگیز لە «مومکینات» ناچێت.. هەروەها ئەو کەسەی کە پەروەردگاری گەردوون بێت، دەبێ سەرجەم ستەمکاری‌یەکانی ناو گەردوون ببینێت و سکاڵای ستەم لێکراوان ببیستێت. چونکە ئەو کەسەی کە گیروگرفتیان نەبینێت و گوێی لە داد و فریاد و هاواریان نەبێت، هەرگیز ناکرێ پەروەردگاریان بێت!

لەبەر ئەوە، ڕستەی: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ ﴾ دوو ڕاستیی مەزن دەردەخات. هەروەک مەبەستە «جوزئی»یەکەشی کرد بە دەستوورێکی «کوللی».

نموونەیەکی تر:

﴿ سُبْحَٰنَ ٱلَّذِىٓ أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِۦ لَيْلًا مِّنَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ إِلَى ٱلْمَسْجِدِ ٱلْأَقْصَا ٱلَّذِى بَٰرَكْنَا حَوْلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنْ ءَايَٰتِنَآ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ١ ﴾ الإسراء.

قورئانی پیرۆز دوای ئەوەی باسی ئیسرای پێغەمبەری خۆشەویستی ﷺ کرد لە سەرەتای میعراجەوە -واتە لە «مسجد الحرام»ەوە بۆ «مسجد الاقصی»- تا کۆتایی‌یەکەی کە سوورەی «النجم» ئاماژەی بۆ دەکات، دوای ئەوە، ئەم ئایەتەی سەرەوەی بە ﴿ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴾ کۆتایی پێ هێنا..

جا ئەو ڕاناوەی کە لە﴿ إِنَّهُۥ ﴾دایە یان بۆ خوای گەورە دەگەڕێتەوە، یان بۆ پێغەمبەری ئازیز ﷺ..

ئەگەر بۆ پێغەمبەر ﷺ بگەڕێتەوە، ئەوا یاساکانی ڕەوانبێژی و موناسەبەتی هاتنی گوفتار ئەوە دەگەیەنن کە: ئەم گەشتە جوزئی‌یەی میعراج هێندە گەشت و گوزار و ڕۆشتنی گشـتی و بەرزبوونەوەی کوللیی تێدایە کە پێغەمبەر ﷺ لە کاتی بەرزبوونەوە و دەمی بڕینی پلە هەمەکی‌یەکانی ناوە جوانەکانی خوای گەورەدا، کە تا «سدرة المنتهی» و «قاب قوسین او ادنی» دەگرنەوە، هەموو نیشانە و بەڵگە پەروەردگاری‌یەکان و گشت ئەو کارە ناوازانەی سنعەتی خواوەندی بیستووە و بینیوە کە لەو گەشتەدا بەر چاو و گوێی کەوتوون. ئەمەش بەڵگـەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم گەشتە جوزئی‌یە لە حوکمی کلیلێکدایە بۆ گەشتێکی کوللـی و گشتی بە ناو کارە سەرسووڕهێنەکانی سنعەتی خوای گەورەدا.

بەڵام ئەگەر ڕاناوەکە بۆ خوای گەورە بگەڕێتەوە، ئەوا ئەو کاتە واتاکەی بەم جۆرە دەبێت: خوای گەورە بەندە خۆشەویستەکەی بۆ حوزووری خۆی بانگ کردووە، تاکو ئەرکێکی پێ بسپێرێت و کارێکی بخاتە ئەستۆ. بۆیە لە «مسجد الحرام»ەوە شەوڕەویی پێ کرد بەرەو مزگەوتی **ئەقصا** کە کۆگای پێغەمبەرانە. جا دوای چاوپێکەوتنی پێغەمبەران و ئاشکرا کردنی ئەوەی کە ئەم پێغەمبەرە ئازیزە ﷺ میراتگری ڕەها و ڕاستەقینەی بناغەی ئایینەکانی هەموو پێغەمبەرانە — درووودیان لەسەر بێت – گەشتێکی بەو پێغەمبەرە خۆشەویستە کرد بۆ ناو مولک و مەلەکووتی خۆی تا گەیاندییە «سدرة المنتهی» و بە ئەندازەی نزیکیی هەردوو سەری کەوانەیەک یان کەمتر، لە خۆی نزیکی خستەوە.

بەم جۆرە ئەم گەشت و سەفەرە هەرچەند میعراجێکی جوزئی بووە و، ئەو کەسەش کە بۆ ئەوێ بەرز کراوەتەوە بەندەیەک بووە لە بەندەکان، بەڵام ئەم بەندەیە «ئەمانەت»ێکی هێندە مەزنی پێ سپێرراوە کە پەیوەندیی بە هەموو گەردوونەوە هەیە و، «نوور»ێکی ڕووناکی‌بەخشی وای لەگەڵدایە کە هەموو بوونەوەران ڕووناک دەکاتەوە و سەروسیمای واتا و ناوەڕۆکیان دەگۆڕێت و بەو نوورە دەیاننەخشێنێت، جگە لەوەی کە ئەم بەندەیە «کلیل»ێکی ئەوتۆی پێ‌یە کە دەتوانێت

دەرگای بەختەوەریی هەمیشەیی و نیعمەتی بەهەشتی هەتاهەتایی پێ بکاتەوە.

لەبەر هەموو ئەمانە، خوای گەورە خۆی بە: ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ﴾ وەسف دەکات، تاکو دەری بخات کە هێندە حیکمەتی بەرز و بڵند لەو «ئەمانەت» و «نوور» و «کلیل»دا هەن کە سەرجەمی بوونەوەران و بەدیهاتووان و سەرانسەری گەردوون لە ئامێز دەگرن.

نموونەیەکی تر: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ جَاعِلِ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا أُوْلِيٓ أَجۡنِحَةٖ مَّثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَۚ يَزِيدُ فِي ٱلۡخَلۡقِ مَا يَشَآءُۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ١﴾ فاطر.

خوای گەورە لەم سوورەتەدا دەفەرموێ: (بەدیهێنەری مەزنی ئاسمانەکان و زەوی، ئەم زەوی و ئاسمانانەی ئارایشت داوە و، ئاسەواری کەماڵی خۆی پێشچاوی بینەرانی لەژمارەبەدەر خستووە، وای لێ کردوون کە هەموویان سوپاس و ستایشی لەژمارەبەدەری پێشکەش بکەن.. هەروەها ئەو بەدیهێنەرە شکۆمەندە بە چەندەها نیعمەتی نەبڕاوە و بێسنوور زەوی و ئاسمانەکانی ڕازاندووەتەوە، ئەوەتا ئاسمانەکان و زەوی چ بە زمانی نیعمەتەکانیان و چ بە زمانی هەموو نیعمەت پێدراوانیش، سوپاس و ستایش پێشکەشی بەدیهێنەری «میهرەبان» دەکەن)..

دوای ئەوە، دەفەرموێ: (ئەو خوایەی کە گەلێ کۆئەندام و باڵی بە مرۆڤ و زیندەوەران و باڵندەکانی سەرزەوی بەخشیوە، تاکو بتوانن فڕین و گەشتوگوزار لە نێوان وڵات و شارەکانی گۆی زەویدا بکەن و.. باڵیشی بە مەلائیکەتانی نیشتەجێی ئەستێرەکان و کۆشکی ئاسمانەکان بەخشیوە، تاکو فڕین و هاتوچۆ بەناو بورجەکانی ئاسمان و مەملەکەتانی بەرز و بڵندی ئەوێدا ئەنجام بدەن.. بێ هیچ گومانێک ئەو خواوەندە، توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە. کەواتە ئەو کەسەی باڵی بە مێش بەخشیوە تاکو لە بەرێکەوە بۆ بەرێکی تر و، بە چۆلەکەشی داوە تاکو لە درەختێکەوە بۆ درەختێکی تر بفڕن، هەر ئەویشە کە مەلائیکەتانی بە باڵدار دروست کردووە تاکو لە هەسارەی زوهرەوە بۆ موشتەری و لەویشەوە بۆ هەسارەی کەیوان (زحل) بفڕن و گەشتوگوزاریان لە نێواندا بکەن).

پاشان بە دەستەواژەی: ﴿مَّثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ﴾ ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە مەلائیکەتان بە وێنەی سەرنشینانی زەوی لە دۆخێکی جوزئیدا نەبەستراونەتەوە و، پابەندی شوێنی تایبەتی و دیاریکراو نین. بەڵکو دەتوانن لە یەک کاتدا ئامادەی چوار ئەستێرە یان زیاتریش ببن.

ئەوەتا ئەم ڕووداوە جوزئییە (واتە باڵدارکردنی مەلائیکەت) ئاماژە بۆ گەورەیی توانستی گشتی و ڕەهای خواوەند دەکات و بە پوختەی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ﴾ جەختی لەسەر ئەم دەستوورە کوللییە دەکات.

### * دەهەم سەرنجی ڕەوانبێژی:

هەندێ جار ئایەتی قورئانی پیرۆز لە تاوان و گوناهەکانی مرۆڤ دەدوێت و، بە توند و تیژی هەڕەشە و سەرزەنشتی ئاراستە دەکات. پاشان ئایەتەکە بە هەندێ لەو ناوە جوانانەی خواوەند کۆتایی پێ دەهێنێت کە ئاماژە بۆ میهرەبانیی خوای گەورە دەکەن، تاکو ئەو سەرزەنشتە توند و تیژە گرفتاری «نائومێدی»ی نەکات!

بۆ نموونە: ﴿قُل لَّوۡ كَانَ مَعَهُۥٓ ءَالِهَةٞ كَمَا يَقُولُونَ إِذٗا لَّٱبۡتَغَوۡاْ إِلَىٰ ذِي ٱلۡعَرۡشِ سَبِيلٗا ٤٢ سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يَقُولُونَ عُلُوّٗا كَبِيرٗا ٤٣ تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبۡعُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا ٤٤﴾ الإسراء.

دەفەرموێ: (پێیان بڵێ: گەر وەک ئێوە دەڵێن، لەناو موڵکی خوادا هەرکەسێک هەبوایە هاوبەشی ئەو بێت، ئەوا ئەو هاوبەشانە دەستیان دەگەیشتە عەرشی پەروەردگارێتیی خواوەند و ئەو کاتەش بەهۆی تێکچوونی ڕێسای گەردوونەوە نیشانەکانی دەست تێوەردانی ئەو هاوبەشانە دەردەکەوت. کەچی هەموو بوونەوەرانی هەندەکی و هەمەکی و بچووک و گەورە، هەر لە حەوت ئاسمانەکانەوە تا دەگاتە زیندەوەرە میکرۆسکۆبییەکان، بە زمانی دەرکەوتنی دروشانەوە و نەخش و نیگاری ناوە جوانەکانی خواوەند بە سەریانەوە، تەسبیح و تەقدیسی ئەو خواوەندە شکۆمەند و بەخشندەیە دەکەن کە خاوەنی ئەو ناوانەیە و، تێکڕا خاوێنی و بێهاوبەشیی ئەو ڕادەگەیەنن)!

بەڵێ، «ئاسمان» تەقدیسی ئەو خواوەندە دەکات و بە وشەی ڕووناکی: خۆر و ئەستێرەکانی و، بە زمانی: ڕێکوپێکی و حیکمەتەکانی شایەتی لەسەر «یەکتایی»ی ئەو دەدات و.. «بۆشایی»یە هەواکەشی بە: دەنگی هەور و، وشەی: نەعرەتە و برووسکەکانی و دڵۆپەکانی بارانی، تەسبیح و تەقدیسی ئەو خواوەندە دەکات و شایەتی لەسەر «تەنیایی»یەکەی دەدات.. هەروەک «زەوی» بە وشە زیندووەکانی: زیندەوەران و ڕووەک و بوونەوەرانی ناوی، تەسبیحاتی خۆی و «یەکتایی» بەدیهێنەرەکەی ڕادەگەیەنێت.. هەموو «درەخت»ێکی زەوییش- بە هەمان جۆر- تەسبیحاتی دەکات و بە وشەی: گەڵا و گوڵ و بەروبوومەکانی شایەتی لەسەر «تەنیایی» ئەو دەدەن.. هەروەها گشت «بەدیهاتوو»یەکی جوزئی و بچووک، وێڕای جوزئی و بچووکیی خۆی، بە ئاماژەکانی ئەو چۆنێتی و نەخش و نیگارانەی پێوەی دیارن و ئەو ناوە جوانە زۆرانەش کە دەریاندەخات، تەسبیح و تەقدیسی خاوەنی ئەو ناوانە دەکات و شایەتی لەسەر «وەحدانییەت»ی دەدات.. بە هەمان جۆر سەرانسەری «گەردوون»یش پێکەوە و بە یەک زمان، تەسبیحاتی بەدیهێنەری شکۆمەندی دەکات و شایەتی لەسەر «یەکتایی» ئەو دەدات، مرۆڤ نەبێ کە پوختە و ئاکام و بەری پێگەیشتوو و جێنشینی ڕێز لێگیراوی ئەو گەردوونەیە، دەچێ بە پێچەوانەی سەرجەم شتانی ناو گەردوونەوە ڕەفتار دەکات و کافر دەبێت و هاوبەش بۆ خوا دادەنێت! دەسا بزانە ئەم کارەی مرۆڤ چەندە چەپەڵ و ناشیرینە و، دەبێ شایستەی چ سزایەک بێت لەسەر ئەم تاوانە مەزنەی؟..

بەڵام بۆ ئەوەی ئەم مرۆڤە گوناهبارە نەکەوێتە نزمایی و هەڵدێری «نائومێدی»یەوە، ئایەتەکە ئەو حیکمەتەی خواوەندی قەهاری شکۆمەندی بۆ باس دەکات کە خواستی وایە ئەم گەردوونە بەسەر مرۆڤدا نەڕووخێنێت لەسەر ئەم تاوانە یەکجار گەورەیە و، دەفەرموێ: ﴿إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا﴾ تاکو بەم پوختە کۆتاییە حیکمەتی مۆڵەتدانی بۆ ڕوون بکاتەوە و دەرگای هیوا و ئومێدی لێ بخاتە سەر پشت!

* * *

دەسا فەرموو بەم: «دە» ئاماژە ئیعجازییانە، لەو بریسکانەوە زۆرانەی ئیعجاز تێبگە کە لە کورتە و پوختەی کۆتایی ئایەتەکاندا هەن، جگە لەو هیدایەت و ڕێنماییە زۆر و زەبەندانەش کە نم نم لێیانەوە دەرکەوتوون. تەنانەت کاریگەریی وەهایان لە هەستی ڕەوانگۆیانی وریا و زیرەکدا بەجێهێشتووە کە لەتاو سەرسووڕمانیان لە بەردەم ئەم شێوازە ناوازانەدا، وتوویانە: «ئەمە هەرگیز گوفتاری ئادەمیزاد نییە»! هەروەک بە «حق الیقین» ئیمانیان بەم فەرمایشتەی خوای گەورە هێنا کە دەفەرموێ: ﴿إِنۡ هُوَ إِلَّا وَحۡيٞ يُوحَىٰ ٤﴾ النجم!

هەندێ ئایەت هەن، جگە لەم ئاماژانەی باس کران، گەلێ تایبەتکاریی تریان تێدایە کە ئێمە لەم باسەدا لێیان نەدواین. جا لە کۆبوونەوەی سەرجەمی ئەو تایبەتکارییانەوە، نەخشێکی ناوازەی ئیعجاز دەردەکەوێت، کە هێندە ڕوونە تەنانەت کوێرەکانیش دەیبینن!

# توێژینەوەیەکی نوێ و سوونەتەکانی ئازیزمان



د. دیاری ئەحمەد قەساب
پسپۆڕی نەشتەرگەریی
diaryismaeil@yahoo.com

بێگومان ئیسلام ئایینی خاوێنیە.. خاوێنیی دڵ و ناوەوە و دەرەوە.. خاوێنی مەعنەویی و جەستەیی.. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَـٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ ﴿٦﴾ ﴾ المائدة.. هەروەها دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلْمُتَطَهِّرِينَ ﴿٢٢٢﴾ ﴾ البقرة. لە یەك ئایەتدا باسی خاوێنی مەعنەوی (ٱلتَّوَّٰبِينَ) و خاوێنی جەستەیی (ٱلْمُتَطَهِّرِينَ) دەکات، کە هەردووکیان زەرورەتی دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئاسودەن.. پێغەمبەری ئیسلامیش بە هەمان مانا دەفەرموێت: (الطهور شطر الإيمان، والحمد لله تملأ الميزان) مسلم. باس لە خاوێنی جەستە بە خۆپاککردنەوە و چوونە حزوری خوای گەورە بەدەستی بەدەستنوێژەوە و، پاکژکردنەوەی دڵەکانیش بە زیکر و یادی خوا.. هەروەها خۆشەویستمان دەفەرموێت: (من بات وفي يده غمر لم يغسله فأصابه شيء فلا يلومن إلا نفسه) الترمذي، وأبو داود، وابن ماجه. هەروەها: (كان رسول الله إذا أراد أن ينام وهو جنب توضأ، وإذا أراد أن يأكل غسل يديه) النسائی.

زۆرن ئەو نەخۆشیانەی کە تووشی مرۆڤ دەبن بەهۆی پیسیی جەستەوە، یان خواردن و خواردنەوەی پیس و بەکارهێنانی جلوبەرگ و کەلوپەلی پیسەوە.. بۆیە ئیسلام هەمیشە جەختی لەسەر پاکوخاوێنیی مرۆڤ و دەوروبەری کردۆتەوە.. بابەتێکی زۆر هەستیار لە زانستی پزیشکییدا ئاماژەی پێدەکرێت و، چەندین توێژینەوەی لەسەر دەکرێت و بودجەیەکی گەورەی بۆ دادەنرێت لە وڵاتە پێشکەوتووەکان؛ ئەویش گرفتی گواستنەوەی میکرۆبە بۆ نەخۆشەکان لەناو نەخۆشخانەکاندا، پێی دەڵێن (Nosocomial infection).. ئەو میکرۆبانە لە نەخۆشەکانی ترەوە، یان کارمەند و پزیشکەکانەوە، بۆیان دەگوێزرێتەوە.. گرفتەکە لەوەدایە کە زۆر جار ئەو میکرۆبانە بەرهەڵستی چارەسەر دەکەن، واتە ناتوانرێت بە دژەتەنە ئاساییەکان لەناوببرێن! وەك بەکتریای جۆری (MRCNS).

لە توێژینەوەیەکدا، کۆتایی ساڵی ٢٠١٣، لە نەخۆشخانەی بریگهام، لە شاری بۆستنی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، گەیشتنە ئەم ئەنجامانە: لەبەرئەوەی نەزانراوە مووی ڕووی کارمەندانی تەندروستی هەڵگری بەکتریای نەخۆشیکەربن، بۆ بەراوردکردنی ڕێژەی مۆڵگەبوونی (colonization) بەکتریای ڕوو لە نێوان ٤٠٨ کارمەندی تەندروستی نێر، بەوانەی مووی ڕوویان هەیە و ئەوانەش کە نیانە.. دەرکەوت ئەو کارمەندانەی کە مووی ڕوویان هەیە کەمتر ئەگەری ئەوەیان هەیە کە بەکتریای ستافیللۆکۆکەس ئۆریەس مۆڵگەبکات -واتە زیادبکات- بەرێژەی: (٤١،٢٪ بەرامبەر ٥٢،٦٪). هەروەها بەکتریای جۆری MRCNS (٢٪ بەرامبەر ٧٪). ڕێژەی مۆڵگەبوون بە بەکتریای گرام نیگەتیڤ لە هەردوو گروپەکەدا کەمبوو، بێ جیاوازی لەنێوان هەردوو گروپەکەدا و بێ جیاوازیش لەنێوان جۆری مووی ڕوو. بە شێوەیەکی گشتی مۆڵگەبوون لەنێوان کارمەندە تەندروستیە پیاوەکاندا، بە مووی ڕووەوە یان بێ موو، وەك یەکن، بەڵام هەندێك جۆری بەکتریا زیاتر لەو کارمەندانەدا بەدیدەکرێت کە مووی ڕوویان نیە[1]. توێژەرەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەوان لە سەرەتادا گریمانەیەکیان هەبووە کە ئەو کارمەندە تەندروستیانەی ڕیشیان هەیە زیاتر لەوانەی کە ڕیشیان تاشیوە هەڵگری بەکتریای خەتەرناکن کە زیان دەگەیەننە تەندروستی نەخۆشەکان !![2]ئەم توێژینەوەیە ئەوەی وەبیرهێنامەوە کە لە سەرچاوە پزیشکیەکاندا دەمانخوێندەوە: تاشینی مووی شوێنی نەشتەرگەری پێش نەشتەرگەریەکە پێویستە خۆی لێ لابرێت، تەنها مەگەر بۆ مەبەستی جوانیی، یان بۆ ڕێنەگرتن لە پێوەنوسانی پلاستەرەکە. ئەگەر تاشین پێویست بکات، ئەوا دەبێت ڕاستەوخۆ

پێش ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکە بێت، چونکە ڕێژەی هەوکردنی شوێنی نەشتەرگەری دوو هێندە دەبێتەوە ئەگەر ڕۆژی پێشووتر شوێنەکە تاشرابێت، چونکە ئەو بریندراربوونە کەمەی پێست هانی مۆلگەبوونی بەکتریا دەدات[3].



هەروەها لە کتێبی بەناوبانگی نەشتەرگەریی Maingots) Abdominal Operation) نوسراوە: پێشتر کاتێك نەخۆش ئامادە دەکرا بۆ نەشتەرگەری، دەبوایە ڕۆژێك پێشتر لە نەخۆشخانە بمایەتەوە، بۆئەوەی شوێنی نەشتەرگەریەکە بتاشرێت، واتە مووەکانی لێبکرێتەوە و، پاشان حەمامی بکردایە.. ئەم کردارە ئێستا باوی نەماوە، چونکە دۆزراوەتەوە تاشینی شوێنی نەشتەرگەری دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی هەوکردنی برینی نەشتەرگەریەکە.. تا گەیشتوینەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر توکەکان ببێتە هۆی ئەوەی کە برینەکە نەتوانرێت دابخرێتەوە، یان نەتوانرێت ئەو پارچە نایلۆنە تەعقیمکراوەی کە لەسەر نەشتەرگەریەکە دادەنرێت، نەتوانرێت بخرێتە سەر نەخۆشەکە، ئەو کاتە ناچاردەبین مووەکەی بتاشین، ئەوکاتیش دەبێت بە مەکینەی ڕیشتاشین بێت، نەك بە گوێزان[4].

با بزانین کاری موو (تووك) چییە؟ کاری موو بریتیە لە پاراستن و ڕێکخستنی پلەی گەرمای لەش و ئاسانکردنی بوون بە هەڵم بوونی ئاوی زیادە لە لاشەوە. هەروەها وەك ئەندامێکی هەستیار کاردەکات[5].

موو نیشانەیەکی تایبەتە لە گشت شیردەرەکاندا. لە مرۆڤدا نیشانەیەکی تایبەت و عەزیزە، بەتایبەتی لە ئافرەتدا، بەڵام کاری سەرەکی بریتیە لە پاراستنی پێست لە بریندراربوون بە هۆکارە میکانیکیەکان و، ئاسانکردنی کرداری ڕاگرتنی پلەی گەرمای لاشە؛ بە نموونە: برۆ و پێلوی چاو نایەڵن شت بچنە ناو چاوەوە، هاوکات مووی کەللەی سەر، سەر دەپارێزێت لە تیشکی خۆر و سەرما و بەرکەوتەی فیزیایی بۆ سەر و مل. هەروەها موو کاری هەستکردنی هەیە، هەستیاریی بەرکەوتنی سەر زیاد دەکات.. دابەشبوونی موو لە شوێنە جیاوازەکانی لاشەدا بە شێوەیەکە، کە نزیکی هەموو ڕووی لەش دەگرێتەوە، بەڵام وردن و بێ ڕەنگن تا ئەندازەیەك، بەڵام لەهەندێ شوێنی تردا ئەستور و درێژن، وەك کەللەی سەر و برژان و برۆکان[6].

خوای گەورە مرۆڤی بە جوانترین شێوە دروستکردووە:﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِىٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾ التين.. لە وردبوونەوە و دیراسەکردنی تویکاریی و کارئەندامانی مرۆڤ جوانی سنعەتی پەروەردگارمان بۆ دەردەکەوێت: ﴿ وَفِىٓ أَنفُسِكُمْ ۚ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ الذاريات. بێگومان ئاسوودەیی مرۆڤیش تەنها بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوای گەورە و، شوێنکەوتنی پەیامنێرەکەی بە دەست دێت.

ناکرێت سوننەتەکانی ئازیزمان زیانی هەبێت بۆ شوێنکەوتووانی، ئەوی خۆشەویست و بەبەزەیی، تەنانەت بۆ بێگیانەکانیش، بەڵکو بە پێچەوانەوە، خێری دونیا و قیامەت هەر لە شوێنکەوتنی ئەودایە: ﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣١﴾ ﴾ آل عمران. کاتێك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (أنهكوا الشوارب وأعفوا اللحى) البخاري. واتە: سمێڵ کورت بکەنەوە و ڕیش بهێڵنەوە، بێگومان فەرمانەکەی لە سوودی مرۆڤە: ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلْهَوَىٰٓ ﴿٣﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْىٌ يُوحَىٰ ﴿٤﴾ ﴾ النجم.

وەك زانیمان موو ڕۆڵی گرنگی هەیە لە پارێزگاری کردن لە لاشەی مرۆڤ، هەر لەبەر ئەوەشە زۆربەی لاشەی مرۆڤ دادەپۆشێت.. لە ڕێنماییەکانی ئیسلامدا فەرمانمان پێکراوە هەندێ شوێن دەبێت مووەکەی لاببەین، وەك بنباڵ و بەرموسەڵان، کە لە سوننەتە خۆرسکەکانە.. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «عشرة من الفطرة: قص الشارب وإعفاء اللحية والسواك واستنشاق الماء وقص الاظافر وغسل البراجم ونتف الإبط وحلق العانة وانتقاص الماء» مسلم وأبو داود والنسائی. واتە: (دە شت لە فیترەتن: سمێڵ برین و ڕیش هێشتنەوە و سیواك کردن و ئاو لە لوت ڕادان و نینۆك برین و شتنی درزەکانی دەست —لاشە بەگشتی- و لێکردنەوەی مووی بنباڵ و تاشینی بەرموسەڵان و تاراتکردن).. ڕێنماییەکانی فەرموودەکە هەمووی باسی خاوێنیە، خاوێنی لاشە بەگشتی، بەڵام لەباسی مووەدا باس لەوە دەکات مووی ڕوو بهێڵرێتەوە، بەڵام مووی بنباڵ و بەرموسەڵان لاببرێت.. سوودەکانی تاشینی بەرموسەڵان ئاشکرایە و، توێژینەوەکان دەڵێن: تاشینی مووی بنباڵ بەشێوەیەکی نموونەیی دەبێتە هۆی خاوێن ڕاگرتنی بنباڵ و کەمکردنەوەی بۆنی بنباڵ، بێ ئەوەی پێویست بکات ڕۆژانە پاکی بکەیتەوە[7]..

**پێرستەکان:**


1-Wakeam E, Hernandez RA, Rivera Morales D, Finlayson SR, Klompas M, Zinner MJ, Bacterial ecology of hospital workers› facial hair: a cross-sectional study, J Hosp Infect. 2014 May;87(1):63-7. doi: 10.1016/j.jhin.2014.02.010. Epub 2014 Mar 26.

2-Journal of Hospital Infection, Journal of Hospital Infection 87 (2014) 63e67.journal homepage: www.elsevierhealth.com/journals/jhin

3-Baily &Love's SHORT PRACTICE of SYRGERY, 26th edition, 2013, Edited by: NORMAN S. WILLIAMS, CHRISTOPHER J.K. BULSTRODE & P. RONAN O'CONNELL.

4-MAINGOT'S Abdominal Operation, 12th edition, 2013, by: Michael j. ZINNER & STANLEY W. ASHKEY.

5-Basic Human Anatomy,O›Rahilly, Müller, Carpenter & Swenson.

6-Barbara Buffoli, Fabio Rinaldi, Mauro Labanca, ElisabettaSorbellini, AnnaTrink, Elene Guanziroli, Rita Rezzani, Luigi F. Rodella, The human hair: from anatomy to physiology. International journal of Dermatology. 2014, 53, 331-341.

7-Lanzalaco A, Vanoosthuyze K, Stark C, Swaile D, Rocchetta H, Spruell R. A comparative clinical study of different hair removal procedures and their impact on axillary odor reduction in men. Journal of Cosmetic Dermatology. 15, 58-65.

# هەنگ و شلەکانی دیکەی هەنگ

## بەشی چوارەم و کۆتایی



د. بەهێز محمد صالح محمود
bahezmuhammed@hotmail.com

وەك لە بەشەکانی ڕابردوودا چەندین ئیعجازی زانستیی هەنگ و هەنگوینمان لە دوو ئایەتی سورەتی (النحل)دا باسکرد، پشتیوان بە خوای گەورە لەم بەشەی کۆتایشدا چەند نهێنی و ئیعجازی تری ئەم ئایەتە پیرۆزانە دەخەینە ڕوو، کە دەفەرموێت: ﴿ وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحْلِ أَنِ ٱتَّخِذِى مِنَ ٱلْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ ٱلشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ ﴿٦٨﴾ ثُمَّ كُلِى مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ فَٱسْلُكِى سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا يَخْرُجُ مِنۢ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ فِيهِ شِفَآءٌ لِّلنَّاسِ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٦٩﴾ ﴾ النحل، واتە: پەروەردگاری تۆ ئیلهامی کرد بە مێشەنگوین، کە لە چیاکان و لە داران و لەو شوێنانەش کە ئادەمیزاد بۆی ئامادە دەکات جێگە و ڕێگە بۆ خۆی ساز بکات. پاشان لە هەموو بەروبووم بخوات و، پێمان ڕاگەیاندووە: ئەو نەخشانەی کە پەروەردگارت بۆی کێشاویت بە ملکەچیەوە ئەنجامی بدە. لە سکی مێشەنگوین شلەیەك دێتە دەرێ ڕەنگەکانی جۆراوجۆرە و شیفای تیادایە بۆ خەڵکی، بێگومان ئا لەمەشدا بەڵگەیەکی ڕوون و نیشانەیەکی ئاشکرایە بۆ کەسانێك کە بیر دەکەنەوە.

ئەم دوو ئایەتە پیرۆزە وردترین درێژەی زانستیمان لەسەر شێوەی ژیانی هەنگ دەدەنێ، کە سیستمێکی ناوازەی ژیانە و زانستی نوێ ئاشکرای کردوە، سیستمێك جگە لە وتەی: ﴿ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ ﴿١٤﴾ ﴾ المؤمنون، هیچی ترمان لە بەرامبەریدا نیە. لەمەی دێت لایەنێکی دەربڕینی بێ وێنەی قورئانیە کە تەواو گونجاو و ڕێکەوتووە لەگەڵ زانستی نوێ و، پشت ئەستور بە تاقیکردنەوەی ورد، بە تەکنۆلۆجیا و ئامێری پێشکەوتوو، سەلماندویەتی.

لەو ئایەتە پیرۆزانەدا کاتێك خوای گەورە فەرمان بە هەنگەکان دەکات فەرمانەکەی ئاڕاستەی مێیەکان کردووە، وەك دەفەرموێت: (ٱتَّخِذِى ....كُلِى ....فَٱسْلُكِى )، بێگومان لەمەدا ئیعجازێکی زانستیی گەورە هەیە کە دەیسەلمێنیت هەر وشەیەك لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئیعجازێکی لە خۆگرتوە و، زانیاری یەکێکە کە ئاگاداری هەموو نهێنیەکانی ژیانی هەنگە. زانستی نوێ دەریخستوە ئەوەی هەڵدەستێت بە کارەکانی گەڕان و دروستکردن و ڕێکخستنی هەموو جۆرە کارەکانی شارەکانی هەنگ بە تەنیا لە ئەستۆی مێیەکانە بەبێ ئەوەی نێرەکان هیچ ڕۆڵێکیان لەم کارانەدا هەبێت. بەڵکو هەموو کارەکانی ناوەوە و دەرەوەی خانەش ئەمان دەیکەن و ئەو هەنگەی کە شلەکان لە سکیەوە دەردەچێت مێیەکانە، ڕۆڵی نێرەکان تەنها پیتاندنی شاژنی هەنگەکانە.. بەو جۆرە فەرمانی خوای پەروەردگار ئاڕاستەی هەنگی مێ کراوە، تەواو وەك ئەوەی زانستی نوێ سەلماندویەتی، تا بزانرێت ئەمە وتەی خوای باڵادەستە و شیاوی هەموو کات و شوێنێکە.

وتەی پەروەردگار (كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ) واتای هەموو بەرێك، بێ هەڵاواردن، دەگەیەنێت، هیچ بەرێك نیە هەڵاڵە نەبووبێ و، هیچ هەڵاڵەیەکیش نیە کە هەنگ نەیخوات کەواتە هەنگ لە هەموو بەرێك دەخوات، خۆ ئەگەر قورئان لە غەیری خوای پەروەردگارەوە بهاتایە (پاکی بۆ خوا) ئەوا یان هەر نەدەوترا بەر، یان دەوترا بەری شیرین، چونکە ئەم ڕاستیە زۆر نوێیە و دوای پێشکەوتنی وردبین و ئامێری بینینی زۆر ورد پەیی پێ برا.

بەڵام ئەو خۆی بەدیهێنەر و هەر خۆشی دابەزێنەری ئەو ئایەتانەیە. شێوە ڕستەی (مِن كُلِّ ) بۆ هەندێتیە لە سەر ئاستی یەك جۆر بەر، چونکە هەنگ هەموو بەرەکە ناخوات، بەڵکو بەشێك لە ئەسڵی بەرەکە دەخوات، لە کاتێکدا نەك تەنها بەری شیرین بەڵکو هەموو جۆرە بەرێك دەخوات.

بۆ خواردنی دەنکە هەڵاڵەکان هەنگەکان پێویستیان بە کاتێك هەیە هەتا لە هەموو بەروبومێك بخۆن، بۆیە ئامڕازی پەیوەندی ( ثُمَّ ) بەکارهاتووە کە لە زمانی عەرەبیدا بۆ خایاندنی کاتێکی زۆرە، بەڵام دواتر بۆ گەڕانەوەیان بۆ شارەکەیان ئامڕازی پەیوەندی (فـ) بەکارهاتوە، وەك فەرمووی: (فَٱسْلُكِى سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا)، کە لێرەدا بۆ ڕیزبەندیی و خێراییە (للترتيب والسرعة)، چونکە هەنگ لەم کاتەدا کە ئایەتەکە باسی دەکات، دوای خواردن لە هەموو جۆرە بەرێك ( ثُمَّ كُلِى مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ ) هیچ سستییەك نانوێنێت بۆ گەڕانەوە بۆ خانەکەی، بەڵکو بە گورجی و زۆر چالاکانە دەگەڕێتەوە تا ئەوەی کۆی کردۆتەوە بیباتەوە، جارێکی تر بۆ کۆکردنەوەی شیلە و هەڵاڵەکان بچێتەوە دەرەوە، بەو جۆرە و بە درێژایی ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

دەستەواژەی (فَٱسْلُكِى سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا) ئەوە دەگەیەنێت کە هەنگەکان هەڕەمەکی ڕێ ناکەن، بەڵکو لەوپەڕی فەرمانبەرداری و بە پێی نەخشە و پلانێك کە پەروەردگاریان بۆیانی داناوە کارەکانیان ئەنجام دەدەن، چونکە هەنگ، وەك ئەوەی فڕۆکەکان هەیانە، ڕێڕەوی دیاریکراوی لە هەوادا هەیە، ئەمەش زانستی نوێ سەلماندویەتی.. هەنگ ماوەیەکی زۆر، کە دەگاتە سێ (٣) کیلۆمەتر،

له خانەکەی دوور دەکەوێتەوە، ئەم ماوەیەش بۆ بچووکیی قەبارەی هەنگەکە و گەورەیی درەختەکان زۆرە و، ئەگەری ونبوونی هەنگەکە زیاتر دەکات.. بۆ ئەوەی ون نەبێت، خۆر وەك نیشانەیەکی هەوایی بۆ دیاریکردنی ئاراستەکانی و، هەندێك جۆری دیاریکراو لە بۆن کە دەریان دەداتە سەر درەخت و ڕووەکەکان وەك نیشانەیەکی زەمینی، بەکاردێنێت. لە کاتێکیشدا کە خۆرەتاو نەبێت تیشکی سەروو وەنەوشەیی بەکاردێنێت بۆ دیاریکردنی ئاراستەکان، بەو جۆرەش هەنگ ڕێگە و ڕارەوی تایبەت بە خۆی لە نێوان خانەکەی و شوێنی کارەکەیدا هەیە، بە ئاسانی دەیاندۆزێتەوە و ونیان ناکات. بێگومان ئەم کردارانە هەر وا ئاسان نین و لە پرۆگرامێکی ئاڵۆز و بەرنامەڕێژراودا ڕوودەدەن، ئەمەش لە نهێنی وشەی پەروەردگار ( وَأَوْحَى)دا دەردەکەوێت.

لە ئایەتە پیرۆزەکەدا فەرمان بە هەنگ دەکات و دەفەرموێت: (كُلِي.) واتە بخۆن.. بڕوانە نافەرموێت (إشربی) واتە: بخۆنەوە یان شیلە بمژن، ئەوەی زانراویشە هەنگ تەنها شیلە دەمژێت! بەڵام زانستی نوێ دەریخستوە بەشێك لە دەمی هەنگ لە بۆریەك پێکهاتووە پێی دەوترێت پرۆبۆسیس (proboscis)، کە لە شەویلگە و ددان پێك هاتووە و، دەنکە هەڵاڵەکان دەخوات و، تەختەکان لەگەڵ مێوەکان دەجوێت. بە پێچەوانەی مێشولە کە تەنیا بۆریەکی بەدەمەوە هەیە و تەنیا کاری مژینە و ددانی نیە، ئەم ڕاستیەش لە کتێبی biology of honey bee لە لایەن مارك وینستون Mark L Winston بڵاوکراوەتەوە و دەڵێت:

The mandibles are the paired «teeth» that can be open and closed to chew wood, manipulate wax

واتە: شەویلگەی هەنگ لە چەند ڕیزە ددانێك پێکهاتوە کە دەکرێتەوە و دادەخرێتەوە بۆ جوینی دار و ماددەی مۆمیی.

دەستەواژەی (وَمِمَّا يَعْرِشُونَ) قەدی کلۆری دارەکان و پلورە قوریەکان دەگرێتەوە، کە ئەمانە لە کاتی دابەزینی قورئان زانراو بوون و تا ئەم نزیکانەش هەبوون، تاکە نشینگە بوون کە مرۆڤ تا ئەو کاتە بۆ هەنگی دروست کردوون، هەروا « وَمِمَّا يَعْرِشُونَ» خانە تەختە جۆراو جۆرەکانیش دەگرێتەوە کە بەم دواییانە دروستکران، کەواتە «يَعْرِشُونَ» هەموو خانە کۆن و تازەکان دەگرێتەوە، خۆ ئەگەر ئایەتەکە لە لای غەیری خواوە بهاتایە (پاکی بۆ خوا) ئەوا بەو جۆرە نە دەبوو، بە شێوەیەکی تری وەك (مما یکورون) دەبوو کە ئەو کات دروست کردنی پلورە هەنگەکان بە خرِی (تکویر) باو بووە.

ئەگەر بە کورتی باسێکی ئەرك و ژیانی هەنگە مێیەکان بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە لە ژێر فەرمانی نیگاکردن (أوحی)دا و لەوپەری بەرنامەڕێژی کار و ژیانیان دەگوزەرێنن، ئەمەش کەمێکە لە موعجیزەی ژیانیان:

هەنگ بە سێ جۆر پۆلێن دەکرێت:

١) شاژن Queen (مێ).

٢) نێرەکان (males) Drones

٣) کارکەرەکان workers (مێ) وەك لە وێنەکەدا دیارە.




هەنگ ژمارەی جۆرەکانی نزیك دەبێتەوە لە ٢٠٠٠٠ جۆر، کە لەڕاستیدا نهێنی و سیستمێکی ناوازەی ئەندازیاریی و بیناکردنی سەرسوڕهێنەر هەیە لە ژیانی هەنگدا. کارگەرەکانی هەنگ لە وەرزی چالاکیدا نزیکەی ٦ هەفتە دەژین، نیوەی تەمەنیان بە کارکردن لە ناو هەنگدانەکەدا بە سەر دەبەن و نیوەکەی تریشی لە کاری نێو بێستانەکاندا بەسەر دەبەن. کەواتە کار و ئەرکی هەنگە کارکەرەکان بەم دوو قۆناغەدا تێدەپەڕێ:

یەکەم: کار و ئەرکی هەنگی کارەکەر لە نێو هەنگدان: هەنگی کارەکەر دوای تێپەڕاندنی قۆناغەکانی هێلکەیی و کرمۆکەیی و دەرچوونی لە نێو خانە شەشلاکانی شانەی هەنگدان، دەست بە خاوێنکردنەوەی ئەو ژوورەی کە لێوەی هاتووەتەدەر دەکات. پاشان کارکەرەکان سەرقاڵی گەرمکردنەوەی خانە شەشلاکانی تر دەبێت کە کرمۆکەکان لەخۆ دەگرن، تاکو تەمەنی دەگاتە ٣ ڕۆژ. دواتر لە بەجێگەیاندنی سێیەمین ئەرکیدا لە نێو هەنگدانەکەی، هەنگە کارەکەرەکان دەست دەکەن بە پێدانی خۆراك (هەنگوین و هەڵاڵە) بە کرمۆکەی هەنگە (مێیەکان و نێرەکانی) نێو خانە شەشلاکان، تاکو تەمەنیان دەگاتە ٦ ڕۆژ. لە حەوتەمین ڕۆژی تەمەنیشیدا بەهۆی چەند ڕژێنێکی پێشەوەی سەری، خۆراکی شاهانە بەرهەم دێنێت و دەیدات بە کرمۆکە بچووکەکانی نێو خانە شەش لاکان، بەم شێوەیە ٦ ڕۆژی تر بەردەوام دەبێت، تاکو تەمەنی دەبێتە ١٢ ڕۆژ و ڕژێنەکانی لە ڕژاندن و بەرهەمهێنانی خۆراکی شاهانە دەوەستێت.

هەروەها لە دوایین کار و ئەرکی نێو هەنگدانەکەی، ٦ ڕۆژی دیکە بەهۆی ڕژێنەرەکانی ڕژاندنی مێو یان مۆم (الشمع)، کاری هەڵچنینی خانە شەشلاکان دەگرێتە ئەستۆ، تاکو تەمەنی دەگاتە ١٨ ڕۆژ، دوای ئەوە لە مێو ڕژێنیش دەوەستێ، بەم شێوەیە کۆتایی بە قۆناغی یەکەمی کارەکانی دێت کە لە ناو هەنگدانەکەیدا بەسەری برد.

جیا لەو ئەرك و کارانەی کە لە قۆناغی یەکەمی ژیانیاندا ئەنجامیان دەدەن، هەنگە کارکەرەکان گرنگییەکی تەواویش بە شاهەنگ و شارەکەیان دەدەن. بەم شێوەیە:

١- گرنگیدان و پێدانی خۆراك بە شاهەنگ.

٢- خاوێن کردنەوەی شارەکەیان لە هەر پیسییەك.

٣- هەڵگرتنەوەی هەنگە مردووەکان بۆ دەرەوەی هەنگدانەکەیان.

٤- فێنککردنەوەی شارەکەیان، بەڕاوەشاندن و جووڵانەوەی باڵەکانیان بە خێرایی.

٥- پاسەوانی کردنی دەرگای چوونە ژوورەوەی شارەکەیان و ڕێگریکردن لە هەر هەنگێکی نامۆ یان هەر دوژمنێك کە دەبێتە مایەی مەترسی بۆ سەر شارەکەیان.

٦- پێشوازی و وەرگرتنی شیلەی گوڵەکان لە هەنگە کارکەرەکان کە لە گوڵی بێستانەکاندا کۆیان کردۆتەوە.

٧- پاش وەرگرتنی شیلەی گوڵەکان، کە بە هەڵسوکەوتێکی تایبەت دەیگۆڕن بۆ هەنگوین و پاشان عەمبارکردنی لەناو خانە شەشلاکان و داپۆشینی بە پەردەیەکی مۆمین، هەروەها داپۆشینی هێلانەی کرمۆکە پێگەیشتووەکان بە پەردەیەکی تایبەت، لە تێکەڵەی هەڵاڵە و مۆم دروست دەکرێت.

٨- عەمبارکردنی هەڵاڵە (pollen) لە ناو خانە شەشلاکانی شانەکاندا.

دووەم: کار و ئەرکی هەنگە کارکەرەکان لە دەرەوەی هەنگدان: لە قۆناغی دووەمی بەجێگەیاندنی کار و ئەرکی هەنگە کارکەرەکان، کە دەکەوێتە دەرەوەی هەنگدان. ئەرکی کۆکردنەوەی شیلەی گوڵ و هەڵاڵە دەگرنە ئەستۆ، هاوکات پسپۆرییەکانیشیان لێرەدا بەدەردەکەوێت. هەندێکیان شیلەی

گوڵ کۆدەکەنەوە و هەندێکی دیکەشیان پۆڵین کۆدەکەنەوە. هەروەها هەندێ هەنگی کارگەریش هەیە هەردوو جۆرەکە کۆ دەکەنەوە (شیلەی گوڵ و پۆڵین). جیا لەو دوو توخمە (شیلەی گوڵ و پۆڵین)، مادەیەکی تریش لە چرۆی درەختەکان کۆدەکەنەوە، کە پێی دەوترێت پرۆپۆلیس، کە بۆ پڕکردنەوەی درز و سافکردنی چاوە شەشلاکان، پێش دانانی هێلکەکان لەلایەن شاهەنگەوە، بەکاری دەهێنن. هاوکات هەڵدەستن بە کۆکردنەوە و هێنانی ئاو بۆ هەنگدانەکەیان. ئاو گرنگییەکی بەرچاوی هەیە لە شارەکەدا، چونکە شارێك پێویستی بە نیو لیتر ئاو هەیە لە ڕۆژێکدا، ئەویش بۆ ڕوونکردنەوەی بەشێك لە هەنگوینەکەیە، بۆ تێرکردنی کرمۆکەکان (پێدانی خۆراك بە کرمۆکەکانی نێو خانە شەشلاکانی شانەکانی هەنگدانەکە). هەروەها بۆ کرداری فێنککردنەوەی شارەکەیان و ڕاگرتنی پلەکانی گەرما.

ئەگەر لە ژیانی هەنگ و ئەو نهێنیانەی لە ژیانی هەنگدا هەیە بکۆڵینەوە شاهیدیەکی ڕاستیی دەدات کە بڵێین ئەمە دەبێت لە لایەن پەروەردگاری بەرز و داناوەیە و، هەر لە خۆیەوە ئەمە ڕووی نەداوە و ناتوانرێت بە کاری ڕێکەوت بسپێرێت. ئێمە ناتوانین هەموو نهێنیەك لەسەر ژیانی هەنگ و ئەو توێژینەوانەی کراون لێرەدا بیانوسین، تەنیا کورتەیەکی گرنگ دەخەینە ڕوو.

لە بابەتەکانی پێشووتردا ئاماژەمان بە جۆرەکانی هەنگوین و سوودەکانی کرد. لێرەدا باسی شلەکانی دیکەی هەنگ دەکەین، کە بریتین لە:

### یەکەم: شلەی شاهانە (royal jelly):



بریتییە لەو شلە سپیەی کە بە (ماستی هەنگ) ناودەبرێت و شێوەی ڕۆنێکی خەستی هەیە، ئەم شلەیە لەلایەن هەنگە مێکانەوە (کارگوزارەکانەوە) بۆ خواردنی شاژن (queen) دروستدەکرێت، هەرکات زانرا شاژنەکەی پێشوو بێهێز و لاواز بووە یان لەناوچووە، هەنگە کارگوزارەکان هەڵدەستن بە ڕژاندنی ئەم شلەیە بۆ تێرکردنی بێچووەکان (larvae)، ئەم شلەیە لە ڕژێنەکانی (hypopharynx) دەرژێنرێت، هەتا بەهۆی ئەم شلەیەوە شاژنی نوێ دروست ببێت و، شێوە و سیفاتی شاژن وەربگرێت و، هێلکەدانی بۆ دروست ببێت و، بەهۆیەوە هێلکە دابنێت، چونکە هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا هەنگە مێیە کارگوزارەکان نەزۆکن و توانای هێلکە دانانیان نیە.

ئەگەر ئەم شلەیە بۆ ماوەی (٦) ڕۆژ زیاتر بدرێتە بێچووەکان شاژن دروست دەبێت کە باڵا بەرزن و هێلکە دادەنێن، بەڵام ئەگەر (٣) ڕۆژ بدرێتە بێچووەکان، کارگوزارە مێیەکان دروست دەبن کە بچووکترن و نەزۆکن. بەڵام نێرەکان لە هێلکەی نە پیتێنراوەوە دروستدەبن. ئەو ماددەیە چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لەسەرکراوە، لەبەرئەوەی لەچەندین مادەی ئاڵۆز (complex) پێکهاتووە و تائێستا بە تەواوی پێکهاتەی سەرەکی نەزانراوە. ئەوەندەی گەیشتوونەتە ئەنجام، شلەی شاهانە پێکهاتووە لە ڕێژەیەکی زۆر هۆرمۆنەکان و پرۆتین و ترشە ئەمینیەکان و چەوری و کاربۆهیدراتەکان و ڤیتامین و ئەنزیمەکان و دژە تەنەکان.

یەکێك لەو توێژینەوانەی لە ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن (٨) دکتۆرەوە لە بەشی هەناویی گشتی یاپان لە زانکۆی (GiFu) کراوە و لە پێگەی پەیمانگای کتێبخانەی هەناویی نیشتمانیی ئەمریکی Us-national library of medicine) ((national inst. of health بڵاوکراوەتەوە، شلەی شاهانە لەسەر (٦١) خۆبەخش بۆماوەی (٦) مانگ تاقیکراوەتەوە: کە (٣١) کەسیان ئەم شلەیەیان وەرگرتووە و (٣٠) کەسیان وەریان نەگرتووە. لە ئەنجامدا دەرکەوت بەکارهێنانی شلەی شاهانە بۆ ماوەی (٦) مانگ دەبێتە هۆی زیادبوونی دروستکردنی خرۆکە سوورەکانی خوێن و، ڕێککردنەوەی ڕێژەی شەکر و، باشکردنی تەندروستیی مێشك.




لە ماوەی (٢-٣) هەفتەدا دەبێتە چارەسەری تەواو بۆ کەمخوێنی و پاراستنی دەمارەخانەکان لە ڕەقبوون.

لە ساڵی (٢٠١١)دا، لە ڕۆمانیا، لەلایەن کریستیان پاڤێل (C. pavel) لەگەڵ هەشت دکتۆری تردا، گەشتنە ئەم ئەنجامانە:

١) شلەی شاهانە ماددەی دژە ئۆکسانی تێدایە (Anti -oxidant) و، شلەی شاهانە DNA ی خانەکان لە تەنە نیمچە سەربەستەکان دەپارێزێت کە یەکێکە لە هۆکارەکانی دروستبونی شێرپەنجە..

٢) کارکردن لەسەر دەمارەخانەکان و پارێزگاریکردنیان، بەووش یارمەتی بیروهۆش دەدات و، دەبێتە کەمکردنەوەی خەمۆکی.. شلەی شاهانە ماددەی ئەسیتایەل کۆلینی Acetyl choline. تێدایە، کە ماددەیەکی ناو دەمارەخانەکانە و کەمیی ئەم ماددەیە دەبێتە هۆی نەخۆشی بیرچوونەوە alzhemier disease و نەخۆشی (Parkinson disease).

٣) بەهۆی زۆریی ماددەی هاوشێوەی ئەنسۆلین تێیدا insulin peptide، یارمەتی کەمکردنەوەی ڕێژەی شەکری خوێن دەدات..

وەرگرتنی ٥٠ بۆ ١٠٠ ملگم شلەی شاهانە بە ڕێژەی (١٤٪) کۆلیسترۆڵی گشتی لەش کەمدەکاتەوە و کۆلسترۆڵی زیانبەخش LDL بە ڕێژەی ١٠٪ کەمدەکاتەوە، بەڵام کار ناکاتە سەر چەوری سیانی.

٤) دژە شێرپەنجە anti –tumor: شلەی شایانە ئەنزیمی 10HDA تێدایە کە لە تاقیگەدا تاقیکراوەتەوە دژی دروستبوونی شێرپەنجەیە و، ناهێڵێت دەمارەخانەی شێرپەنجەیی دروست ببێت.

٥) چارەسەری کەمخوێنی و سووڕی دەمارەخانەکان دەکات.

٦) دژە تەن و دژە ڤایرۆسە.. بەهۆی ئەوەی دژی چەندین بەکتریایە، هۆکاری لاوازکردنی پرۆتینی ڕۆیدسن Roydisin ی ناو بەکتریایە، بۆ چارەسەرکردنی چەندین نەخۆشی بەکارهاتوە.

٧) دژە هەوکردن anti-inflammatory: یارمەتی دروستکردنی شانەی کۆلاجین collagen دەدات بەهۆی زۆری ترشی ئەسکۆربیك.

٨)سیستمی بەرگری بەهێز دەکات و دژە حەساسیەتە. چونکە مادەی زۆری لە پرۆتین و ڤیتامینەکانی (E,A) تێدایە و، یارمەتی سیستمی بەرگری دەدات و، ڕێژەی ( IL-2) کەمدەکاتەوە و دەبێتە چارەسەری حەساسیەت، لەوانە ڕەبوو.

٩) یارمەتیدەری کۆئەندامی زاوزێ و چارەسەری نەزۆکیە.. هەروەك پێشتر

ئاماژەمان پێدا شاژن لەسەر ئەم شلەیە گەورە دەبێت و خواردنی سەرەکیەتی کە بەهۆیەوە هێلکەدان دروست دەبێت و دەتوانێت هێلکە دابنێت.. لە کتێبی (miracle of honey bee...) دابلاوکراوەتەوە: RJ is effective against osteoporosis, improving hormonal equilibrium and fertility, in men and women.

واتە: شلەی شایانە زۆر کاریگەرە بۆ نەخۆشی ئێسکە نەرمە و، ڕێککردنەوە و ڕێکخستنی هۆرمۆنەکان و، چارەسەری نەزۆکی.

١٠) دژی پیریی.. بەهۆی ئەوەی خواردنی شاژن شلەی شاهانەیە لە کارگوزارەکان زیاتر دەژی. دەرکەوتوە خواردنی شاهانە ڕێژەی پیریی کەم دەکاتەوە. لە یەکێک لە توێژینەوەکان لە زانکۆی ئیلینۆیس Illinois لە ئەمەریکا لەلایەن پرۆفیسۆر مایۆ Myo professor کراوە، دەریخست کار دەکاتە سەر ترشی (DNA) و گۆڕانکاری بەسەردا دەکات و، یارمەتی دەدات بە زوویی لە ناو نەچێت.

چەندین توێژینەوەی تریش هەن کە ئەم ڕاستیانە دەسەلمێنن و، لێرەدا ناتوانرێت ئاماژە بە هەموویان بکرێت.

**دووەم: بیپۆلین (Be-pollen):**



ئەم مادەیە لە ئەنجامی کۆکردنەوەی دەنکە هەڵاڵەکان و ڕژاندنی دوو ئەنزیمی ناوسکیان بەسەریاندا دەبێتە بیپۆلێن، کە لە زانستی پزیشکیدا بە گەنجینەی خۆراك ناودەبرێت.. چەندین توێژینەوەی لەسەرکراوە و، تازەترینیان لە ڕووسیا و پۆڵەندا کراوە لەلایەن چەند پزیشکێکەوە لە کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی سیلزیا، کە زیاتر لە ٢٥٪ بۆ ٤٠٪ ی پرۆتینە و پڕە لە مادەی دژە ئۆکسانەکان.

سودەکانی بیپۆلێن:

١) دژە ئۆکسان: گسکدان و پاککردنەوەی خانەکان لە تەنە بنچینە سەرەتاییەکان (Vit.E.....-Vit.C).

٢) سووری خوێن چالاکتر دەکات: نایەڵێت پەرەی خوێن تۆپەڵ بێت.

٣) دژەهەوکردنە: قەدەغەکردنی ڕێگەی (cox-2) واتە کەمکردنەوەی نایترۆجین (Nitric-oxide) ئەمەش دەبێتە کەمکردنەوەی هەوکردن.. بەمەش خانەکان لە مردن دەپارێزێت.

٤) دژە بەکتریایە: ڕێژەی زۆر فلاڤینۆیت (flavonoid) کە زیندەچالاکی بەکتریاکان دەوەستێنێت و، دەبێتە هۆی چارەسەری چەندین نەخۆشی لەوانە گرانەتا. دکتۆر پاڤۆ ئەپرۆکی ڕووسی لە توێژینەوەکەیدا باسی لە چارەسەری گرانەتا کردوە.

٥) دژە شێرپەنجەیە: ڕێژەی زۆری ئینزامین copese3 زیاد دەکات کە ئەم ئەنزایمە هەندێك چالاکی خانە شێر پەنجەییەکان دەوەستێنێت.

٦) چارەسەری کەمخوێنی: هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد ڕێگری لە تۆپەڵ بوونی پەرەکانی خوێن دەکات، بەڵام خانەی خڕۆکە سورەکان زیاد دەکات.

٧) زیاتر بەهێزکردنی شانەکانی ئێسك و، کەمکردنەوەی ئینزایمی ئێسك شکێنەکان.

٨) بۆ چارەسەری حەساسیەت و ڕەبو بەکار دەهێنرێت.

هەروەها چەندین توێژینەوەی لەسەر کراوە و، لە چەندین دەرمان و چارەسەردا بەکاردەهێنرێت.

**سێیەم: پرۆپۆلیس یان پرۆپۆلین (Propolis):**



١) ئەو مادەدیەیە کە هەنگ دەریدەکات (بە کەتیرە ناسراوە) بۆ دروستکردن و بەیەکەوە نوساندنی شانەکە نەهێشتنی کون و درز لە شانەکاندا بەکاردەهێنرێت، هەروەها بۆ ئەوەی پلەی گەرمای شانەکان ڕێك بخات. مادەی پرۆپۆلین. 50% لە مادەی شلەی دارەکان و، 30% مۆم و، 10% ڕۆنی بۆندار و، 5% بیپۆلین و، 5% لە مادەی دیکە پێکهاتووە. زیاتر لە ٣ جۆری هەیە کە هەریەکەیان لە دارێکەوە سەرچاوەی گرتووە و سودێکی زۆری هەیە لە بواری پزیشکیدا، دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ برینەکان و کلۆر بوونی ددانەکان و نەخۆشیەکانی دڵ و ڕۆماتزم. لەبەرئەوەی دژە بەکتریا و ڤایرۆسیشە، لە ئێستادا هەوڵدەدرێت وەکو دەرمان بۆ نەخۆشی ئایدز (anti HIV) بەکاربهێنرێت. هەروەها دژە ئۆکسانە.. لەبەر ئەوەی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە ناتوانرێت لێرەدا هەمووی ئاماژەی بۆ بکرێت.. پرۆپۆلین مادەی amino acids و کانزاکان و ڤیتامینەکانی (A،B ، E) تێدایە، لەبەرئەوەی سیفەتی وەکو کەتیرە وایە بەرگری لە شانەکان و هەنگەکان لە توشبوون بە نەخۆشیە بەکتریاییەکان دەکات.

١) دژە بەکتریا و دژە کەڕوو: توێژینەوەکان دەریان خستووە پرۆمیلین کاریگەری زۆری هەیە لە گەشە نەکردنی بەکتریا و، هەروەها دژە کەڕووشە، بەتایبەتی کاندیدا candida.

٢) تەندروستی ددانەکان: بەرگری لە گەشەکردنی بەکتریای سەر ددانەکان دەکات و، لەرێی چەند ئەنزایمێکەوە ددان لە کلۆر بوون دەپارێزێت و، هەستیاری ددان کەمدەکاتەوە. لەسەر ٢٦ ئافرەت تاقیکرایەوە، لە ئەنجامدا 85%ی ئازاریان نەما و، بووە هۆی چارەسەرکردنی کلۆری ددانەکانیان.

٣) دژە ڤایرۆسە: لە منداڵاندا بەتایبەتی لە زستاندا تاقیکراوەتەوە چارەسەری نەخۆشی (ئینفلۆنزا) دەکات لە یەکەم ڕۆژدا.. بەکاریان هێناوە (٥) نەخۆش چاکبوونەوە، لە دووەم ڕۆژدا (١٠) نەخۆش چاکبوونەوە. هەروەها دژی ڤایرۆسی برینی ناودەمە herpes simplex)، لە توێژینەوەکاندا سەلمێنراوە زۆربوونی ڤایرۆسەکان کەم دەکاتەوە.

یەکێکی تر لە توێژینەوەکان لە تورکیا کراوە، لە کۆلێژی پزیشکی بەشی چاو، دەرکەوت مادەی پرۆپۆلیس زۆر بەسوودە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی چاو بەتایبەتی ئاوی سپی و برینی هاوێنەی چاو. چەندین سوودی سەرسوڕهێنەری دیکەی هەیە لێرەدا بەمەندە کۆتایی دێنین.

**چوارەم: مێوی هەنگ (مۆم) Bee wax:**



ئەمیش مادەیەکی شلەو لە سکی هەنگەوە لە چوار ڕژێنەوە دەردەچێت، یەکەم جار شلەکە سپیە، بەڵام دوای ئەوەی بەر هەوا دەکەوێت ڕەنگەکەی بۆ قاوەیی نیوە شل دەگۆڕێت. پێکهاتەکەی بریتیە لە:

(%14 Di-ester، %35monoester، %14hydrocarbons.).. چەندین سوودی لە زانستی پزیشکیدا هەیە، لە کۆندا وەك مۆم لە پەرستگاکاندا بۆ ڕووناککردنەوە دانراوە.

ئەم مادەیە بۆ دامەزراندنی شانەکان زۆر گرنگە، بە تایبەتی لە دروستکردنی خانە شەشلاکان (Hexagon) کە لەوپەڕی جوانیدا ڕێکیان دەخات، بەمەش هەنگ بە ئەندازیارێکی تەلارساز و بیناسازی شارەزا دەچێت!! چونکە ئەندازیاری شارەزا بە کەمترین ماوە و تێچوون و لە کەمترین ڕووبەردا مەبەستی خۆی ئەنجامدەدات و، شێوەیەکی جوانیش دەبەخشێت. ئەگەر خانەکان شەشلا دروست نەکرانایە، بۆنموونە پێنجلا یان دەلا بوونایە، دیوارەکانی ئەستوور دەبوون و، بەمەش ماددەی مۆمی زیاتر دەویست و دروستکردنەکەی ماوەی زۆرتریش دەخایاند و ژمارەی خانەکانیش کەمتر دەبونەوە و، ئەو کات دیوارە ئەستوورەکان ئەو جوانیەی ئێستایان نەدەبەخشی. زانا کارل ڤۆن فریش (Karl von frisch) نوسەری کتێبی نەخشەسازیی لە گیانداراندا (animal ar-chitecture) دەڵێت: ئەگەر خانەکانی شانەی هەنگ خڕ یاخود پێنجلا بوونایە، بۆشایی لە نێوانیاندا دروست دەبوو، ئەو کات ناچار دەبوون دیوارێکی جیایان بۆ هەر خانەیەك دروست بکردایە، بەشێوەیەك دەبووە کۆکردنەوەی پاشەڕۆکان. ئێستا زانیمان چەند بە ورد و ڕێکوپێکی دروست کراون!!

لە پێگەی پزیشکی Medscape جیهانی ئەمریکاشدا ئەم سوودانەی مێو خراوەتە ڕوو:

١) بۆ دژە حەساسیەت: مێوەکە ئایۆنی سالب دروستدەکات و، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی حەساسیەت و کۆکە.

٢) بۆ نەخۆشی مایەسیری: زانایان بۆ چارەسەرکردنی مایەسیری و شەقبوونی کۆم بەکاریدێنن، بەتێکەڵکردنی لەگەڵ هەنگوین و ڕۆنی زەیتوون، وەکو مەڵهەمێك دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خوران و خوێنبەربوون لە کۆمەوە بۆ ١٢ کاتژمێر.

٣) زیادکردنی مووی قژ: زیادکردنی قەبارە و ئەستورکردنی قژەکان، نەرمکردنی قژەکان.. ئێستا وەکو چارەسەرێك لە شامپۆکاندا دادەنرێت بۆ چارەسەر کردنی کەچەڵی.

٤) بۆ پێست: چارەسەرکردنی زیپکە و، دژەهەوکردن.. ڤیتامینی Vit A تێدایە کە زیپکەی پێست ناهێڵێت، یارمەتی نەرمکردنی پێست دەدات.

٥) چارەسەرکردنی وشکیی پێست: مۆم و هەنگوین بەکاردێت بۆ چارەسەری خوران و حەساسیەتی پێست، ئەویش بە تێکەڵکردنی هەنگوین و زەیتی زەیتون و مۆم، بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ بدرێت لە پێستەکە.

٦) چارەسەرکردنی کرمی ئەڵقەیی لە پێستدا (ring worm).

٧) یەکێك لە سوودە گەورەکانی مۆمی هەنگ وەکو دەرمان لە نەشتەرگەریەکاندا بۆ چارەسەرکردنی خوێن بەربوونی ئێسك بەکاردەهێنرێت، پێی دەوترێت (bone wax): وەك لە وێنەکەدا دیارە، بەتایبەتتر لە نەشتەرگەری مێشك و دەمارەکان، بۆ گیرساندنەوەی خوێنی ئێسکەکان زۆر گاریگەرە.




پێنجەم: ژەهری هەنگ Bee-venom



لە ئێستادا چارەسەرکردن بە ژەهری هەنگ بەکاردەهێنرێت لە چەندین شوێن لە جیهاندا، کە ئەویش شلەیەکە لە ناو سکیەوە دەردەچێت، بەکاری دەهێنێت بۆ بەرگریکردن لە دوژمنەکەی. لە پێگەی پزیشکی (WebMd) چەندەها سوودی باس کردووە، لەوانە:

١) بەکاردەهێنرێت بۆ هەڵئاوسانی جومگە (osteoarthritis).

٢) کەمکردنەوەی ئازاری دەمارەکان (nerve pain).

٣) چارەسەرکردن و هەوکردنی (ژێیەکان) (tendinitis).

ئەگەر بیست هەنگ لەماوەی (٣) هەفتەدا (٣) جار بە کەسێکەوە بدات، ژەهرەکەی دەبێتە هۆی زیادکردنی سیستەمی بەرگری.

لە کۆتایدا با وردبینەوە لە دەسەڵاتی پەروەردگار کە چۆن ئەم هەموو مادده شیفایانە لە هەنگەوە دەردەچن و، چەندین دەرمان لە هەر یەکەیان دروست دەکرێت، ئایا ئەمە ئیعجازی قورئانی پیرۆز دەرناخەن؟ کە لە دوو ئایەتدا چەندین نهێنی و ئیعجازی هەنگ و شلەکانی دەرخستوە و، مرۆڤایەتی پێشتر پەی پێ نەبردووە. ناونیشانی ئەم کردارانەش کە لە دوو توێی ڕێکوپێکی و دانایی لە سنوور بەدەردا دەردەکەون، بە ئاشکرا بەڵگەن لەسەر بکەرێکی تەواوی پاك لە هەموو ناتەواویەك، چ لە ناونیشان و چ لە ناوەکانیدا، چونکە بە ئاشکرا دیارە کاری ڕێکوپێك و پڕ لە دانایی، هەرگیز بێ بکەر نابێت.. هەموو ئەمانە چەند بەڵگە و شایەتێکن لەم ئارایشت و ڕێکخستن و تەکبیرکاری و نەخشاندنە زۆرانە، لەلایەن پەروەردگارێکی داناوە ئەنجام دەدرێن.

**سەرچاوەکان:**

1. W. Mao, M. A. Schuler, M. R. Berenbaum. A dietary phytochemical alters caste-associated gene expression in honey bees. Science Advances, 2015; 1 (7): e1500795 DOI: 10.1126/sciadv.1500795

2. Judy Christensen, “Bee Pollen, Nature’s most perfect food,” Preparedness Journal, January/February 1994, p.15.

3. Nagai, T. R., Inoue, R., Suzuki N., Nagashima, T., Antioxidant properties of enzymatic hydrolysates from royal jelly, J. Med. Food, 2006, 9, 363–367

4. Nomura, M., Maruo, N., Zamami, Y., Takatori, S., Doi, S., Kawasaki, H., Effect of long-term treatment with royal jelly on insulin resistance in Otsuka Long- Evans Tokushima Fatty (OLETF) rats, Yuakugaku Zasshi, 2007, 127(11), 1877-1882

Mello, B.C.B.S.; Hubinger, M.D. Antioxidant activity and polyphenol contents in Brazilian green

5.propolis extracts prepared with the use of ethanol and water as solvents in different pH values. Int. J. Food Sci. Technol. 2012, 47, 2510–2518.

6. Grajek, W. Antioxidants in Food, 1st ed.; WNT: Warsaw, Poland, 2007; pp. 258–259.

7. Tam Mossman ,miracle of honey bee , ,2007

8. Mark L.Winston ,biology of honeybee . 1991

9. WebMd.com ..... 10. medscape .com

11. Karl von Frisch, Animal Architecture, p.86



# کاریگەری خواردنی خورما لە کۆتاییەکانی ماوەی سکپڕی لەسەر ژان و منداڵبوون

و: ئاراس عمر ئیسماعیل - مەسرور سلێمان عزیز - ڕۆشنا حەمە.

لە نێوان 1ی گوڵانی 2007 تا 31ی خاکەلێوی 2008 لە زانکۆی زانست و تەکنەلۆژیای ئەردەنی، توێژینەوەیەکی پێشینەیی ئەنجامدرا لەسەر 69 ئافرەت کە هەریەکەیان ڕۆژانە 6 دەنکە خورمای* دەخوارد بۆماوەی 4 هەفتە پێش ڕۆژی خەمڵێنراوی منداڵ بوون، بە بەراورد بە 45 ئافرەتی تر کە هیچ دەنکە خورمایەکیان نەدەخوارد. هیچ جیاوازییەکی بەرچاو بەدی نەکرا لە نێوان دوو گروپەکەدا لە ڕووی تەمەنی سکەکەیان. ئەو ئافرەتانەی کە خورماکەیان خوارد بوو ڕێژەی فراوان بوونی ملی منداڵدانیان زۆر زیاتر بوو بە بەراورد بەوانەی کە نەیانخوارد بوو (3.52سم × 2.02 سم) و، بڕێکی زیاتر لە پەردە یان توێژەکانیان بە ساغی مابۆوە ( 83% × 60%)، ڕێژەی ڕوودانی لەخۆوەی ژان بریتی بوو لە 96%ی ئەوانەی خورمایان خوارد بوو، بەڵام لەوانەی کە خورمایان نەخوارد بوو 79% بوو، ڕێژەی بەکارهێنانی دەرمانی پرۆستین/ ئۆکسیتۆسین زۆر کەم بوو لەوانەی کە خورمایان خوارد بوو (28%)، بە بەراورد بەوانەی کە خورمایان نەخوارد بوو (47%)، دەرکەوت کە خواردنی خورما لە کۆتا 4 هەفتەی سکپڕیدا بەشێوەیەکی باش ژانی ئافرەت کەمدەکاتەوە و، ئەنجامێکی دڵخۆشکەری هەبوو لە ڕووی ئەنجامی منداڵ بوونەکەوە.

مەبەست لەم توێژینەوەیە بریتی بووە لە لێکۆڵینەوە لە پێوەرەکانی منداڵ بوون لە دوو گروپ لە ئافرەتان، لەسەر بنچینەی خواردن یان نەخواردنی خورما پێش دەستپێکردنی ژانی منداڵ بوون.

هەروەها 114 ئافرەت تاقیکردنەوەیان لەسەر ئەنجامدرا. گروپی خواردنی خورما 69 ئافرەت بوون و، گروپی ئەوانەی خورمایان نەخوارد 45 ئافرەت بوون، فراوانبوونی ملی منداڵدان لەکاتی داخڵکردنیان لە نەخۆشخانەدا، جیاوازییەکی بەرچاو بینرا بەراددەیەك کە لە ئەوانەی خورمایان خوارد بوو، تێکڕای فراوانبوونی ملی منداڵدان 3.52 بوو بە بەراورد بەوانەی کە خورمایان نەخوارد بوو، کە تێکڕاکە 2.02 سم بوو.

بۆ زانینی تەواوی توێژینەوەکە دەتوانن سەردانی ئەم گۆڤارە زانستییە بکەن Journal of Obestic & Gynaecology

ئەمەش لینکی توێژینەوەکەیە:

http://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/21280989

**هەیف:** ئەم توێژینەوەیە ئیعجازی زانستی ئەم ئایەتە پیرۆزەمان بۆ دەردەخات، کە لەگەڵ خاتوو مەریەم (سەلامی خودای لێبێت) دەدوێت و دەفەرموێت: ﴿وَهُزِّىٓ إِلَيْكِ بِجِذْعِ ٱلنَّخْلَةِ تُسَٰقِطْ عَلَيْكِ رُطَبًا جَنِيًّا ٢٥﴾ مریم. واتە: ئەو دار خورمایەش کەمێك ڕابوەشێنە خورمای گەییوت بەسەردا دەبارێنێت). (تا ببێتە ئاسانکاری کرداری لە دایکبوونی عیسا پێغەمبەر -سەلامی خودای لێبێت-، ئەمە پێش ئەوەی بە چەندین سەدە مرۆڤ بە زانست ئەو ڕاستییە بدۆزێتەوە.

---

* خورما (ناوە لاتینییەکەی بریتییە لە Phoenix dactylifera).

# خواردن و خواردنەوە حەرامکراوەکان



و: بەرزان ئەبوبەکر
barzanalany@yahoo.com

گرنگی ئەم تەوەرەیە ئاشنابوونە بە حەرامکراوە ماددی و مەعنەوییەکان لە ئاینی ئیسلامدا، چونکە سەرجەمی ئەم حەرامکراوانە، لە پێناوی بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵگە و، پاراستنی مرۆڤە لە زۆرێك لە نەخۆشی و پەتا و درمەکان.

ئامانجمان ئەوەیە کە خوێنەری بەڕێز، دوای خوێندنەوەی ئەم بابەتە، بگەنە ئەو قەناعەتەی کە حەرامکردنی هەندێك خواردن و خواردنەوە لە ئیسلامدا لێوان لێوە لەگەڵ ئیعجازی زانستی... هاوکات لەبەر بەرژەوەندی و پاراستنی تەندروستی مرۆڤە، نەك کۆت و پێوەندکردنی مرۆڤ.

**سەرەتا دەپرسین: بۆچی ئەم خواردنانە حەرامکراون؟**

گەر لە وەڵامدا بڵێین: لەبەرئەوەی ئەم خواردنانە پیس و قێزەونن و، زیان بە تەندروستی مرۆڤ دەگەیەنن، ئەوا ڕەنگە کەسانێك بپرسن، ئەگەر پیس و قێزەونن و، زیانیان بۆ تەندروستی مرۆڤ هەیە، بۆچی خودای گەورە دروستی کردوون؟

خواردنە حەرامکراوەکان دوو ڕەهەندی هەیە، ڕەهەندێکی ئاینیی، ڕەهەندێکی جەستەیی:

**خاڵی یەکەم: زیانی حەرامکراوەکان لە ڕووە ئاینیەکەوە:**

١- خواردنی حەرام، بووە هۆی دەرکردنی ئادەم و حەوا لە بەهەشت.

٢- خواردنی حەرام پەیوەستە بە گیرابوونی نزا و، چوونە ناو دۆزەخ: هەر کەس یەك پارووی حەرام بخوات، مەنعی ٤٠ ڕۆژ دوعای لێ دەکرێت، واتە خودا بە هۆی ئەو پارووە حەرامەوە چل دانە ڕۆژ نزاکانی گیرا ناکات.

٣- خواردنی پاك و حەڵاڵ پەیوەندی بە بەرەکەتەوە هەیە، ئەو شتەی ئەمڕۆ هەمووان گازندەی لە دەست دەکەین. هەمووان دەڵێین: پارە و موچەکەمان بەشمان ناکات، بەرەکەتی نەماوە، مووچەکەم ناگاتە نیوەی مانگ تەواو دەبێت.

لەبەرئەوە پێشینی پێش ئێمە زۆر خۆیان لە حەرام پاراستووە.

**خاڵی دووەم: زیانەکانی خواردنە حەرامکراوەکان لە ڕووی جەستەییەوە:**

زانستی پزیشکیی ئەو زیانانەی سەلماندووە کە لە ڕێگەی خواردنە حەرامکراوەکانەوە دووچاری مرۆڤ دەبن. خواردنە حەرامکراوەکان مەڵبەند و کۆگای سەرەکی میکرۆب و زیندەوەرە وردە زیانبەخشەکانن، کە لە ڕێگەی خواردنی گۆشتی ئەو ئاژەڵانەوە، کە هەڵگری میکرۆبن، یان تووشبوون بەو میکرۆبە، دەگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤ. یاخود لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە.

لەبەرئەوەیە کە ئیسلام خواردنی گۆشتی ئەو ئاژەڵانەی حەرامکردووە:

﴿ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَ ﴾ (١٥٧) الأعراف.

هەموو شتێکی پاك و خاوێنیان بۆ حەڵاڵ دەکات، هەموو شتێکی پیس و زیانبەخشیان لێ یاساغ و حەرام دەکات. کەواتە لەم ئایەتەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە خودای گەورە هەرچی خواردنێك پاکە و بێ زیانە بۆی حەڵاڵ کردووین، هەرچی خواردنێکیش پیسە و زیانبەخشە، لەسەرمانی حەرام کردووە، ئەوەش واتە سەد لە سەد لە بەرژەوەندی مرۆڤەکان حەرامکراون!

خواردنی گۆشتی ئاژەڵی مردارەوە بوو، گۆشتی بەراز و دڕندە و باڵندەی چڕنوکدار و خوێنی ڕژاو حەرامە. هەروەها هەموو ئەو ئاژەڵ و باڵندانەی پاشەڕۆ و پیسی دەخۆن. هەروەها بەخێوکردنی سەگ و مامەڵەکردنی، تەنها بۆ کاتی پێویست نەبێت.

زانستی نوێ ئەوەی سەلماندوە کە ئەم جۆرە ئاژەڵانە و گۆشتەکانیان لە شێوەی کانگایەکی ترسناك دان، کە زۆرێك زیندەوەری کوشندەی تیادا کۆدەبێتەوە.

گۆشتی مردارەوەبوو، خوێنی ڕژاو (هەر خوێنێك لە هەر ئەندامێکی ئاژەڵ بێتە دەرەوە)، ئەمانە یەکەمین پیسەکانن کە خوای گەورە حەرامی کردووە، هەروەك دەفەرموێت: ﴿ حُرِّمَتۡ عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَيۡتَةُ وَٱلدَّمُ وَلَحۡمُ ﴾ (٣) المائدة.

**لێرەدا باس لە جۆرەکانی خواردنە حەرامکراوەکان دەکەین:**

### ١- زیانەکانی خواردنی ئاژەڵی مردارەوەبووو:



زانست زیانەکانی خواردنی مردارەوەبووی سەلماندووە، هەروەها مەترسی بۆ سەر ژیانی مرۆڤ دەرخستووە، چونکە فەتیسبوون و وەستانی خوێنی ناو بۆڕیەکانی خوێن لە شانەی مردارەوەبووکە، کارئاسانی دەکەن بۆ ئەو میکرۆبانەی وەکو مشەخۆر دەژین لەسەر دەرچەی سروشتی و ڕیخۆڵەکان و پێستی ئاژەڵەکان، کە زۆر بەخێرایی لە ڕێگەی پرۆتینی شلی ناو ملوولەکان بە ناوەڕاستی گۆشتی ئاژەڵەکەدا بڵاودەبێتەوە، زۆردەبن و دەبنە هۆی دروستبوونی پێکهاتەی بۆن ناخۆشی ژەهراوی کاریگەر، لەوانەیە ئاژەڵەکە مرداربێتەوە بەهۆی نەخۆشییەکی دیاریکراوەوە، ئەوکات میکرۆبەکانی ئەو نەخۆشییە دەگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤ و لەوانەیە ببێتە هۆی عەزێتدانی یان لەناوچوونی، وەك لە نەخۆشی سیل و کوانە پیسە و گرانەتا و هاریی.

خودای گەورە خواردنی هەموو مردارەوەبوویەکی حەرام کردووە، جگە لە گیاندارەکانی ناو ئاو و، کوللە. ئەگەرچی مرداربوونەوەکە بەهۆی پیاکیشانەوە، یاخود بەربوونەوە لە شوێنێکی بەرزەوە، یاخود بەهۆی خنکانەوە بێت، یان ئاژەڵێکی دیکە بە شاخ لێی بدات و بیکوژێت، یا هەر شتێك ببێتە هۆی مرداربوونەوەی ئاژەڵەکە. یان بەهۆی ئەوەی ئاژەڵێکی دڕندە بیخنکێنێت. یاخود بەهۆی کوترانەوە بێت، کوترانیش دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی خوێن لە ژێر پێست و ناو گۆشت و شانەکانی لەشی ئەو شوێنانەی کە کوتراون، یان لەوانەیە بەهۆی بریندرابوون و ڕوشانەوە میکرۆبەکانی هەوا بە ئاسانی دەچنە ناوەوەی جەستە و خانەکانی، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی بە خێرایی لاشەکەی شیبێتەوە و تێکبچێت و خراپ ببێت..

لەبەرئەوەی هەر یەك لەم جۆرانە خوێنەکەی لە جەستەی ئاژەڵە مرداربووەکەدا دەمەێت و حەپس دەبێت و ڕێگەی هاتنە دەرەوەی نابێت، لەبەرئەو هۆکارانەی باسکران خنکان دەبێتە هۆی ئەوەی بە خێرایی جەستەی ئاژەڵەکە بۆگەن بکات، هەروەها کەڵبەی ئاژەڵە دڕندەکانیش کە لە نێوان کەڵبەکانیاندا هەڵگری میکرۆب و زیندەوەری وردی زیانبەخشن، هەمان کاریگەری لەسەر گۆشت و خانەی ئاژەڵەکان دروست دەکات، ئەوەش دەبێتە هۆی زیانێکی گەورە بە مرۆڤ، کاتێك گۆشتی ئەو جۆرە ئاژەڵانە بخوات.

### ٢- زیانەکانی خواردنی خوێنی ڕژاو:



لە جاهیلیەتدا خوێنی ڕژاوی ئاژەڵەکان، هاوشێوەی فرۆ، یاخود شیری ئاژەڵ دەکوڵێنرا و دەیانخواردەوە، و بە خواردنەوەیەکی خۆش و بەتامیان دادەنا. ئاینی ئیسلام ئەم خواردنەوەیەی حەرام کرد، لەبەرئەوەی خوێن بە سەرچاوە و مەڵبەندی گەشەکردنی میکرۆب و بڵاوبوونەوەی بەکتریای زیانبەخش دادەنرێت، چونکە کاتێك خوێن لە هەر ئەندامێکی ئاژەڵەوە دێتە دەرەوە، چ بەهۆی سەربڕینەوە بێت، یان بەهۆی دەماربڕینەوە بێت، خوێن لە بۆڕیەکانی خوێن جیادەبێتەوە، خڕۆکە سپییەکان توانای هەڵلووشینی بەکتریای نامێنێت و، خانەکانی بەرگری دەمرن و، میکرۆبە زیانبەخشەکان بە خێرایی ژمارەیان زیاد دەکات.. سەرەنجام دەبێتە هۆی دەردانی ژەهری کوشندە، کە بە کوڵاندنیش لەناوناچێت.

### ٣- زیانەکانی گۆشتی بەراز:



قورئانی پیرۆز زۆر بە جوانی و بە وردی وەسفی بەرازی کردووە: (أو لحم خنزير فإنه رجس). واتە: یان گۆشتی بەراز، کە بێگومان بەراز هەموو گیانی پیس و قێزەونە.

(رجس) بە مانای پیسی و چەپەڵی و قێزەونی دێت.

### چەند زانیارییەك لەسەر بەراز:

أ- بەراز پاشەڕۆی خۆی و مرۆڤ و گیاندارەکانی دیکەش دەخوات. خۆشترین پاشەڕۆش لای بەراز پاشەڕۆی مرۆڤە.

ب- بەراز هەم گۆشت خۆرە، هەم گیاخۆرە.

ج- بەراز گۆشتێکی ناسکی هەیە بەرگەی پلەی کوڵان ناگرێت. لەبەرئەوە میکرۆب و بەکتریا زیانبەخشەکانی ناو گۆشتی بەراز، بەو ڕێژە پلە کوڵانە لەناو ناچن.

د- مێیەی بەراز (٣-١٢) بەچکەی دەبێت، توانای هەیە لە ساڵێکدا ٣ جار زاوزێ بکات، بەم پێوەرەش، یەك مێیەی بەراز لە ساڵێکدا توانای بەرهەمهێنانی (١٥-٣٠) بەچکەی هەیە.

ە- بەراز لە کاتی لە دایکبوونیدا تەنها دوو کیلۆگرامە، بەڵام لە ماوەی شەش مانگدا کێشی ٥٦ هێندەی لێ دێت، واتە دەبێتە ١١٢ کیلۆگرام، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دەردانی ڕێژەی زۆری هۆرمۆنی گەشەکردن لە بەرازدا.

پیسی و چەپەڵییەکان هۆکاری سەرەکین بۆ تووشبوونی مرۆڤ بە جۆرەها نەخۆشی جیاواز، بەهۆی ئەو میکرۆب و مشەخۆرانەوە کە لەناویاندایە، بەرازیش زۆرێك لە زیندەوەرە وردە زیانبەخشەکان دەگوێزێتەوە بۆ مرۆڤ، بەراز تووشی زۆرێك نەخۆشی و درم دەبێت، بە نزیکەیی (٤٥٠). لەم ژمارەیە لانی کەم (٧٥) جۆریان دەگوێزێتەوە بۆ مرۆڤ. ئەوە جگە لەو نەخۆشییانەی کە مرۆڤ بەهۆی خواردنی گۆشتەکەیەوە تووشی دەبێت، لەوانە (ڕیشاڵبوونی جگەر - خراپ هەرسکردن - هەستیاریی خۆراکیی - ڕەق بوونی خوێنبەرەکان - هەڵوەرینی قژ - لاواز بوونی زاکیرە - نەزۆکی - چالاککردنی نەخۆشییەکانی ڕەبو و ڕۆماتیزمە و زۆر بوونی کیسی چەوری، جگە لە شوێنەواری خراپ لەسەر داوێن پاکی و ئیرەیی دروست دەکات لە پێکهاتەی دەروونیدا، ئەو کەسانەی گۆشتی بەراز دەخۆن کەم ئیرە و کەم غیرەت دەبن و، شتێك نابێت لەلایان ناوی داوێن پاکی و ڕەوشت بەرزی بێت). هەروەها بەراز بە تەنها (٢٧) جۆر نەخۆشی دەگوێزێتەوە بۆ مرۆڤ و، لە گواستنەوەی نەخۆشییەکانی تریشدا ئاژەڵەکانی تر بەشدارن لەگەڵیدا، لەوانیشدا بەراز ڕۆڵی کۆگا و سەرچاوەی سەرەکی ئەو نەخۆشیانەیە، یان ڕاستەوخۆ خۆی دەیگوێزێتەوە، یان دەیگوێزێتەوە بۆ ئاژەڵەکانی تر و، لەوانەشەوە بۆ مرۆڤ.

بەراز (١٦) جۆر نەخۆشی دەگوێزێتەوە بۆ مرۆڤ، تەنها لە ڕێگەی خواردنی گۆشتەکەی، یان بەرهەمەکانییەوە، لە گرنگترین ئەو نەخۆشیانە: کیسی ئاویی، تای ماڵتا، کرمی جگەر، نەخۆشی وایل، مشەخۆری تورەکەیی، هەوکردنی پەردەی مێشك و وێلاش، کرمی لولەیی، کرمە پانکەی تەنیا، مشەخۆری گوازراوەی کەوانەیی، کرمی لولپێچی بەراز، کرمی شێوە قامچی، کەڕووی

سپی، هەوکردنی ڕیخۆڵە بە میکرۆبی سالمونیلا و شایگێلا و چەندین میکرۆبی دیکە.

هەروەها لە ڕێگەی تێکەڵاوبوون و بەخێوکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ بەرهەمەکان و پاشەڕۆکانی بەرازدا، زیاد لە (٣٢) جۆر نەخۆشی بۆ مرۆڤ دەگوێزێتەوە. لەوانە: کوانە پیسە، هاریی درۆزنە، دیزانتری بالانتیدیا، نەخۆشی شێت بوونی مانگا، بای ماشەرە، ژەهراوی بوونی خوێن، ئەنفلۆنزای بەراز، تای بەرازی یابانی، کرمی سپی بەراز، گەریی قوول، هاریی، کەمخەوی، کرمی ژیشکی و، چەندانی دیکە.

زۆرترین کەسیش کە ئەگەری تووش بوونی بەم نەخۆشیانە هەیە ئەو کرێکارانەی تەویلەی بەراز پاک دەکەنەوە و، پزیشکانی ڤێتێرنەرین. هەروەها نزیکەی (٢٨) نەخۆشی دیکە دەگوێزێتەوە بۆ مرۆڤ، لە ڕێگەی پیس بوونی خواردن و خواردنەوە بە پاشەڕۆی بەراز.

### ٤- زیانەکانی خواردنی (الجلالة) واتە ئەو ئاژەڵانەی پیسی و پاشەڕۆ دەخۆن:



پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە لە خواردنی گۆشت و شیر و بەرهەمی ئەو ئاژەڵەی پیسی و پاشەڕۆ دەخوات. هەروەکو ڕیوایەت کراوە: (نهى رسول الله عن الجلالة وشرب ألبانها وأكلها وركوبها).

جلالة: هەموو ئەو ئاژەڵانە دەگرێتەوە کە پیسی دەخۆن، بەتایبەتی پاشەڕۆ کە ژینگەیەکی بەپێزە بۆ زیادبوونی کرمەکان و مشەخۆر و میکرۆبی زیانبەخش، کە تەنها لە یەك گرامدا زیاد لە سەد بلیۆن میکرۆبی تێدایە، هەروەها لەبەرئەوەی پیسی دەبێتە کۆگا و سەرچاوەی سەرەکی پڕ مەترسی. توێژینەوە زانستییەکان سەلماندوویانە کە پیسی و پاشەڕۆ ڕێژەیەکی یەکجار زۆری لە ژەهری جۆراوجۆر و پڕ مەترسی تێدایە، بۆ سەر ژیان و تەندروستی مرۆڤ. ئەگەر باڵندەیەك، یان ئاژەڵێك ئەو پیسییە بخوات، ئەوا میکرۆب و ژەهری ناو ئەو پیسییە بە ناو خوێن و گۆشتەکەیدا بڵاودەبێتەوە، ئەو ژەهرەش دەنیشێتە ناو شانەکانییەوە، کاتێك مرۆڤ گۆشت، یان شیری ئەو ئاژەڵە دەخوات، دووچاری چەندەها دەرد و نەخۆشی دەبێت.

لەبەرئەوە لە ئیسلامدا، ئەگەر حوشتر و مانگا پیسیان خوارد دەبێت، ماوەی چل ڕۆژ نە گۆشتەکەی نە شیرەکەی نەخورێت.. مەڕ و بزن دوای حەوت ڕۆژ.. مریشك تەنها سێ ڕۆژ. ئەمەش بۆ ئەوەیە لەو پیسی و میکرۆبە زیانبەخشانە پاك ببێتەوە و، نەبێتە هۆکاری تووش بوونی مرۆڤ بە جۆرەها نەخۆشی.

### ٥- زیانەکانی تێکەڵاویی سەگ:



پێغەمبەر ﷺ بە توندی بەرگری کردووە لە تێکەڵاو بوون لەگەڵ سەگدا. سەگ بە ئاژەڵێکی درندە و هەم ماڵیش دادەنرێت، کە زۆرێك مشەخۆر و میکرۆبی زیانبەخشی وردی لە خۆ گرتووە، کە دەبنە هۆی ئەوەی مرۆڤ تووشی جۆرەها نەخۆشی بکات، لەوانە:

أ- زۆرێك لە نەخۆشییە مشەخۆرییەکان مەترسیدارن، وەکو نەخۆشی ئاوە پۆڕگ کە بەهۆی کرمی شریتی (ئەکینۆکۆکەس گرانیولوسەس)ەوە دروست دەبێت، کە لە هەموو ئەو ناوچانە هەیە کە سەگی تێدا دەژی لە نزیك ئاژەڵە ماڵیەکانەوە.

ب- ڕیخۆڵەکانی سەگ ژمارەیەکی زۆری لە کرمی شریتی تێدایە، کە دەگوێزرێنەوە بۆ مرۆڤ، لە ڕێگەی قوتدانی ئەو هێلکەیەی کە لە خواردن و ئاوی پیسبوو بە پاشەڕۆی سەگدا هەیە.

ج- نەخۆشی هاریی و هەندێ جۆری نەخۆشی لیشیمانیا.

د- نەخۆشی کیسی ئاویی: هۆکاری سەرەکی توشبوونی مرۆڤ بەم جۆرە نەخۆشییە، سەگ و ئەو ئاژەڵە ماڵیانەن کە لاشەی مردارەوەبووو دەخۆن، لەبەرئەوەی سەگ کۆمی بە زمانی پاك دەکاتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی گواستنەوەی هێلکۆکەی کرمە شریتییەکان کە لە ڕیخۆڵەیدا دەژی و، دەگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤ لە ڕێگەی خواردن و ئاوی پیسەوە. سەرەنجام دەبێتە هۆی تووش بوونی مرۆڤ بە کیسی ئاویی.

لێرەوە هەست دەکەین بە نهێنی ئەو کارەی کە پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە لە ڕاگرتنی سەگ تەنها بۆ پێویستی نەبێت، هەروەکو دەفەرموێت: (من اتخذ كلبا الا كلب ماشية او صيد او زرع انتقص من اجره كل يوم قيراط) —مسلم-

هەروەها لێرەوە نهێنی ئەم فەرموودەیە دەزانین کە دەفەرموێت: (طهور اناء احدكم اذا ولغ فيه كلب ان يغسله سبع مرات اولاهن بالتراب). -مسلم-

### ٦- نەهیکردن لە خواردنی ئاژەڵی دڕندە و باڵندەی گۆشتخۆر:



پێغەمبەر ﷺ خواردنی هەندێك لە ئاژەڵی حەرامکردووە، لەبەر مەترسیی مرۆڤ بە زەرەر و زیانەکانی، لەبەرئەوەیە هەموو ئاژەڵی دڕندە و باڵندەی گۆشتخۆری حەرام کردووە.

ئیبن عەبباس دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە لە هەموو دڕندەیەکی کەڵبەدار و باڵندەیەکی گۆشتخۆری دەنوك لار.. یان قولاپدار. (نهى رسول الله ﷺ عن كل ذي ناب من السباع وكل ذي مخلب من الطير). رواه مسلم.

وروى مسلم: عن أبي هريره: قال رسول الله ﷺ كل ذي ناب من السباع فأكله حرام.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردووە بە کوشتنی ئەو ئاژەڵ و باڵندانەی زیانیان هەیە بۆ سەر تەندرروستی مرۆڤ، وەکو مشك و، سورە داڵ و، سەگی هار و، مار.

مشەخۆری هیرسوتیزم ناتیفا (Hirsutism Nativa) لە نێوان ورچ و ڕێوی جەمسەرە ساردەکاندا بڵاودەبێتەوە. مرۆڤ ڕاستەوخۆ تووشی ئەو نەخۆشییە دەبێت، کاتێك گۆشتەکانیان دەخوات، یان گۆشتی ئەو ئاژەڵانەی کە هەڵگری ئەو مشەخۆرەن وەکو پشیلە.

هەروەها مشەخۆری ترایچینێلا نلسونی (Trichinella nelsoni) لە کەمتیار و چەقەڵ و پڵنگ و شێر و، چەندین ئاژەڵی دیکەی دڕندە بڵاودەبێتەوە. زۆرێك لە توشبووەکان بەم نەخۆشیانە دەکەونە وڵاتانی ئەفریقا بەهۆی خواردنی بەرازی ماڵیی و کێوی، کە هەڵگری ئەو مشەخۆرەن، چونکە بەراز لەسەر لاکەی ئەو ئاژەڵە مردارەوەبووانە دەژی.

هەروەها ئەو مشەخۆری ترایچینێلا سیدۆسپیرالیس(Trichinella pseudospiralis) کە لە باڵندە چرنوکدارەکاندا بڵاوە، وەك هەڵۆ و باز و عقبان و چەندانی دیکە، مرۆڤ تووشی ئەو درمە دەبێت، کاتێك گۆشتی ئەو جۆرە باڵندانە دەخوات.

سەرچاوە: پەرتوکی (الإعجاز العلمي في القرآن والسنة - منهج التدريس الجامعي)، ن: أ. د. عبدالله بن عبدالعزيز المصلح، د. عبدالجواد الصاوي. بە بەشداری یانزە توێژەری تری بەناوبانگی ئیعجازی زانستی.

# زەیتی زەیتون و زانستێکی نوێ

و/ پشتیوان جمال

دۆزینەوەیەکی زانستی گرنگ و نوێ کە پێش چەند ساڵێك لەمەوبەر لەلایەن زاناکانەوە ئاشکرا بووە، ئەویش ئەوەیە کە تێبینی ئەوەیان کرد کە لاشەی مرۆڤ چەند شەپۆلێکی کارەبایی دەردەکات. دوای گەڕان و بەردەوام بوون گەشتنە ئەنجامی ئەوەی کە هەموو تەنەکانی دەوروبەرمان شەپۆلی کارەبایی دەردەکەن بە شێوەی لەرە لەر. مەبەست لە شەپۆلەکان یان لەرەکان لەناو تەنەکاندا بە شێوەیەکی دیاری کراوە. هەموو یەکێك لە ئێمە چاك دەزانین کە تەنەکانی دەوروبەرمان لە گەردیلە درووست بوون. ئەو گەردیلانەش هەمیشە جوڵەیین و لە ئەنجامی جوڵەکانیان بوارێکی کارۆ موگناتیسی درووست دەکەن. ئەمەش ئەو بوارە زانستییە نوێیە یە کە زاناکان دۆزیویانەتەوە و، ئێمەش باسی لێدەکەین.

لە تاقیکردنەوەیەکدا دکتۆر (Royal. R. Rife) بۆی دەرکەوت کە هەموو خواردەمەنیەکان خاوەنی لەرەیەکی موگناتیسین، کە دەتوانرێت هەژمار بکرێت. بەڵام ڕۆنی زەیت لەچاو ڕووەکەکانی تر و، تەنانەت مرۆڤیشدا، خاوەنی بەرزترین لەرەی موگناتیسییە. چونکە دەرکەوتووە لەرە موگناتیسیەکانی جەستەی مرۆڤ دەگاتە کەمتر لە (60) لەرە لە چرکەیەکدا و، لەرەی گژوگیا وشکەکانیش دەگاتە (20) لەرە لە چرکەیەکدا و، هەندێك خۆراك و گژوگیاش هەیە هیچ لەرەیەکیان نییە.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانی دکتۆر (Royal) ئەوە بوو کە بۆی دەرکەوت بەرزترین لەرە لە ڕۆنی زەیتی زەیتووندایە!! کە لەرە کانی لە چرکەیەکدا دەگاتە (320) لەرە و، لەرەکانیش لە شێوەی لەرەی ئەو ڕوناکییە دەچێت کە ڕۆژانە دەیانبینین، بەڵام چاوی ئێمە ناتوانێت هەست بە شەپۆلی ئەو ڕوناکییانە بکات و نایانبینین، چونکە مرۆڤ تا سنورێکی دیاریکراو توانای بیستن و بینینی هەیە. لەرە بەرزەکان، یان زۆر نزمەکان، تەنها بە ئامێر دەتوانرێت هەژمار بکرێت، چونکە بە چاو نابینرێن.



**هەیف:** ئەوەی جێگەی باسی ئێمەیە ئەوەیە کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە سورەتی (النور)دا ئایەتی (35) دەفەرموێت: ﴿ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ مَثَلُ نُورِهِۦ كَمِشۡكَوٰةٖ فِيهَا مِصۡبَاحٌۖ ٱلۡمِصۡبَاحُ فِي زُجَاجَةٍۖ ٱلزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوۡكَبٞ دُرِّيّٞ يُوقَدُ مِن شَجَرَةٖ مُّبَٰرَكَةٖ زَيۡتُونَةٖ لَّا شَرۡقِيَّةٖ وَلَا غَرۡبِيَّةٖ يَكَادُ زَيۡتُهَا يُضِيٓءُ وَلَوۡ لَمۡ تَمۡسَسۡهُ نَارٞۚ نُّورٌ عَلَىٰ نُورٖ﴾.

واتە: خوا نووری ئاسمانەکان و زەویە (نوور و ڕووناکی بەخشە پێیان)، نموونەی نوور و ڕووناکیەکەی وەك تاقێك وایە چرایەکی تێدا بێت، چراکەش لەناو شووشەیەکدا بێت شووشەکەش وەك هەسارەیەکی گەش و پرشنگدار وابێت و داگیرسابێت بە ڕۆنی درەختی موبارەك و بەفەڕی زەیتوون، ڕووی نە لە ڕۆژ هەڵات و نە لە ڕۆژ ئاوا بێت (لە شوێنێکدا بێت بەیانی و ئێوارە خۆر لێ بدات)، ڕۆنەکەشی خەریکە خۆی دابگیرسێت و ڕووناکی بداتەوە، ئەگەر ئاگریش لێی نەدات، ئەو هیدایەت و ڕێنموویی یە کە قورئانە، ڕووناکی یە لەسەر ڕووناکی..)

لەم ئایەتەدا قورئانی پیرۆز پێش چەندەها ساڵ لەمەوبەر ئاماژەی بە ئەم هەواڵە کردووە کە هەموو تەنەکان لەرەی موگناتیسیان هەیە، بەتایبەت ڕووەکەکان و لەناو ڕووەکەکانیش بەتایبەت تر (زەیتی زەیتوون).

**سەرچاوەکان:**

1- Robert O. Becker, The Body Electric.
2- The Frequency of the Human Body

# قووڵایی زەریا و دەریاکان

ئامادەکردنی: خالد بەرزنجی
khalidbarznjy@gmail.com

سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان سەڵات و سەلام لەسەر گەورە و پێغەمبەرمان موحەممەد ﷺ تا ڕۆژی دوایی...

بێگومان قورئان موعجیزەیەکە تا ڕۆژی دوایی هەمیشە تازەدەبێتەوە و، خەڵکی لەگەڵ جیاوازبوونی ڕۆشنبیرییان و جیاوازی سەردەمەکانیان لێی تێ دەگەن، دەشتەکیەکی بیابان بەشی خۆی تێدا دەبینێت، مامۆستایەکی زانکۆش بەشی خۆی تێدا دەبینێت.

شێخ عەبدولمەجید زیندانی دەڵێت: پرۆفسیۆر (درجا برسادراو) پرۆفیسۆری جیۆلۆجیای دەریاکانە، مامۆستای (زانکۆی مەلیک عەبدول عەزیز) بوو لە (جیدە)، پێی گەیشتین و چەند ئایەتێکمان پەیوەست بە ئیعجازی زانستی قورئان و سوننەت، پیشاندا.

سەری سوڕما لەوەی بیستی و لەوەی بینی، واتای ئایەتە قورئانیەکانی لە هەندێ پەڕتوکی تایبەتمەند بەو باسە دەخوێندەوە، کاتێک گەیشت بەڕاڤەی ئەو ئایەتەی دەفەرموێت: ﴿أَوۡ كَظُلُمَٰتٖ فِي بَحۡرٖ لُّجِّيّٖ يَغۡشَىٰهُ مَوۡجٞ مِّن فَوۡقِهِۦ مَوۡجٞ مِّن فَوۡقِهِۦ سَحَابٞۚ ظُلُمَٰتُۢ بَعۡضُهَا فَوۡقَ بَعۡضٍ إِذَآ أَخۡرَجَ يَدَهُۥ لَمۡ يَكَدۡ يَرَىٰهَاۗ وَمَن لَّمۡ يَجۡعَلِ ٱللَّهُ لَهُۥ نُورٗا فَمَا لَهُۥ مِن نُّورٍ ٤٠﴾ النور، واتە: تاریکییەکانی سەر دڵی بێ باوەڕان وەک تاریکییەکانی ناو دەریایەکی قووڵ وایە، کە شەپۆل دایپۆشیوە و لەسەروویەوە شەپۆلی تر هەیە و لەسەروو ئەویشەوە هەور هەیە، تاریکییەکان هەندێکی لەسەر هەندێکیەتی، ئەگەر دەستی دەربێنێت لەوانەیە نەیبینێت، جا هەر کەس نوری ئیمانی پێ نەبەخشیبێ ئەوەی ڕووناکی بێت نیەتی.

وتی: بەڵێ زاناکان لە دوای ئەوەی ژێر دەریایان بەکارهێنا و چوونە قووڵایی دەریاکان ئەو تاریکیانەیان بینی، مرۆڤ بەبێ ئامێر ناتوانێت بیست، سی مەتر زیاتر لە ئاودا نوقوم بێت.

ئەوانەی لە ناوچە کەنارییەکانی کەنداو بە مەبەستی مرواری دەچنە ژێر ئاو لەو قووڵاییە زیاتر تێپەڕ ناکەن، ئەگەر مرۆڤ بۆ قووڵاییە زۆرەکان ژێر ئاو بکەوێت، تاریکایی لە قووڵایی (200) مەتردا بەدی دەکات و، هەرگیز بە زیندوویی نامێنێتەوە، ئەم ئایەتە باس لە دیاردەیەک دەکات کە تەنیا لە دەریا قووڵەکاندا هەیە، لەبەرئەوە دەفەرموێت: ﴿أَوۡ كَظُلُمَٰتٖ فِي بَحۡرٖ لُّجِّيّٖ﴾ تاریکییەکان لە دەریای قووڵدا نەک هەموو دەریایەک!

تاریکییەکانی بەکەڵەکەبوونی هەندێکی لەسەر هەندێکی وەسفکرد، ئەم تاریکییە کەڵەکەبوانەش بە دوو هۆکار دروست دەبن:

**هۆکاری یەکەم: لە ئەنجامی دیار نەمانی ڕەنگەکان چین لە دوای چین:**

تیشکی ڕووناکی لە حەوت ڕەنگ پێک هاتووە، کاتێک تیشکی ڕووناکی دەچێتە ئاوەوە بۆ حەوت ڕەنگەکە دابەشدەبێت، لەم وێنەیەی بەردەممان تیشکی ئاوەکە دەبینین، ڕەنگی سوور لە (10) مەتری ڕووی سەرەوە دەمژرێت، خۆ ئەگەر دەریاوانێک بۆ قووڵایی (30) مەتر بچێتە ئاوەوە و لەشی بریندار بێت و خوێنی لێبڕوات و بیەوێت بیبینێت، ناتوانێت بە ڕەنگی سوور بیبینێت، چونکە تیشکی سوور نەماوە، لەدوای ئەوەش ڕەنگی پرتەقاڵی دەمژرێت وەک لە وێنەکەدا دەیبینین.

لە قووڵایی 50 مەتر مژینی ڕەنگی زەرد دەست پێ دەکات.

لە قووڵایی 100 مەتر مژینی ڕەنگی سەوز دێت.

لە قووڵایی 200 مەتر مژینی ڕەنگی شین دێت.

کەواتە تاریکایی ڕەنگی سەوز لە قووڵایی (100) مەتر دەبێت و تاریکایی زەرد لە قووڵایی (50) مەتر دەبێت و پێش ئەو تاریکایی ڕەنگی سوور و پرتەقاڵییە، کەواتە تاریکییەکان هەندێکیان لەسەر هەندێکیانن.




**هۆکاری دووەم: لە ئەنجامی ئەو بەربەستانەی بەری ڕووناکی دەگرن:**

کاتێک تیشکی ڕووناکی لە خۆرەوە دادەبەزێت، هەور هەندێکی دەمژێت و هەندێکی پەرت دەکاتەوە، بەوەش تاریکییەک لە ژێر هەورەکەدا دروست دەبێت، ئەمە تاریکی یەکەمە، هەر کە تیشکی ڕووناکیەکە بۆ ڕووە شەپۆلداری دەریاکە دابەزی، پێچەوانە دەبێتەوە و بریسکانەوەی پێ دەدات، لەبەر ئەوە لەکاتی بوونی شەپۆلدا، بە پێی لاری ڕووی شەپۆلەکە بریسکانەوەکە زیاتر دەبێت، کەواتە شەپۆل دەبێتە هۆی پێچەوانەکردنەوەی تیشک، واتە دەبێتە هۆی تاریکی، پاشان تیشکی ڕووناکیەکە دادەبەزێتە خوارەوە، لێرەدا دەبینین دەریاکە بۆ دوو بەش دابەش دەبوو:

1- بەشی ڕووکەشی 2- بەشی قووڵ ڕووکەشییەکە ڕووناکی و گەرمی تێدایە، بەڵام قووڵەکە تاریکیی و ساردی تێدایە.



هەردوو دەریاکە لە ڕووی تایبەتمەندی و سیفاتیانەوە جیاوازن، بەڵام شەپۆلێکی جیاکەرەوە لە نێوان دەریا ڕووکەشیەکە و دەریا قووڵەکەدا هەیە.

ئەو شەپۆلە ناوەکیە هەتا ساڵی (1900 ز) نەدۆزرایەوە، لە ژێر ئەو شەپۆلە قووڵەدا دەریایەکی قووڵ هەیە و، لەویادا تاریکایی دەست پێدەکات تەنانەت ماسیەکانی ئەو ناوچەیە ناتوانن بە چاویان ببینن، بەڵکو سەرچاوەی تریان هەیە کە لەو تاریکییە کەڵەکەبوانەوە ڕووناکی لە لەشیانەوە دەردەچێت، کە ئەمانە خوای گەورە باسی کردووە: ﴿أَوۡ كَظُلُمَٰتٖ فِي بَحۡرٖ لُّجِّيّٖ يَغۡشَىٰهُ مَوۡجٞ﴾ النور.



ئەگەر دابەزینە خوارەوەی دەریاکە تاریکایی دەبینین و لەسەرووییەوە شەپۆلی یەکەم دەبینین کە دەریا ڕووکەشەکە و دەریا قووڵەکە لەیەک جیادەکاتەوە، پاشان فەرمووی: ﴿يَغۡشَىٰهُ مَوۡجٞ مِّن فَوۡقِهِۦ مَوۡجٞ﴾ واتە: لەسەرو ئەو شەپۆلەوە شەپۆلی تر هەیە کە ئەویش شەپۆلی سەر ڕووی دەریاکەیە، پاشان فەرمووی: ﴿مِّن فَوۡقِهِۦ سَحَابٞ﴾ واتە: لەسەرو ئەوەشەوە هەور هەیە.

تاریکاییەکان هەندێکیان لەسەر هەندێکیانن، تاریکایی بەربەستەکان و تاریکایی ڕەنگەکان لە چەند چینێکدا هەندێکیان لەسەر هەندێکیانن: ﴿إِذَآ أَخۡرَجَ يَدَهُۥ لَمۡ يَكَدۡ يَرَىٰهَاۗ وَمَن لَّمۡ يَجۡعَلِ ٱللَّهُ لَهُۥ نُورٗا فَمَا لَهُۥ مِن نُّورٍ ٤٠﴾ واتە: گەر دەستی دەربێنێت بەگران دەیبینێت، هەرکەس خودا نوری ئیمانی پێ نەبەخشی بێت ئەوەی ڕووناکی بێت نیەتی.



لەم ناوچانەدا تاریکایی زۆر توندە، ژێر دەریاییەکان کە بۆ ئەو قووڵاییانە دادەبەزن هیچ شتێک نابینن، لەبەر ئەوە سەرچاوەی ڕووناککەرەوە بەکار دەهێنن تا بەردەمیان ببینن، ئایا کێ هەواڵی ئەم نهێنیانەی دا بەموحەممەد ﷺ ؟

ئەمە ئەو قسە و باسانە بوو کە لەگەڵ پرۆفیسۆر (راو) دا ئەنجامماندا، پاشان چەندین ئایەتی قورئانیمان پەیوەست بە دەریاکان و لە بواری پسپۆڕیەکەیدا پیشاندا.

پاشان پێمان وت: لێکدانەوەی تۆ بۆ ئەم دیاردەیە چیە؟ دیاردەی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەت دا، موحەممەد ﷺ چۆن توانی ئەو ڕاستیانە پێش (1400) ساڵ بزانێت؟

پرۆفیسۆر ڕاو وتی: بەڕاستی گرانە وا دابنێین ئەو جۆرە زانیاریانە لە پێش (1400) ساڵەوە هەبووبن، هەندێک شت بەشێوەیەکی گشتی باسکراوە، بەڵام بەم وردەکارییە زۆر زەحمەتە هەبووبن، لەبەرئەوە گومانی تێدا نیە ئەمە زانستی سادەی مرۆڤایەتی نیە، مرۆڤێکی ئاسایی ناتوانێت بەو ئەندازە وردەکارییە دیاردەکان لێک بداتەوە، بۆیە من بیرم لە هێزێکی دەرەکی پشت سروشت و مرۆڤ کردۆتەوە، کە بێگومان ئەو زانیاریانە لە سەرچاوەیەکی ئەودیو سروشتەوە هاتوون.

بەڵێ پێویستە سەرچاوەی ئەو زانستە لە لایەکەوە بێت لە ئاستی مرۆڤ و لە ئاستی سروشتدا نەبێت.

وەک (پ. راو) دەڵێت: بێگومان لەپشت ئەوانەوەیە، لەسەروو سروشت و لەسەروو توانای مرۆڤایەتیەوەیە، ئەو دەیەوێت بڵێت هەرگیز ناگونجێت ئەو وتانە وتەی بوونەوەرێک بێت لە بوونەوەرەکانی سروشت، بەڵێ بێگومان ئەمانە وتەی یەکێکە کە بە هەموو سروشت و نهێنیەکانی ئاگادارە: ﴿قُلۡ أَنزَلَهُ ٱلَّذِي يَعۡلَمُ ٱلسِّرَّ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ إِنَّهُۥ كَانَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ٦﴾ الفرقان، واتە: تۆ ئەی (محمد ﷺ) بڵێ: ئەو زاتەی ئەم قورئانەی دابەزاندووە بەهەموو نهێنیەک دەزانێت لە ئاسمانەکان و زەویدا، هەر ئەویش هەمیشەو بەردەوام لێخۆشبوو میهرەبانە.

هەر بەو شێوەیەش شایەتی زاناکان شایەتی دوای شایەتی لە زیادبووندان: ئەم ڕێنمایی و ڕووناکیە بەڵگەی ڕاستیەکەی لە خۆیدایە، بێگومان ئەم پەڕتووکە ڕێنماییە و، بەڵگەیەکە تا ڕۆژی دوایی لە تازەبونەوەدایە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿سَنُرِيهِمۡ ءَايَٰتِنَا فِي ٱلۡأٓفَاقِ وَفِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمۡ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّۗ أَوَلَمۡ يَكۡفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ٥٣﴾ فصلت.

سەرچاوە:

1- ئەم وتووێژە ڤیدۆییە بە ژێر نوسکراوی کوردی لە چەناڵی یوتوبی هەیڤ سەیر بکەن: http://www.youtube.com/user/Haivkurd

2- لایف ساینس:

http://www.livescience.com/14493-ocean-exploration-deep-sea-diving.html





# ئایا لە قورئان و سوننەتدا ئاماژە بەو داهێنانە کراوە کە لە ئێستادا دەیان بینین؟ یان ئەوانەی هێشتا هیچیان لەبارەوە نازانین؟



ن: دکتور محمد إبراهيم دودح   و. بەدەسکاریەوە: ئاوات وەسانی - ناسکە ئیسماعیل عەزیز

قورئانی پیرۆز کتێبی ڕێنموو‌ییە بۆ بڕواهێنان بە خودای گەورە و، داڕێژراوی دەستی مرۆڤ نیە، ئامانجی ڕاستکردنەوەی بیروباوەڕی مرۆڤەکانە بە دووپاتکردنەوەی تاک و تەنهایی خودا و گەیاندنیانە بە یەکخواپەرستی و، پلەی دڵنیایی و یەقین. ئەمەش ئامانجی سەرەکی ئێمەیە، کە هانمان دەدات بۆ ئەوەی لە گەردوون بکۆڵینەوە، هەروەک لە فەرمایشتی خوای گەورەدا هاتووە:﴿ قُلِ ٱنظُرُواْ مَاذَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ (١٠١) ﴾ یونس، واتە: (ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ با سەرنجی ئاسمانەکان و زەوی بدەن و بزانن چی تێدایە)، هەروەها لە ئایەتێکی تر دا دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمۡ يَنظُرُواْ فِي مَلَكُوتِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَيۡءٖ وَأَنۡ عَسَىٰٓ أَن يَكُونَ قَدِ ٱقۡتَرَبَ أَجَلُهُمۡۖ فَبِأَيِّ حَدِيثِۢ بَعۡدَهُۥ يُؤۡمِنُونَ (١٨٥) ﴾ الأعراف، واتە: (ئایا بۆ سەرنجیان نەداوە لەو هەموو دەسەڵاتە گەورەیەی خودا لە ئاسمانەکان و زەویدا و ئەو هەموو شتانەی کە خوا بەدی هێناون؟ (بۆ ئەوەندە بێ ئاگان؟) خۆ بەڕاستی نزیک بۆتەوە ئاکامیان، جا بە چ گوفتارێکی تر لە دوای قورئان باوەڕ دەهێنن؟).

بەڵێ هاندانی مرۆڤ بۆ گەڕان بە نێو گەردووندا و، وردبوونەوە لە یەکەکانی پێکهاتەی بوون، بووە هۆی بنەمای سیستمی ئەزموونی و، هاندانی خەمخۆرانی بواری زانستی بۆ بنیاتنانی شارستانیەتێکی جیهانی پێشکەوتوو لە کاتێکدا ئەوروپا لە سەردەمی تاریکی و نەزانیندا بوو.

گەیشتن بە نیشانە و ئاماژە زانستیەکانی قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ لەسەردەمی دابەزینی «وەحی»دا سنورداربوون و، هەڵگیراون بۆ نەوەکانی داهاتوو کە دەگەن بە ئەو ڕاستیە زانستیانەی کە بە وەحی ڕوونکراوەتەوە و، پاڵپشتی پەیامی یەکخواپەرستی دەکات، ئێمەش ئەو پەیمانە تەواوانە دەبینین کە لە ئەمڕۆدا دێنەدی. هەروەک خودای گەورە دەفەرموێ:﴿ وَقُلِ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ سَيُرِيكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ فَتَعۡرِفُونَهَاۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعۡمَلُونَ (٩٣) ﴾ النمل، واتە: (بڵێ سوپاس و ستایش بۆ خودا، لە ئایندەیەکی نزیکدا هەموو بەڵگە و نیشانەکانی خۆیتان نیشان دەدات و دەیناسنەوە (کە هەموو دەستکردە و بەدیهێنەری خودایە)، بێگومان پەروەردگاری تۆ غاقڵ و بێ ئاگا نیە لەو کاروکردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن)).

بەڵگە بینراوەکان بۆ موسڵمانان و ئەوانی دیکە، بەو واتایە دێت کە پەیامەکە ڕاست و تەواوە، جا هەر کامیان خاوەنی دۆزینەوەکە بن، کە ئەوەش هیچ بوارێک بۆ ئەو پرسیارە نامێنێتەوە کە دەڵێت: بۆچی موسڵمانان چاوەڕوانی خەڵکانی دیکە دەکەن تاکو ڕاستیە زانستیەکان بدۆزنەوە ئەوکات ئاماژەی دەقە ئاسمانیەکانیان بۆ دەربکەوێت؟ چونکە ئەگەر نا موسڵمانیش ڕاستییە زانستییەکە بدۆزێتەوە هیچ لە ئیعجازی زانستی نێو قورئان و سوننەت کەم ناکاتەوە بەڵکو کاتێک نا موسڵمان ڕاستییەکی نێو گەردوون دەدۆزێتەوە قورئانی پیرۆز یان فەرموودە ئاماژەی پێدەدا ئەوە ئیعجازەکەی قورئان بەهێز تر دەکات و، دەبنە بەڵگە لەسەر دابەزینی قورئان و، پێشدانەوەی قورئانە بۆ زانست پێش ڕوونکردنەوەی و دۆزینەوەی.

بە نموونە قورئان مژدە دەدات بە هۆکارە گوێزەرەوەکانی سەردەم کە ئێستا بەکاردێن، خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ وَٱلۡأَنۡعَٰمَ خَلَقَهَاۗ لَكُمۡ فِيهَا دِفۡءٞ وَمَنَٰفِعُ وَمِنۡهَا تَأۡكُلُونَ (٥) وَلَكُمۡ فِيهَا جَمَالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسۡرَحُونَ (٦) وَتَحۡمِلُ أَثۡقَالَكُمۡ إِلَىٰ بَلَدٖ لَّمۡ تَكُونُواْ بَٰلِغِيهِ إِلَّا بِشِقِّ ٱلۡأَنفُسِۚ إِنَّ رَبَّكُمۡ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٞ (٧) وَٱلۡخَيۡلَ وَٱلۡبِغَالَ وَٱلۡحَمِيرَ لِتَرۡكَبُوهَا وَزِينَةٗۚ وَيَخۡلُقُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ (٨) وَعَلَى ٱللَّهِ قَصۡدُ ٱلسَّبِيلِ وَمِنۡهَا جَآئِرٞۚ وَلَوۡ شَآءَ لَهَدَىٰكُمۡ أَجۡمَعِينَ (٩) ﴾ النحل، واتە: (ماڵاتیشی دروستکردووە بۆ خزمەتی ئێوە، (لە خوری و موو پێستیان جۆرەها پۆشاک و ڕایەخ دروست دەکەن) کە گەرمیتان پێ دەبەخشێت لە سەرما و سۆڵەدا، هەروەها جۆرەها سودی تری لێ وەردەگرن لە شیر و گۆشتەکەشی دەخۆن.. کاتێک ماڵاتەکان بە تێری و شیرەوە دەهێننەوە لە ئێواراندا، لە بەرەبەیانەکەشیدا کە لە ماڵ دەریان دەکەن، دیمەنێکی جوانتان بۆ دەنوێنن (دەروونی ئیماندارانی دەخرۆشێنن، بە جیاوازی شێواز و قەبارە و ڕەنگ و دەنگ و یاری و گەمەیان)... هەندێک لەو ماڵاتانە بار و کەلوپەلی سەنگینتان بۆ هەڵدەگرن بۆ وڵات و شوێنێک کە ئێوە دوای زەحمەت و ماندوو بوونێکی زۆر نەبێت پێی نەدەگەیشتن، بە ڕاستی پەروەردگارتان زاتێکی زۆر بەسۆز و میهرەبانە (بۆ نەوەکانی ئادەم)..

هەروەها چەندەها جۆری ئەسپ و ماین و هێستر و گوێدرێژی بۆ بەدیهێناون تا بۆ سواری و گواستنەوە بەکار بهێنن، سەرەرای دیمەنی قەشەنگیان (بە تایبەتی ئەسپ و ماین، کە لە سەردەمی زانستی و تەکنەلۆژیادا هەر بەکاردێن) و شتی تریش دروست دەکات کە ئێستە ئێوە نایزانن.. ڕونکردنەوەی ڕێبازی ڕاست و بەرنامەی دروست لەسەر خوایە (دەبێت وریا بن) هەندێک ڕێبازی لار و چەوت و نارێکیش هەیە، خۆ ئەگەر بیویستایە هیدایەتی هەر هەمووتانی دەدا بەگشتی)).

ئەم ئایەتە شاهێدی دەدات: شتی تریش دروست دەکات کە ئێستە ئێوە نایزانن ﴿وَيَخۡلُقُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ﴾، فەرمانی ﴿وَيَخۡلُقُ﴾ش ئاماژەیە بۆ بەردەوامی و نوێ بوونەوە کە هیچ مەودایەکی بۆ دانەناوە کە ڕۆژێ هۆکارەکانی گواستنەوە دەدۆزرێنەوە، کاتێک لە ڕۆژگاری ئێستادا لەسەر کوشنی ئۆتۆمبیل و کەشتی و فرۆکەدا پشوو دەدەیت، بیربکەرەوە تۆ لەسەر بەڵگەیەک دانیشتوی، کە قورئان شاهێدی دۆزینەوەی داون لە ڕێگای نیگاوە.

(کوڕی عاشور) دەڵێ: ئەم ئایەتە ئیعجازی غەیبی قورئانی بۆ دەرخستم. کە ئەوە جوڵە و ڕێنموونی خوایە بۆ مرۆڤ بۆ داهێنانی سواریەکان کە زۆر چاکترە لە ئەسپ و هێستر و گوێدرێژ و، ئەو تیژڕەوانە تەنها یەک کەس سواری دەبێ و بە پێکانی بە جوڵەی دەخات.. شەمەندەفەرەکان و ئۆتۆمۆبیلەکان.. ئەو فڕۆکانەش کە دەڕۆن بە نەوتی پاڵاوتو. هەموو ئەو دروستکراوانە هاتونەتە بوون لە سەردەمی یەکبەدوای یەکەکان کە لە سەردەمەکانی پێشوودا هیچ لەبارەیانەوە نەدەزانرا. خودا خەڵکی ڕێنموونی کردووە بۆ داهێنان بەوەی دروستی کردون بە ئاوەزێکی زیرەکانە و زانستیانە، بەم شێوەیە داهێنانەکانی مرۆڤ هەمووی لە بەخشیشەکانی خوای گەورەن بۆ بەندەکانی.

(شەنقیتی) دەڵێت: وتەی خوای گەورە: ﴿وَيَخۡلُقُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ﴾ ئاماژەیە بۆ هۆکانی گواستنەوەی سەردەم (ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەر و فرۆکە و کەشتی و ..تاد)، ئاماژەیەکی پێغەمبەریش ﷺ بۆ ئەوە، فەرموودەیەکە کە لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە ڕەحمەتی خوای لەسەر بێ.. لە (ئەبی هورەیرە) دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا فەرمویەتی: (والله لينزلن ابن مريم حكما عادلا فليكسرن الصليب وليقتلن الخنزير وليضعن الجزية ولتتركن القلاص فلا يسعى عليها). وتەی: (ولتتركن القلاص فلا يسعى عليها)، ئەوە سوێندێکە لەلایەن پێغەمبەرەوە، کە لە داهاتوودا حوشترەکان بۆ شت گواستنەوە بەکار نایەن کە ئەوە ئاماژەشە بۆ ئەوەی هۆکاری شت گواستنەوەی تر دێتە دی، ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە و موعجیزەیەکی گەلێ گەورەیە و بەڵگەیە لەسەر ڕاستی پێغەمبەر ﷺ.

دەتەوێ پێشبینی وردەکاری دیمەنانێک بکەی کە هێشتا سەردەمی تەکنیکی پێی نەگەیشتووە، دەتەوێت ڕەخنە بگریت لەوەی کە دەمەوێت لەگەڵ تۆدا ڕایبگەیەنم؟! کەواتە ئەو بەڵگە دیاریکراوانە بەسە کە هاتوونەتە دی لەسەردەمی تۆ و وازبێنە لەو بەڵگانەی دێن کە هێشتا دەرنەخراون.

یان ئارەزو دەکەی لە چێژ وەرگرتن بە شتێکی سەیر کە هەموو کۆڵگەکانی دەربرینی سەرسام کرد و، عەقڵ و ژیری هەموو توێژەرانی بۆلای خۆی گوش کرد بە تێپەڕبوونی کات و، و ڕێگە بە خەیاڵ و هۆشت بدە تا بچیتە ماڵ و جیهانێک لە خۆشی و زەخرەفە کە لە سەردەمی خۆشەویستدا ﷺ لە زەویدا نەبووە کە ئاماژەی لە وتەی خوای گەورە و بە تواناد بۆ کراوە: ﴿أَهُمۡ يَقۡسِمُونَ رَحۡمَتَ رَبِّكَۚ نَحۡنُ قَسَمۡنَا بَيۡنَهُم مَّعِيشَتَهُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۚ وَرَفَعۡنَا بَعۡضَهُمۡ فَوۡقَ بَعۡضٖ دَرَجَٰتٖ لِّيَتَّخِذَ بَعۡضُهُم بَعۡضٗا سُخۡرِيّٗاۗ وَرَحۡمَتُ رَبِّكَ خَيۡرٞ مِّمَّا يَجۡمَعُونَ ٣٢ وَلَوۡلَآ أَن يَكُونَ ٱلنَّاسُ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ لَّجَعَلۡنَا لِمَن يَكۡفُرُ بِٱلرَّحۡمَٰنِ لِبُيُوتِهِمۡ سُقُفٗا مِّن فِضَّةٖ وَمَعَارِجَ عَلَيۡهَا يَظۡهَرُونَ ٣٣ وَلِبُيُوتِهِمۡ أَبۡوَٰبٗا وَسُرُرًا عَلَيۡهَا يَتَّكِـُٔونَ ٣٤ وَزُخۡرُفٗاۚ وَإِن كُلُّ ذَٰلِكَ لَمَّا مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۚ وَٱلۡأٓخِرَةُ عِندَ رَبِّكَ لِلۡمُتَّقِينَ ٣٥﴾ الزخرف، بۆ ماڵەکانیان دەرگا و دەروازەی زیو بەرزکەرەوەمان پێ دەبەخشین تا پێوەی دیاربن و بەرزببنەوە.. بەهەموو نەخش و نیگارێکی جوان و ڕازاوە (دار و دیوار و سەقف و دەرگا و کەلوپەلی ناو ماڵەکانیانمان دەڕازاندەوە.

«ئەبی ئومامە» پەیمان ڕادەگەیەنێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: «والذي نفسي بيده لا تذهب الايام والليالي حتى يبلغ هذا الدين مبلغ هذا النجم».

قورئانی پیرۆز پڕیەتی لەو مژدانەی کە دێنە دی لەم ڕۆژانەدا زۆربەیان ڕوون دەبێتەوە و تۆماردەکرین. ڕێگام پێ بدە بەشداریت بکەم لەئەم بیرکردنەوەیەدا، لە فەرموودەی خوای گەورە: ﴿أَفَرَءَيۡتُم مَّا تُمۡنُونَ ٥٨ ءَأَنتُمۡ تَخۡلُقُونَهُۥٓ أَمۡ نَحۡنُ ٱلۡخَٰلِقُونَ ٥٩ نَحۡنُ قَدَّرۡنَا بَيۡنَكُمُ ٱلۡمَوۡتَ وَمَا نَحۡنُ بِمَسۡبُوقِينَ ٦٠ عَلَىٰٓ أَن نُّبَدِّلَ أَمۡثَٰلَكُمۡ وَنُنشِئَكُمۡ فِي مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٦١﴾ الواقعة، واتە: (کە لە شوێنی ئێوە نەوەی تر بهێنین و بیخەینە شوێنتان، یاخود سەرلەنوێ لە ڕێگەیەکەوە کە نایزانن دروستتان بکەینەوە) مەبەست چییە لە موژدەی وردەکاری تەکنیکی دروستکردنی مرۆڤ؟ لە تۆو (مەنی) یان بەبێ ئەمە و لە بارێکی دیاری نەکراودا بە ڕێگایەکی کە لەوەو پێش نەبووبێ و دورستکردنی وەچەیەک کە تایبەتمەندیەکانیان گۆڕاوە و بە تایبەتمەندیەک کە بگونجێ لە گەڵ مرۆڤ و پێکبەستەیان بێ. سەرسام مەبە بە پرسیارێکی وابەستەی ئەندێشەیی یاخی بوو، کاریگەرە بە شۆڕشی زانستی کە ئەمڕۆ ئێمە تیایدا دەژین لە بواری بۆماوەیی و گۆڕینی جیناتەکان بە باشتر لەوان و، ئەو توێژینەوانەی لەبارەی دروست بوونی مرۆڤ. پێشوو تر پێم وتی کە جیاوازی هەیە لە نێوان ئاماژە زانستیەکان کە بە کرداری هاتونەتە دی و ماناکانیان جێگیر بووە بە گەواهیدانی واقیع و ڕاستی لە نێوان خەیاڵ و مەنتیق کە چیتر پێویست بە بەڵگە ناکات!.

هەروەها قسەکردن لەبارەی ئەو شارستانیەتانەی بڵاوبوونەتەوە لەسەر زەوی لە پەرتوکی خودادا لە پێش دابەزینی بە ئاماژەی غەیبی دادەنرێ. لەگەڵ ئاماژە و ئاگادار کردنەوە بەرەو ڕووی شارستانیەتەکانی داهاتوو کە قورئان باسیانی کردووە تاوەکو ڕۆژی قیامەت کە نیشتەجێی زەوی نابن، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَنتُم بِمُعۡجِزِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِي ٱلسَّمَآءِ ٢٢﴾ العنكبوت، واتە: (ئەی گرۆی ئادەمیزاد ئێوە ناتوانن خوا دەسەوسان بکەن، نە لەزەویدا و نە لە ئاسمان ئەو کارەتان بۆ ناکرێت).

ئەمەش شتێکی ترە کە زۆر بە جوانی باسی شارستانیەتەکانی داهاتوو دەکات ﴿وَلَا فِي ٱلسَّمَآءِ﴾ کە شۆڕشی زانستی ماناکەی ئاشکرا کردووە لەم ڕۆژگارەی تێدا دەژین لە سەردەمی گەردووناسیدا شاهێدی دەدات کە ئەم قورئانە نیگایە و، لەلایەن پەروەردگاری ئاسمان و زەوی دابەزیوە و، زانیاریەکانی قورئان ئەمڕۆ بەم شێوەیە ڕووندەکرێتەوە بە تیشکی ڕوناکی یەقین و دڵنیایی. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لِّكُلِّ نَبَإٖ مُّسۡتَقَرّٞۚ وَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ٦٧﴾ الأنعام، واتە: (بۆ هەموو هەواڵێک (کە لە قورئاندا هاتووە) کات و شوێنی بەدی هاتنی خۆی هەیە، لە ئایندەشدا دەیزانن).


سەرچاوە:

مقالة لدكتور محمد ابراهيم دودح بعنوان (من القرآن ما يفسره الزمان) منشورة في موقع موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن و السنة.



# قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ

## دیدێکی زانستی نوێ

بە قەڵەمی: عبدالدائم الکحیل
وەرگێڕانی: سەروەر حەسەن
sarwar.hasan77@yahoo.com

لەم توێژینەوەیەدا هەندێك لە نهێنییەكانی دونیای بەدیهێنان دەخەینەڕوو، لەگەڵ ئەوە كە چۆن خوای پەروەردگار زانیارییەكانی سەبارەت بە سەرەتای بەدیهێنان (بداية الخلق) لە هەموو شتەكانی دەوروبەرماندا خەزنكردووە... دەبینین زاناكان بەپراكتیكی ئاشكرایانكرد كە نهێنییەكانی دروستبوونی زیندەوەران و سەرەتاكانی بەدیهێنانی زەوی و پێكهاتن و مێژووی ئەم زەوییە، هەموو ئەمانە لە بەردەكانی زەوی و چینە بەفرینەكان و قەدی درەختەكاندا بە زمانێكی تایبەت تۆمار كراون. بەدوای نهێنی سەرەتاكانی بەدیهێناندا زاناكان دەستیان بە توێژینەوە و گەڕان كرد بە نێو بەردەكان و بەبەردبووەكان و لەنێو قوڵاییەكانی دەریاكان و جگە لەوانەشەوە. دۆزیانەوە كە نهێنی بەدیهێنراوەكان و نهێنی دەستپێكی سەرەتای ژیان لە نێو زەویدا بوونی هەیە. لەبەرئەوە هەزاران توێژینەوەی زانستیان ئەنجامدا كە دەربارەی تەمەنی زەوی و تەمەنی بەدیهێنراوەكان و چۆنیەتی دروستبوون بوون، لەگەڵ چۆنیەتی پێكهاتنی چیاكان، كەی و چۆن دەریاكان و ڕووەكەكان دروستبوون و پێكهاتوون. مێژووی زەوییەكەمان لە گەردەكانی خاك و بەرد و ڕووەكەكان و لە هەر گەردیلەیەكی ئاودا خەزنكراوە!



**زانیاریی خەزنكراو لە بەردەكانی زەویدا:**

خوای پەروەردگار لە گەردیلەكانی پێكهاتەی بەردەكانی زەویدا زانیاریی زۆری دەربارەی مێژوو و چۆنیەتی پێكهاتنیان داناوە. ئەم زانیارییانە چیرۆكی سەرەتای بەدیهێنان و پێكهاتنی ئەم بەردانە دەگێڕنەوە. بێگومان زانیارییەكان بەو زمانەی دەیزانین نەنووسراون، بەڵكو بە زمانێكی تایبەت نووسراون كە تازەبەتازە زاناكان ئاشكرایانكردووە، پیتەكانی زمانەكە بریتیین لە گەرد و گەردیلەكان و ڕێزمانەكەشی یاسا فیزیاییەكان كە پەروەردگار ئافراندوونی و بۆی ڕامكردووین تاكو ببنە ڕێبەر و ڕێنیشاندەر لەڕێیانەوە بتوانین سەرەتا و نهێنییەكانی ئافراندن و بەدیهێنان بزانین. زاناكانی ئەمڕۆ بەدووی نهێنییەكانی بەدیهێناندا چینەكانی خاك دەگەڕێن، ئەوان تێبینیان كرد كە هەر چینێك مێژوویەكی دیاریكراوی تەمەنی زەوی تێدا تۆمار كراوە. هەر كام لە چینەكانی بەردەكان (بەتایبەت بەردە نیشتەنییەكان (الصخور الرسوبية) چیرۆكی ژیانیان و ئەو بارودۆخانەی پێیدا تێپەڕبوون بۆمان دەگێڕنەوە، خوای گەورە لە بەردە گڕكانییەكان (الصخور البركانية)دا زڕتوخمە تیشكاوەرەكان (النظائر المشعة)ی وەك توخمی كاربۆن (كاربۆنی تیشكاوەر) و یۆرانیۆم و... هتدی داناوە. كە زانیاریمان دەربارەی تەمەن و بارودۆخی پێكهاتنی ئەو بەردانە دەدەنێ، چونكە زاناكان ئەو یاسایانەیان دۆزییەوە كە كۆنترۆڵی ئەم توخمە دەكەن و دەریدەخەن چۆن لەگەڵ تێپەڕبوونی كاتدا ڕێژەی تیشكدانەكەی كەم

دەكات. زاناكان برِی تیشكدان كە ماوەتەوە دەپێون و بەوەش دەتوانن تەمەنی ئەو بەردە بزانن. هەمان بیرۆكە بۆ دیاریكردنی تەمەنی زەوی و تەمەنی مانگ و تەمەنی ئەستێرەكان و تەمەنی گەردوونیش بەكاردێت.

بۆ نموونە: ماوەی نیوەتەمەن (half-life)ی توخمی كاربۆن-١٤ یەكسانە بە (٥٧٣٠) ساڵ، واتە هەموو (٥٧٣٠) ساڵێك نیوەی گەردیلەكانی كاربۆن-١٤ بۆ نایترۆجین-١٤ دەگۆڕێن، كە دیسان ئەوەندەی تر ماوە تێپەڕبێت نیوەی ئەوەی ماوە دەگۆڕێت، ئیتر بەوجۆرە بەردەوام دەبێت بەشێوەی زنجیرە گۆڕانێك تا برِێكی زۆر كەمی دەمێنێتەوە (لەدوای نزیكەی پەنجا هەزار ساڵ ئەو برە كاربۆنەی دەمێنێتەوە ئیتر ناتوانرێت پێوانە بكرێت). ئەمەش بەپێی ڕێسایەكی نەگۆڕ كە خوای پەروەردگار بۆی ڕامكردووین تاكو لەڕێیەوە بتوانین تەمەنی ئەم بەردانە بزانین.




وێنەی بەردێك كە لەكۆنەوە پێكهاتووە، دەبینین چۆن ڕێژەی یۆرانیۆم كەمیكردووە و لەگەڵ تێپەڕبوونی كاتدا بە پلەبەندی گۆڕاوە بۆ قورقوشم (قورقوشم بە ڕەنگی شین، یۆرانیۆم ڕەنگی سوور).



وێنەی سامپڵێكی كلسی كە لەیەكێك لە ئەشكەوتەكان وەرگیراوە. ئەڵقەكان مێژووی ئەو ئەشكەوتە و ئەو بارودۆخانەی لە ماوەیەكی دیاریكراودا پێیدا تێپەڕبووە، دەردەخەن. شێ و دڵۆپە بارانەكان بەشداریان كردووە لە پێكهاتنی ئەم ئەڵقانەدا لەمیانەی هەزاران ساڵەوە...

لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی لە زەویدا خەزن بوون و تۆماركراون، زاناكان توانیان مێژووی زەوی بزانن و بۆ چەند قۆناغێك پۆلێنی بكەن. ئەوان بۆیاندەركەوتووە كە تەمەنی زەوی دەگاتە سنووری (٤٦٠٠ ملیۆن ساڵ)، بە چەندین چاخیشدا تێپەڕبووە كە هەر چاخێك خاسیەت و ماوەی خۆیی هەیە.



زانیاریی خەزنكراو لە بەبەردبووەكاندا:

كە زیندەوەران دەمرن، بەپێی تێپەڕبوونی كات دەگۆڕێن بۆ بەبەردبووەكان (المتحجرات). لەرێی ڕێژەی ئەو كاربۆنەی لە ئێسكەكەیاندا ماوەتەوە، دەتوانرێت تەمەنی ئەو زیندەوەرە مەزەندە بكرێت.. خوای پەروەردگار یاسای وردی فیزیایی لەو مادەدانەدا داناوە كە بەدیهێناون. كاتێك لەو یاسا فیزیاییانە دەكۆڵینەوە دەتوانین وردەكاریی ڕابردوو ببینین. دەبینین زاناكان لە بەبەردبووەكانەوە توانیویانە تەمەنی ئەم زیندەوەرانە بزانن لەگەڵ ئەو چاخەی تێیدا ژیاون و ئەو بارودۆخانەش كە لەو چاخەدا باوبوون و چەندین زانیاری تریش كە لە گەردیلەكانی ئەو بە بەردبووانەدا خەزن كراون.



زانیاریی خەزنكراو لە ئاوی بەستوودا:

بیست و چوار هەزار ساڵ پێشتر، زەوی بە چاخی سەهۆڵیندا تێپەڕبووە كە ڕووبەری زۆر فراوانی گۆی زەوی و بە بەرزی نزیكەی هەزاران مەتر بە بەفر داپۆشراوە. زانایانی كەشوهەوا زانیاری زۆر وردمان دەربارەی ئەو چاخە دەدەنێ: بارودۆخی كەشوهەوا، پلەكانی گەرما، پێكهاتەی بەرگەهەوا، لەگەڵ زانیاریی زۆر وردی تریش، ئاخۆ چۆن توانیویانە ئەوانە بزانن؟

كاتێك یەكێك لە توێژەران پارچەیەك سەهۆڵی لە بەفرە كەڵەكەبووەكانی سەر چیای (ئەلب) برِی، دەركەوت كە مێژووەكەی بۆ بیست و چوار هەزار ساڵ پێشتر دەگەڕێتەوە، كە شیكاریی بۆ كرد و تاقیكردەوە هێڵی ورد دەركەوتن كە هەر كام لەو هێڵانە دۆخی كەشوهەوای ساڵێك وەسف دەكەن، بەدرێژایی ئەو ماوەیە هێشتا هەوا لەنێوان گەردیلەكانیدا پارێزراوە!!

بەهەمان شێوە زاناكان دەربارەی نهێنییەكانی سەرەتای بەدیهێنان لە چینەكانی سەهۆڵ (الجليد) دەكۆڵنەوە كە هەزاران ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، زانیارییەكی سەرسوڕهێنەریان دۆزیوەتەوە، ئەویش ئەوەیە كە مێژووی چاخی سەهۆڵین لە چینەكانی سەهۆڵدا نووسراونەتەوە... لە سامپڵە سەهۆڵینە وەرگیراوەكاندا دیراسەی شێوەی پانەبرگەكان و دیراسەی پێكهاتووەكان بەدرێژایی تێپەڕبوونی كات و خوێیە تواوەكان و برِی بڵقە هەواییەكان و گازەكانی تر دەكرێت بۆ دیاریكردنی پلەی گەرمای زەوی لەو كاتەدا، ئەم زانیاریانە لە تۆمارگەلێكدا خەزنكراون كە پێیاندەوترێت تۆمارەكانی كەشوهەوا (Records of the climate) ئەم تۆمارانە هەموو شتێك لەخۆدەگرن كە تایبەتن بە كەشوهەوای زەوی بەر لە هەزاران ساڵ، تەنانەت پلەی پیسبوون و وەرزە گەرم و ساردەكانی ساڵیش.




بڕگەیەك لە لەوحێكی سەهۆڵ كە لە قوڵایی جیاوازدا بڕدراوە (ئەڵقەكان لە قوڵایی زیاتر لە ١٨٠٠ مەتردا دەردەكەون)، چەند هێڵێكی تێدا دەبینین كە هەریەكەیان گوزارشت لە قۆناغێكی زەمەنی دەكەن كە ئەم سەهۆڵە پێیدا تێپەڕبووە.

زانایان لەمەش زیاتریان زانی... توێژەران چوونە قوڵترین كانی خەڵووزەوە و ئاوی بەردەوام دەرچوویان بینی. كە سامپڵێكیان لەو ئاوە وەرگرت بینیان مێژووەكەی بۆ ملیۆنان ساڵ دەگەڕێتەوە! زیندەوەرگەلێكی تێدایە هێشتا وەك ئەو زیندەوەرانەن كە پێشتر ژیاون، لە بارودۆخێكی سەخت و بەبێ بوونی ڕووناكی و هەوا زۆردەبن و دەژین. لەمیانەی شیكاریی بۆ ئەو ئاوەوە شێوەی

ژیانی ئەو کاتە و دۆخی کەشوهەوایان زانی!



سامپڵێك لە سەهۆڵ بەمەبەستی توێژینەوە بۆ زانینی مێژووی زەوی و ئەو زانیارییانەی لە ئەڵقەکانی ئەم سەهۆڵەدا خەزنکراون.



وێنەیەکی گەورەکراوی سامپڵی بەفر کە لە باشوری دوورگەی (گرینلاند) وەرگیراوە لە قوڵیی ١٨٠٠ مەتر، تەمەنی ئەم سامپڵە بە (٢٠,٠٠٠) ساڵ مەزندە کراوە. چەماوەکەش جیاوازی چڕیی لە چینەکانی ئەم سامپڵەدا دەردەخات، ئەم چەماوەیە یارمەتی زاناکان دەدات بۆ تێگەیشتن لە مێژووی زەوی لەرێی ئەو ماوە زەمەنیانەوە.

### زانیاریی خەزنکراو لە نەیزەکەکاندا:

کاتێك توێژەران لە هەندێك لەو نەیزەکە بچوکانەیان کۆڵیەوە کە کەوتبوونە سەر زەوی و شیکارییان بۆ کرد، لە هەر بەشێك لە بەشەکانیاندا تۆمارێکی پڕ لە زانیاریان دۆزییەوە، بەهۆیەوە توانیان بارودۆخی گەردوون بەر لە هەزاران ملیۆن ساڵ بزانن! بێگومان ئەم زانیاریانەیان لەرێی کۆڵینەوە لە پێکهاتەی ئەم نەیزەکانە و جۆری گەردیلەکانیان و بڕی تیشکی تێداماوەیانەوە زانی.



ئەو نەیزەکانەی دەکەونە خوارەوە بەرگەهەوا دەبڕن و لە سوتان ڕزگاریان دەبێت، لەدوای لێکۆڵینەوەیان لەلایەن زاناکانەوە دەرکەوت کە هەندێك نهێنی پەیوەست بە سەرەتای بەدیهێنان لەخۆدەگرن، هەروەها گەردی ئەندامی هەڵدەگرن. ئەم ماددانە دڵنیایی دەدەن کە ژیان لە دەرەوەی ئەم زەوییە و لە گەلەئەستێرە دوورەکاندا بوونی هەیە، هەر ئەوەشە کە قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێدەدات بە فەرمایشتی: ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦ خَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَثَّ فِيهِمَا مِن دَآبَّةٍ وَهُوَ عَلَىٰ جَمْعِهِمْ إِذَا يَشَآءُ قَدِيرٌ ﴿٢٩﴾ الشورى، واتە: لە نیشانە و بەڵگەکانی گەورەیی و دەسەڵاتی خوا، دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و ئەو زیندەوەرانەیە کە تیایاندا بڵاوی کردووەتەوە، هەر ئەو زاتەش کاتێك بیەوێت توانا و دەسەڵاتی بەسەر کۆکردنەوەیاندا هەیە.

توێژینەوە نوێیەکانی فەزا بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوانە سەلماندیان کە گەردوون سەرەتایەکی هەیە، لەبەرئەوە زاناکان دڵنیابوون کە سەد لە سەد گەردوون ئەزەلی نییە، بەڵکو سەرەتایەك بۆ بەدیهێنان هەیە. دروست هەر ئەوەیە کە قورئانی پیرۆز لەبارەیەوە دواوە لە سەردەمێکدا کە باوەڕی (ئەزەلیەتبوونی گەردوون) باوەڕێکی باو بووە... پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ قُلْ هَلْ مِن شُرَكَآئِكُم مَّن يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ ۚ قُلِ ٱللَّهُ يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴿٣٤﴾ یونس، واتە: (ئەی محمد (درودی خوای لەسەر بێت)) پێیان بڵێ: باشە ئایا لەو شتانەی کە ئێوە لە جیاتی خوا (دەیپەرستن) کەسێك هەیە بتوانێت شتێك دروستبکات لە سەرەتاوە، یان ئەگەر دروستی کرد و دوایی نەما، ئایا دەتوانێت سەرلەنوێ بیهێنێتەوە کایە؟ (ئەی پێغەمبەری خوا تۆ) بڵێ: هەر خوا، الله، هەر ئەو دەتوانێت لەسەرەتا و نەبوونەوە خەڵکی و هەموو شت دروست بکات و پاشان دوای مردن و نەمان دووبارەی بکاتەوە، کەوابوو چۆن بەهۆی درۆ و پڕوپاگەندەوە لە هەق لادەدرێن؟!

### زانیاریی خەزنکراو لە قەدی درەختەکاندا:

زانایانی ئەمڕۆ لەرێی ئەڵقەکانی قەدی درەختەکانەوە دەتوانن زانیاری زۆر ورد دەربارەی مێژووی درەختەکان بزانن. ئەم ئەڵقانە زانیاری دەربارەی تەمەنی درەختەکە و بارودۆخی کەشوهەوای دەوری ئەم درەختە و گۆڕانکارییەکانی کەش و ئەو زیانانە لەخۆدەگرن کە درەختەکە ڕووبەڕوویان بووەتەوە. هەروەها هەواڵمان دەدەنێ بەڕووداوی زریان و لافاو، یان ئاگرکەوتنەوە لە دارستاندا، لەگەڵ چەندین ڕووداوی تر کە دەیان و سەدان ساڵی پێشووتر ڕوویانداوە.

هەر ئەڵقەیەك ساڵێکی تەمەنی درەختەکە دەنوێنێت، وردەکاریی ئەو ئەڵقەیە و شێوەی بازنە و دووریی نێوان ئەڵقەیەك و ئەڵقەی دواتری و ئەو درێژەی وردەکارییانەی لەسەر هەر ئەڵقەیەك وێنەکێشراوە، هەواڵمان دەربارەی مێژووی ئەم درەختە و وردەکاریی زۆریش دەربارەی ژیانی درەختەکە (بەڵکو دەربارەی هەر وەرزێك لە وەرزەکانی ساڵ کە پێیدا تێپەڕیوە) پێشکەش دەکەن.



وێنەی بڕگەیەك لە قەدی درەختێك... هەر یەکێك لە ئەڵقەکانی ئەم قەدە، مێژووی ماوەیەکی دیاریکراویان هەڵگرتووە... پاکوبێگەردی بۆ ئەو خوایەی ئەو نهێنیانەی لە بەدیهێنراوەکاندا داناوە. کێ وێنای دەکرد و بە خەیاڵیدا دەهات مێژووی زەوی لە قەدی درەختدا نووسرابێتەوە؟!

زانایان لەرێی لێکۆڵینەوە لە ئەڵقەکانی قەدی درەختەکانەوە توانیان نهێنییەکانی چاخی سەهۆڵین بزانن کە پێش دەیان هەزار ساڵ بووە. ئەم ئەڵقانە بە سەرچاوەیەکی نایاب دادەنرێت تا بتوانرێت بەهۆیانەوە ڕێژەی کاربۆنی کەش لەو مێژووەدا بزانرێت... لەسەر بنەمای دۆزینەوەی نهێنییەکانی سوڕی کەشوهەواوە (دورة المناخ) زاناکان پێشگۆیی دۆخی کەشوهەوای ئایندە دەکەن. ئەم وردییە لە بەدیهێنانەدا وامانلێدەکات ئەو فەرمایشتەی پەروەردگارمان وەیادبێنینەوە کە دەفەرموێت: ﴿ صُنْعَ ٱللَّهِ ٱلَّذِىٓ أَتْقَنَ كُلَّ شَىْءٍ ۚ إِنَّهُۥ خَبِيرٌۢ بِمَا تَفْعَلُونَ ﴿٨٨﴾ النمل، واتە: ئەمەیە دەستکردی ئەو خوایەی هەموو شتێکی بەوپەڕی ڕێکوپێکی دروستکردووە، بەڕاستی ئەو

زاتە زۆر ئاگایە بەو کاروکردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.




با لەم وێنە نایابە ڕابمێنین... لەنێو ئەڵقەکاندا زانیاریگەلێك هەن بەڵگەی مێژووی پرورردەکاریی ئەم درەختەن. وەك لە وێنەکەدا دەبینین کە ئەڵقە ناوەندییەکە ساڵی یەکەمی تەمەنی درەختەکە دەنوێنێت، بەوجۆرە ئەڵقەکان بەدواییەکدا دێن. هەروەها لەڕێی شێوە و قوڵیی و ڕەنگی ئەڵقەکەوە دەتوانین ماوە باراناویی و ماوە وشکەکان جیابکەینەوە، تەنانەت زاناکان دەتوانن لەڕێی شێوای شێوەی ئەڵقەکانەوە ئەو سوتانەش جیابکەنەوە کە لە زەمەنی پێشووی تەمەنی درەختەکەدا ڕوویداوە. ماوەی تەقینەوەی گڕکانیش جیادەکەنەوە ئەگەر پێش هەزاران ساڵیش ڕوویدابێت.

کەواتە نهێنییەکانی سەرەتای بەدیهێنان لە زەویدا بوونی هەیە ئەوە یاسایەی لەم دراوانەوە هەڵیدەهێنجێنین ئەمەیە: «هەموو شتێك لە کتێبێکدا پارێزراوە»، بەڵام پیتەکانی ئەم کتێبە گەردیلەکانن! هەموو ئەم دۆزینەوانەش لە سەدەی بیستەمدا بوون. ئەو بانگەوازەی قورئانی پیرۆز بەر لە چواردە سەدە کردوویەتی، دووپاتیدەکاتەوە کە نهێنیی سەرەتای بەدیهێنان لە زەویدا بوونی هەیە. پەروەردگار فەرمانی داوە بە زەویدا بگەڕێین و تەماشا بکەین و ڕابمێنین و بکۆڵینەوە لە کات و چۆنیەتی دەستپێکردنی بەدیهێنان، با دڵنیای دڵنیا بین کە خوای گەورە هەق و ڕاستییە و هەر خۆی توانای دووبارە گێڕانەوەی بەدیهێنانی هەیە لەڕۆژی قیامەتدا، پەروەردگار دەفەرمویێت: ﴿ قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا۟ كَيْفَ بَدَأَ ٱلْخَلْقَ ۚ ثُمَّ ٱللَّهُ يُنشِئُ ٱلنَّشْأَةَ ٱلْءَاخِرَةَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٠﴾ ﴾ العنكبوت.

**هەندێك لە سەرچاوەکانی نووسەر:**


1. http://pubs.usgs.gov/gip/geotime/divisions.html
2. http://geology.utah.gov/surveynotes/gladasked/gladage.htm
3.Scientists to Unearth Ice Age Secrets from Preserved Tree Rings, ScienceDaily (Apr. 6, 2010) — Oxford. http://www.sciencedaily.com/releases/2010/04/100405103837.htm
4.From Tree Rings to Ice Cores, http://www.bbc.co.uk/weather/features/science_nature/archaeological_dating.shtml
5. New Clue to How Last Ice Age Ended, ScienceDaily (Sep. 8, 2010) http://www.sciencedaily.com/releases/2010/09/100908132214.htm
6. Climate Reconstructions, www.ncdc.noaa.gov
7. http://www.climatevariabilty.com/
8.http://www.pmel.noaa.gov/foci/ice06/FOCI_Ice2006_archiveLatestImages.html
9.http://earthobservatory.nasa.gov/Features/Paleoclimatology_IceCores/
10. http://www-bprc.mps.ohio-state.edu/Icecore/front-page.html


تێبینی: پوختەواتای ئایەتە پیرۆزەکان لە (تەفسیری ئاسان، بورهان محمد أمین) وەرگیراوە.



# باڵندەی دroomان

و: مەقسود عومەر

جیهان لە ڕێگەی ئەو بوارەوە ئاشنای ئەم باڵندەیە بوون، کە لێهاتوییەکی سەرسوڕهێنەری هەیە لە دروستکردنی هێلانەکەیدا، بە جۆرێك کە دەیهۆنێتەوە و دەیدورێت، لەم کارەشیدا گەڵایەك یان زیاتری درەختێکی گەورە لێك دەدات و دەیدورێ، پاشان نەخشەی لە شێوەی تونێلێکی ناوپۆشکراو بۆ دەکێشێت، کە لە لۆکە و خوری و ریشاڵی نەرم پێکهاتووە، سەرچاوەی ئەو ناوپۆشەش، ڕووەك و درەخت و دەرزووی ئاوریشمی قۆزاخەی ئاوریشمە.

بێگومان ئەو تەکنیکەی کە لە دروستکردنی هێلانەکە دا بەکارهاتووە و، ئەو دەست ڕەنگینیەی کە بۆ ئەنجامدانی کارەکەی لە هەڵبژاردنی گەڵاکاندا بەکاری دەهێنێت، دەرئەنجامی ڕێنموونیەکی خوداییە، پاك و بێگەردی بۆ خودا، هەروەك چۆن لە مرۆڤیشدا بەرگدروو و بیناساز و ڕاووچی و جووتیار هەیە، هەربەم شێوەیەش لە جیهانی ئاژەڵ و باڵندەکانیشدا، بەرگدروو و ڕاووچی و جووتیار هەیە، پاك و بێگەردی بۆ خودا کە دەفەرموێت: ﴿ وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم ۚ مَّا فَرَّطْنَا فِى ٱلْكِتَٰبِ مِن شَىْءٍ ۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ ﴿٣٨﴾ ﴾ الأنعام.

سەرچاوە:

https://www.africanexponent.com/post/amazing-nests-built-by-african-birds-129



# ڕووەکانی ئیعجاز لە میراتی لە ئیسلامدا

بەشی سێیەم / کۆتایی

ن: پرۆفیسۆر ئەحمەد یوسف سلێمان.        و: مافناس دایکی لانە.

لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێك سیستەم لەوانە سەرمایەداری و سۆسیالیستی ڕەخنەیان لە سیستەمی میراتی ئیسلام گرتووە:

ڕەخنەی سۆسیالیستەکان لە میراتی:

١- پێدانی سامان بە کەسانێك کە شیاوی نین لەبەرئەوەی هیچ ماندوو نەبوون و کاریان بۆ نەکردووە.

٢- لەوانەیە میراتی ببێتە هۆی زاڵبوونی ئارەزووی قۆرخکردن لەلای تاکەکان بە مەبەستی کۆکردنەوەی سامان هەتا بە میراتی بۆیان بەجێمێنێت.

لە وەڵامی ئەم ڕەخنانە دەڵێین کەسی مردوو ماندوو بووە ئەم سامانەی کۆکردۆتەوە لەوانەیە ئەگەر بزانێت سامانەکەی لە دوای مردنی کۆمەڵگا دەستی بەسەردا دەگرێت نەوەکانی و خێزانی و باو و باپیرانی لەگەڵ بێگانەدا هاوتا دەبن ئەوا هیچ هەوڵێك نادات بەڵکو ئەوەندە کار دەکات کە پێویستی پێیەتی، بەڵام ئەگەر زانی ئەوەی کە بەجێی دەهێڵێت دەدرێت بە نزیکترین کەسەکانی ئاسودە دەبێت. سیستەمی میراتی ئیسلامی لەسەر بنەمای ئابوری نییە بەڵکو لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی دارێژراوە، ئەو کۆمەڵگایەش کە پەیوەندی مرۆڤ بە منداڵ یان دایك و باوکیەوە هاوتا دەکەن بە پەیوەندی بە کەسانی ترەوە سەیر دەکات، کۆمەڵگایەکی سروشتی نییە. بەڵام قۆرخکردن ئەوە پەیوەندی نییە لە نێوان کۆکردنەوەی سامان و قۆرخکردنەوە لەبەرئەوەی هەزار هەیە قۆرخکارە و دەوڵەمەندیش هەیە کە سامانەکەی دوور لە قۆرخکردن کۆکردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئیسلام کە ڕێگای بە خاوەندارێتی داوە پێویستی کردووە کە لە ڕێگای حەڵاڵ و شەرعیەوە سامان کۆبکرێتەوە و خەڵك ئاگاداردەکاتەوە لە ستەمکردن، فێڵ و بەرتیل و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و دەستبەسەرداگرتن و دزی حەرامکردووە.

ڕەخنەی سەرمایەداری: سیستەمی سەرمایەداری دوو ڕەخنە ئاراستەی میراتی دەکات:

١- میراتی دەبێتە هۆی هەڵاوسانی سامان و هێشتنەوەی لە دەستی چینێك لە خەڵکدا.

٢- میراتی دەبێتەهۆی بڵاوکردنەوەی سامان ئەمەش کاردەکاتە سەر وەبەرهێنانی ئەو سامانە بەشێوەیەکی باش.

ڕەخنەی یەکەم: دەبوو بەرەو ڕووی میراتی نەکرێتەوە لەبەرئەوەی میراتی سامان بڵاودەکاتەوە بۆ ناو خێزانەکانی تر دووبارە دابەشدەکرێتەوە.

ڕەخنەی دووەم: ئەم ڕەخنەیە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ زەویە، بەڵام لە ئیسلامدا بەکارهێنان و وەبەرهێنانی زەوی بەپێی بەرژەوەندی کۆمەڵی ئیسلامییە زیاتر لە پارە و هۆکارەکانی تری وەبەرهێنان، ئەگەر بەرژەوەندی موسڵمانان لەوەدا بوو کە خاوەندارێتی زەوی بە شێوازێکی وابێت ڕێگا خۆش بکات بۆ وەبەرهێنانی زیاتر ئەوا شەریعەتی ئیسلامی ڕێگری لەمە ناکات بەمەرجێك ئەمە بنچینەکانی تری ئیسلام وەك میراتی و خاوەندارێتی نەبەزێنێت.

کاریگەرە کۆمەڵایەتیەکانی سیستەمی میراتی و وەسیەت لە ئیسلامدا:

میراتی لە ئیسلامدا کاریگەری کۆمەڵایەتی قوڵی هەیە کە لەمانەدا کۆدەکرێتەوە:

لێکنزیکردنەوەی چینەکان ئەمەش بە ڕوونی لە بڵاوکردنەوەی ساماندا دیارە بەشێوەیەك کە سامان لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا دەستاودەست ناکات ئەو کەسەی ئەمڕۆ دەوڵەمەندە دوای ساڵێك سامانەکەی دەگوازرێتەوە بۆ منداڵەکانی و نەوەکانی و کەسوکاری یان کەسێك کە هەژار بێت لەوانەیە لە منداڵەکانیدا یەکییان

بەهۆی میراتی کەسێکی یان هێنانی ژنێکی دەوڵەمەند کە میراتی بۆ دەمێنێتەوە بچێتەوە چینی ناوەند.

بەهێزکردنی پەیوەندی خێزان، نەوەکان پەیوەست دەبن بەیەکەوە بۆ نموونە کوڕ و باوك و ژن میراتی دەبەن یان کچ و کچی کوڕ و خوشك و باوك میراتی دەبەن، ئەوانەش کە بەشییان نییە قورئان داوا دەکات وەسیەتیان بۆ بکرێت بە بەشێك لە میراتی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كُتِبَ عَلَيۡكُمۡ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ إِن تَرَكَ خَيۡرًا ٱلۡوَصِيَّةُ لِلۡوَٰلِدَيۡنِ وَٱلۡأَقۡرَبِينَ بِٱلۡمَعۡرُوفِۖ حَقًّا عَلَى ٱلۡمُتَّقِينَ ١٨٠﴾ البقرة. واتە: پێویستکراوە لەسەرتان کاتێك یەکێکتان مەرگی نزیك بووەوە و سامان و ماڵ و دارایییەکی بەجێ دەهێشت، با وەسیەت بکات کە هەندێکی بدرێت بە دایك و باوکی و خزمانی بەشێوەیەکی جوان و لەبار و ئەمە پێویست و ئەرکە لەسەر خواناس و پارێزکاران.

تەنانەت ئەوانەش کە میراتی نایانگرێتەوە و وەسیەتیان بۆ نەکراوە، قورئان داوای کردووە کە بەشیان پێبدرێت وەك دڵنەوایی کردنیان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا حَضَرَ ٱلۡقِسۡمَةَ أُوْلُواْ ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينُ فَٱرۡزُقُوهُم مِّنۡهُ وَقُولُواْ لَهُمۡ قَوۡلٗا مَّعۡرُوفٗا ٨﴾ النساء. واتە: خۆ ئەگەر کاتێك لە دابەش کردنی میراتیدا خزمان و هەتیوان و هەژاران ئامادە بوون، ئەوە لەو میراتیە بەشیان بدەن و بەجوانی قسەیان بۆ بکەن (پیایاندا هەڵمەشاخێن). وەسیەتکردنیش ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی گرنگ دەبینێت لەبواری بەدیهێنانی یەکسانی کۆمەڵایەتی خوای گەورەش وەسیەتی دیاریکردووە کە لە سێیەك تێپەڕناکات بۆ ئەوەی ستەم لە بەشی میراتگرەکان نەکات و مەرجە کە مەبەست زیان گەیاندن نەبێت بە میراتگرەکان و پێویستە بۆ کارێکی چاکە بێت، یان یارمەتی کەسانێك بدات جگە لە میراتگرەکان بۆ بەردەوامبوون لە ژیانێکی سەربەرزانە ئەمە لە ڕێگەی وەسیەتکردنەوە دێتە دی، چەندین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی هەیە کاری گەورە دەکات بۆ فێرکردنی منداڵان و بەخێوکردنی هەتیوان یان نۆژنکردنەوەی ماڵی خودا وەسیەتکردن بەردەوامی دەدات بەکارەکانیان، واتا بەشێکی گرنگ لە پێویستیەکانی کۆمەڵگا دەتوانێت لەڕێگای ئەم وەسیەتانە پڕبکرێتەوە کە ئەمەش یەکسانی کۆمەڵایەتی دەهێنێتەدی هاوشانی ڕێگاکانی تر وەك زەکات و وەقف، وەسیەتکردنیش دەشێت بۆ دامودەزگا بێت تەنانەت دەشێت بۆ تاك بێت و دەشێت بۆ ناموسڵمان بێت.

ئیسلام بۆ ڕێکخستنی دابەشکردنی سامان تەنها پەنای بۆ میرات نەبردووە بەڵکو بەوەسیەت ئەم کارەی تەواوکردووە، وەسیەت بەوشێوەی ئیسلام ڕێگای پێداوە ئامانجی داپۆشینی خەرجییەکانی کۆمەڵگایە. ئایا بۆ تاکەکان بێت یان دەزگایەکی کۆمەڵایەتی یان زانستی کە بە ویستی خاوەنەکەی سێیەکی ئەو سامانە دەخاتە خزمەتی بەرژەوەندی کۆمەڵەوە لەبەرئەوەی خزمەتی کەسانێك یان لایەنی تر دەکات بێجگە لە میراتگرەکان.

سەرچاوە:
کتێبی (الاعجاز التشريعي في الميراث)، أحمد يوسف سليمان.

## ئاگاداری بۆ سەرجەم نووسەرانی ئازیزی گۆڤاری هەیڤ

تکایە لە کاتی نووسین و وەرگێڕانی بابەتدا ڕەچاوی ئەم مەرجانەی بڵاوکردنەوەی بابەت بکەن لە گۆڤاری (هەیڤ)دا:

1- بابەتەکان لە (1200) وشە زیاتر نەبن و درێژ نەبن، ئەم خاڵە توێژینەوە زانستیەکان ناگرێتەوە.

2- بابەتەکان ئیعجازیی بن یان خزمەت بە ئیمان و زانست بکەن.

3- سەرچاوەی بابەتەکان زانستی و باوەڕپێکراو بن و ئەگەر لە ئەنتەرنێتەوە وەرگیرابن دوور بن لە سایتی (دۆت کۆم، دۆت نێت، دۆت ئۆرگ) مەگەر هەواڵی زانستی بن ئەویش دەبێت لە سایتە هەواڵییە باوەڕپێکراوەکان وەرگیرابن.

4- ناو و ناونیشانی ئەلکترۆنی نووسەری لەگەڵ بێت.

5- ئەگەر بابەتەکان ئایەتی تێدابوو، نووسەر خۆی بیانکات بە (مصحف المدينة) نەك بە فۆنتی ئاسایی.

6- ئەگەر بابەتێك فەرموودەی تێدا بوو پێویستە فەرموودەکان تەخریج کرابێتن.

دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هەیڤ





# گوێ و هەستی بیستن

ئا/ زانا ئاوەکەلی

یەکێك لە ئەندامە گرنگەکانی لەشی مرۆڤ، کە یەکێکە لە ئەندامە هەستیارەکان و ئامێری بیستنی دەنگ و تێگەیشتن و لێك جیاکردنەوەی ئاوازە جیاوازەکانە (گوێ)یە.

گوێش وەکو هەموو ئەندامە هەستەوەرەکانی تر (چاو، لوت، زمان (چەشتن)، دەستلێدان (لمس)) توانای کارکردنی سنووردارە و، ناتوانێت لە دەرەوەی سنووری خۆیدا هیچ کارێك بکات. خۆ ئەگەر لە دەرەوەی ئەو سنوورە کاری بکردایە ئەبوویە مایەی ناڕەحەتیەك کە ئاواتت بە نەبوونی بخوازتایە!.

خوێنەری بەڕێز.. حەز ئەکەم پێش ئەوەی چاوەکانت بکەوێتە گوزەرکردن بەسەر وشەکاندا و بیانخوێنیتەوە، بیر و هۆشت بخەیتە کار و بیرکردنەوە و، لێکدانەوەت هەبێت بۆ هەموو ئەو وشە و خاڵانەی کە لێرەدا ئەیانخەینەڕوو.. ئەمانەش کەمێك لە بەرهەمەکانی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیای سەردەمن، کە بوونەتە هۆکاری باشتر ناسین و نزیکبوونەوە لە بەدیهێنەری بوونەوەر.

بەهۆی ئەم پێشکەوتنە بەرچاوەی زانستەوە باشتر تێدەگەین لە دانایی و کاربەجێیی پەروەردگار و، بە دڵنیایشەوە تێدەگەین لەوەی کە هیچ شتێکی بێ هۆ بەو شێوەیەی خۆی دروست نەکردوە و، ئەوەش باشترین و شیاوترین شێوەیە بۆ مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ. بۆت دەردەکەوێت کە پەروەردگار چەند بە میهر و بەزەییە بەرامبەر بە دروستکراوەکانی و، هەموو بوونەوەریشی لە پێناوی ئارامی و خۆشگوزەرانی ئەواندا فەراهەم هێناوە -بە تایبەتیش مرۆڤ- وەکو دەفەرمویێت: ﴿ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأَيَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٣﴾ ﴾ الجاثية. واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە بۆ ئێوەی ڕامهێناوە، بۆ خزمەتگوزاری ئێوە فەراهەمی هێناوە، هەموویشی تێکڕا بەخششن لەلایەن ئەو زاتەوە.. بەڕاستی ئا لەو بەخشش و دیاردانەدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێك کە بیر بکەنەوە و تێفکرن.

گوێ یەکێکە لە بەخششەکانی پەروەردگار بۆ دروستراوەکانی (کە ئێمە لێرەدا بە تایبەتی باس لە مرۆڤ دەکەین) تاوەکو زانیاری لەسەر جیهانی دەرەوەی پێ پەیدا بکات و، بەندایەتی خۆی بۆ پەروەردگار پێ دەرببڕێت و، سوپاسگوزاری بکات لەسەر ئەو نیعمەتانەی کە پێی بەخشیوە، وەکو دەفەرمویێت: ﴿ قُلْ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَكُمْ وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾ الملك. واتە: بڵێ: هەر خوایە کە ئێوەی دروست کردوە و دەزگای بینین و بیستن و تێگەیشتنی پێ بەخشیوون، کەچی کەمتان سوپاسگوزارن.

هەستیاریی بیستن لە کۆرپەڵەدا، لە نیوەی مانگی پێنجەمدا، پەیدا دەبێت.. لەبەرئەوە لەم کاتەوە منداڵ دەنگی دایکی دەبیستێت و، هەست بە لێدانەکانی دڵی دەکات. لە نزیکی مانگی حەوتەمدا وردە وردە دەتوانێت دەنگە تیژەکان ببیستێت و، لێکیان جیابکاتەوە.. پاشان دەست دەکات بە هەڵگرتن (خەزن کردن)ی ئەو دەنگانەی کە زۆر دووبارە دەبنەوە، کە ئەویش دەنگی باوکێتی، بۆیە لە کاتی لەدایکبوونیدا بە ئاسانی دەنگی باوکی ئەناسێتەوە، چونکە دەنگی ئەو لەو دەنگانەیە کە لە سکی دایکیدا بیستبووی و، لە مێشکیدا خەزنی کردبوو و، وا ئێستا دووبارە دەبێتەوە.

بیستن لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤدا کار دەکات، لەبەرئەوە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردووە بە بانگدان بە گوێی منداڵی تازەلەدایکبوو، بۆئەوەی یەکەم زانیاری (یەکەم شەپۆلەکانی دەنگیی) کە دەیبیستێت، وشە پیرۆزەکانی (الله أكبر) و وشەکانی شایەتیدان (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدا رسول الله) و هەموو وشەکانی تری بانگی پیرۆز بێت، وەك ئەبو رافیع دەگێڕێتەوە: (رأيت رسول الله ﷺ أذن في أذن الحسن بن علي حين ولدته فاطمة). أبو داود والترمذي. واتە: پێغەمبەرم ﷺ بینی بانگیدا بە گوێی حەسەنی کوڕی عەلیدا، ئەوکاتەی لەدایکبوو.

گوێ تاکە هەستەوەرە لەکاتی نوستنی مرۆڤدا نانوێت و لەکار ناکەوێت، بۆیە هەمیشە مرۆڤە نوستووەکان بەهۆی بانگکردنەوە، یان بەهۆی هەر دەنگێکەوە بێت بەخەبەر دەهێنرێن، چونکە لەو کاتەدا هەستی

بیستن لە کاری خۆی بەردەوامە و، شەپۆلە دەنگیەکان دەگەیەنێتە مێشکی مرۆڤ و، بەئاگای دەهێنێتەوە.

خوای پەروەردگار ئاماژەی بەم ڕاستیە زانستیە کردووە بە ئاشکرا، لە باسی یارانی ئەشکەوتدا: ﴿فَضَرَبْنَا عَلَىٰٓ ءَاذَانِهِمْ فِى ٱلْكَهْفِ سِنِينَ عَدَدًا ١١﴾ الكهف. واتە: چەندەها ساڵ لە ئەشکەوتەکەدا پەردەمان هێنا بەسەر گوێیاندا (گوێیانمان لەکار خست (تا بە ئارامی و بە خەوتوویی بمێننەوە).. لەم ئایەتە پیرۆزە ورد ببینەوە و تێبفکرین؛ بڵێی بۆچی پەروەردگار نەیفەرمووە پەردەمان هێنا بەسەر چاو، یان دەم، یان لوتیاندا؟ لەناو هەموو هەستیارەکاندا ئاماژەی بە گوێ داوە؟! دیارە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مرۆڤی نوستوو تەنها گوێی بە چالاکی دەمێنێتەوە و لەکار ناکەوێت، خوای گەورەش ئەو سوننەتە کەونیەی خۆی تێك نادات و، ئاماژەش بە ڕاستیەکی زانستی دەکات؛ ئەویش ئەوەیە کە تاکە هەستەوەرە بەئاگاکەیان گوێیە و، ئەوەتا لەکاری دەخات و ناهێڵێت ببیستێت.. بەمەش یەکێك لە هۆکارەکانی بەئاگانەهاتنەوەیان بۆ ماوەی (٣٠٩) ساڵ ڕوون دەکاتەوە، وەك بەڵگەیەك کە ئەم قورئانە گوتەی خۆیەتی و، ڕاگەیەنەری قورئانەکەش پەیامبەر و نێردراویەتی.

با بزانین دەنگ چیە؟ و چۆن دەبیسترێت و کەی دەبیسترێت و کەی نابیسترێت و بۆ نابیسترێت؟

دەنگ شەپۆلێکی میکانیکی درێژەوە، لە زنجیرەیەك پەستاوتن و شاشبوون پێکدێت.. لەئەنجامی لەرینەوەی ئاسایی تەنەکانەوە -هەر تەنێك بێت- پەیدا دەبێت.. بە ناوەندە ماددیەکاندا (هەوا — ئاو - تەنی ڕەقی وەکو تەلی تەلەفون) تێپەڕ دەبێت و، دەگاتە گوێی مرۆڤ و، هەستی پێ دەکات.

توانای بیستنی گوێ سنووردارە و، گوێی مرۆڤ ئەو دەنگانە دەبیستێت کە لەرەلەرەکانیان لە نێوان (٢٠ هێرتز) تا (٢٠٠٠٠ هێرتز) دایە.. لە (٢٠ هێرتز) کەمتر (واتە کەمتر لە ٢٠ جار لە چرکەیەکدا بلەرێتەوە) پێی دەوترێت (خوار دەنگ) یان (خوار بیستن) و، لە (٢٠٠٠٠ هێرتز) زیاتر (واتە زیاتر لە ٢٠٠٠٠ جار لە چرکەیەکدا بلەرێتەوە) پێی دەوترێت (سەروو دەنگ) یان (سەروو بیستن)، کە هیچیان مرۆڤ نایبیستێت.

لە پێناسەکەی دەنگەوە کە وتمان زنجیرەیەك پەستاوتن و شاشبوونە لە ناوەندێکدا، ئەو ناوەندەش کە ئێمە تیایدا دەژین و گفتوگۆی تیادا دەکەین و ژیانی تیادا دەگوزەرێنین هەوایە و، لەبەرئەوەی کە پەستاوتنە، واتە پەستان یان (فشار)ی هەیە، ئەوا ئەو فشار و پەستانەی کە دەنگەکە دروستی دەکات کار دەکاتە سەر گوێ و، پەردەکانی گوێ دەلەرێنێتەوە و، دەبێتە هۆی بیستنی دەنگەکە و، گۆڕینی بۆ شتی واتادار (بە تایبەتی لەکاتی قسەکردندا).

ئەو پەستانەش کە گوێی مرۆڤ ئەتوانێت بەرگەی بگرێت و ببێتە هۆی لەرانەوەی پەردەکانی گوێ و، هەستی پێ بکرێت لە نێوان (٢٠×١٠-٦نت/م٢) و (٢٠نت/م٢) دایە، واتە ئەگەر پەستانی دەنگەکە لە (٢٠×١٠-٦نت/م٢) کەمتر بێت ئەوا نابێتە هۆی لەرانەوەی پەردەکانی گوێ و، سەرەنجام هەست بەو دەنگە ناکرێت.. خۆ ئەگەر پەستانی دەنگەکەش لە (٢٠نت/م٢) زیاتر بێت ئەوا دەبێتە هۆی تەقاندن و دڕاندنی پەردەکانی گوێی مرۆڤ و، کەڕبوونی و، زۆرجار مردنیشی.

پێغەمبەری ئازیزیش ﷺ ئاماژەی بە سنوورداریی گوێی مرۆڤی کردووە و، دەفەرموێت: (العبد إذا وضع في قبره وتولى وذهب أصحابه، حتى إنه ليسمع قرع نعالهم، أتاه ملكان، فأقعداه، فيقولان له: ما كنت تقول في هذا الرجل محمد ﷺ ؟ فيقول: أشهد أنه عبد الله ورسوله. فيقال: انظر إلى مقعدك من النار، أبدلك الله به مقعدا من الجنة. قال النبي ﷺ فيراهما جميعا. و أما الكافر أو المنافق فيقول: لا أدري، كنت أقول ما يقول الناس. فيقال: لا دريت ولا تليت. ثم يضرب بمطرقة من حديد ضربة بين أذنيه، فيصيح صيحة يسمعها من يليه إلا الثقلين). البخاري (١٣٣٨) ومسلم (٢٨٧٠). واتە: کاتێك بەندەیەك ئەخرێتە گۆڕەوە (بەخاك ئەسپێرێت) و خەڵکی و هاوەڵەکانی بەجێی دێڵن، بەئاگایە و تەنانەت گوێی لە تەقەی نەعلەکانیانە. لەو کاتەدا دوو فریشتە دێنە لای و، لێی ئەپرسن: دەربارەی ئەو پیاوە (محمد ﷺ ) چی ئەڵێیت؟ ئەڵێت: شاهێدی ئەدەم کە بەندە و پێغەمبەری خوایە. پێی دەڵێن: بڕوانە.. ئەوە شوێنەکەتە لە ئاگردا، بەڵام خوای گەورە بۆی گۆڕیت بە جێگایەك لە بەهەشتدا. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: هەردووکیان ئەبینێت.. بەڵام بێباوەڕ یان دووڕوو لە وەڵامدا ئەڵێت: نازانم.. منیش هەر ئەوەم ئەووتەوە کە خەڵکی ئەیانگوت. پێی ئەوترێت: نەتزانیوە و نەتوتووە. پاشان بە گورزێکی ئاسن ئەکێشن بە نێوانی هەردوو گوێیدا (پشتی سەریدا)، ئەویش هاوار کردنێك هاوار ئەکات کە هەرچی لە دەوریدا بێت ئەیبیستێت تەنها مرۆڤ و جنۆکە نەبێت.

دەبینین لێرەدا پێغەمبەر ﷺ ئاماژەیدا بەوەی کە توانای بیستنی مرۆڤ و جنۆکە جیاوازە لە توانای بیستنی گیاندارانی تر، کە زانست بە دەیەها سەدە دوای ئەم گوتەیە باسی جیاوازیی توانای بیستنی گیانداران و مرۆڤیان کردوە.

**لەم وێنەیەدا سنووری بیستنی هەندێك لە زیندەوەرانی تێدا روون کراوەتەوە:**




ئێستا لێرەدا هەڵوێستەیەك وەربگرە و، لە خوێندنەوە بوەستە و، تۆزێك بیر بکەرەوە و، بکەوەرە هەڵسەنگاندن.. تۆ بڵێی ئامێرێکی وا هەستیار کە بەم مەرج و پێوەندانەوە کاردەکات، هەروا و بەهەرەمەکی و لەخۆیەوە بەرنامەڕێژی بۆ کرابێت؟!!

ئەگەر وەڵام دەدەیتەوە: بەڵێ بە هەرەمەکی و لەخۆوەیە، چۆن ئەتوانیت قەناعەت بەخۆت بکەیت کە ئەم هەموو وردەکاریە لەخۆیەوە دروست ببێت لە کاتێکدا دڵنیام ناتوانیت قەناعەت بەخۆت بکەیت کە تەنها پەڕە کاغەزێکی سپی خەت کێشراو لەخۆیەوە دروست بووبێت و خەتی بۆ کێشرا بێت؟

خۆ ئەگەر وەڵامەکەت نەخێرە.. کە دیسان دڵنیام ئەمە وەڵامەکەتە و، دەڵێیت لەخۆیەوە بەرنامەڕێژی بۆ نەکراوە، چونکە خۆی دەسەڵاتی نیە خۆی بەرنامەڕێژی بۆ خۆی بکات.. ئەی کێیە بەرنامەڕێژکەری ئەم ئامێرەیە، کە ئەوەندە بچووکە لە قەبارە و، گەورەیە لە کار و فەرماندا؟ چ کەسێك و چ سەرچاوەیەك و چ کتێبێك شك ئەبەیت جگە کتێبەکەی پەروەردگار و گوتەکانی نێردراوەکەی، کە بەو ئاشکراییە و، لەپێش

ئەماندا ئاماژەی بەو ڕاستیە زانستیانە دابێت؟

با لە دووی بابەتەکە بڕۆین تا دەگەینە وەڵام..

**باشە ئەگەر لەم کەمترین سنوورەی کە دانراوە ببیسترایە چی ڕووی ئەدا؟**

ئەی ئەگەر تەنێك (کە دەنگی لێوە دەردەچێت) زیاتر بە لە (٢٠٠٠٠ هێرتز) بلەرێتەوە (لە سەروو دەنگەوە) چی لێ دێت و چی ڕوو ئەدات؟!!

ئەی باشە پێغەمبەر ﷺ ئەگەر پێغەمبەر نەبووە و، دروستکەری گوێکە خۆی ئاگاداری نەکردوەتەوە لەم سنووردارییە، چۆن بەمەی زانی لەپێش زیاتر لە ١٠٠٠ ساڵ لەمەو پێش و، بێ بوونی هیچ ئامێرێکی پێشکەوتووی وەك ئەوانەی کە ئێستا هەن و ئەم ڕاستیانەیان پێ ئەدۆزرێتەوە؟!!

پاش بیرکردنەوەکەت بەردەوام بە لە خوێندنەوە و، لەگەڵم وەرە بۆ ئەم وەڵامە سەرسوڕهێنەرانە:

١) ئەگەر تەنە لەراوەکەی کە دەنگەکە دروست دەکات لەرەلەرەکەی لە خوار بیستنەوە بوو (٢٠ هێرتز) کەمتربوو: ئەوا بێگومان دەنگەکە نەدەبیسترا و، لە پێوەری گوێی مرۆڤدا حسابی نەبووی بۆ دەکرا، بەڵام زۆرێك لە گیانداران دەیانبیستن، لەوانە فیل و ماسی.

لێرەوە پووچی ئەو گوتەیە فێردەبین کە دەڵێن: (هەرچی بەهەستەکان -بینین، بیستن، تام، بۆن، بەرکەوتن- هەستی پێنەکرێت بوونی نیە)، چونکە ئەوەتا زانیمان کە لەرینەوە هەیە و، زیندەوەرانێکیش هەن کە دەیانبیستن، بەڵام ئەوەی کە نایبیستێت گوێی ئێمەی مرۆڤە، ئەویش بەهۆی سنوورداریی توانای بیستنمانەوە، نەك بەهۆی نەبوونی لەرینەوەکە (دەنگەکە) خۆیەوە.

**ئەی ئەگەر گوێی ئێمە وابوایە لەو سنوورە کەمتری ببیستایە ئەوا چی؟!!**

ئێستا بۆ وەڵامەکەی سەرەوە خۆت بخەرە ئەو واقیعەی کە گوێی تۆ لە خوار بیستنەوە دەبیستێت، ئەو کاتە خۆت بێنەرە پێش چاوت، بزانە خەو و ئیسراحەت هیچ مانایەکی لەژیانی تۆدا ئەما ئەگەر قالۆنچەیەك بڕۆشتایە بە تەنیشتی پشتیەکەتدا و، خشەخشی قاچەکانی وەکو زنجیری تایەی دەبابە وابوایە و، تەپەتەپی پێی مێروولەکە تەنانەت بەژێر فەرشی ژووری نوستنەکەتدا بڕۆشتایە وەکو دەنگی دەهۆڵکوتین وابوایە و، دەنگی فڕینی باڵی مێشووله وەکو کۆپتەر.. یان گوێت لە هاوار و ناڵەی مردووەکانی گۆڕستان بووایە لەکاتی ئازارادانیاندا ؟!!

ئەو کاتە کەی مرۆڤ دروستکراوێکی کۆمەڵایەتی دەبوو؟

لەکوێ بەکەڵکی قەرەباڵغی و لەگەڵ خەڵکیدا ژیان ئەهات؟

لەکوێ ژیان بەردەوام ئەبوو؟ لە کاتێکدا هەموو ئەمانە و زۆرێکی تریش کە باسمان نەکردن هۆکاری بەردەوامیی ژیانی مرۆڤن.

٢) ئەگەر لەرەلەری تەنەلەراوەکە لە (٢٠٠٠٠ هێرتز) زیاتربێت، ئەوا چی؟!

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد لە (٢٠٠٠٠ هێرتز) زیاتر پێی دەوترێت شەپۆلەکانی (سەروو دەنگ) (سەروو بیستن) کە ئەمەش دیسان مرۆڤ نایبیستێت و، بابەتێکی فراوان و سەربەخۆیشە و، دانایی پەروەردگاری بەئاشکرا تێدا دەدرەوشێتەوە، کە لە خوارەوە بە ڕوونی باسی لێوە ئەکەین:

شەپۆلەکانی (سەروو دەنگ) کۆمەڵێك سیفەتی تایبەتی خۆیان هەیە، لە هەندێك لە سیفەتەکانیاندا وەکو شەپۆلە ئاساییەکانی دەنگ وان، ئەویش لەبەر ئەوەی کە زیانی نیە بۆ مرۆڤ و دروستکراوەکانی تر، بەڵام لەو سیفەتانەیاندا کە ئەگەر وەکو دەنگ وابوونایە زیانیان دەگەیاند بە مرۆڤ.. بە فەرمانی پەروەردگار جیابوونەتەوە لە دەنگ و، بەمەش پەروەردگار بە میهری خۆی و بەدانایی و زانایی خۆی شەپۆلەکانی (سەروو دەنگ)ی کۆکردۆتەوە و، نەیهێشتووە زیان بگەیەنن، بۆیە سەرەنجام تەنها سوودەکانی ماوەتەوە!!.

با پێکەوە هەندێك لە سیفەتەکانی شەپۆلەکانی (سەروو دەنگ) بدەینە بەر بێژنگی بیرمان و، بەراوردیان بکەین لەگەڵ ئەو دەنگانەی کە ئێمە دەیبیستین:

١- شەپۆلی میکانیکی درێژڕەون و، بە ناوەندە ماددیەکاندا دەگوێزرێنەوە. ئەم سیفەتەی (سەروو دەنگ) هەمان سیفەتی دەنگی هەیە، چونکە هیچ زیانێك نابەخشێت کە بەم شێوەیە بێت.

٢- لەرەلەرەکانیان لە (٢٠٠٠٠ هێرتز) زیاترە.. لەم سیفەتەیدا جیاوازە لە دەنگ و، ئەمەش وادەکات کە گوێی مرۆڤ نەتوانێت بیبیستێت.

٣- وزەیەکی زۆریان هەیە.. ئەم سیفەتەش جیاوازە لەدەنگ و، ئەم وزە زۆرەی وای لێ کردووە کە ئەگەر بەر گوێی مرۆڤ بکەوێت، ئەوا بەشەکانی ناوەوەی تێك ئەدات و، لەکاری دەخات (دەیتەقێنێت)، کە بەمەش زۆر جار کۆتایی بە ژیانی مرۆڤ دێت و دەمرێت.. دەشبینین بەهۆی ئەم وزە زۆرەیەوە لەزۆر بواری ژیانیدا بەکاردەهێنرێت؛ بۆ نموونە بۆ پاکردنەوەی شلەکان لە بەکتریا و ڤایرۆسەکان، بە جۆرێك کە ئەگەر ئەم شەپۆلەیان ئاراستە بکرێت، پەستانێکی زۆری وا لە شلەکەدا دروست دەکات کە هەزاران جار لە پەستانی هەوا زیاترە.. ئەمەش دەبێتە هۆی کوشتنی هەموو گیانلەبەرەکانی ناوی (وەك ڤایرۆس و بەکتریاکان).. تەنانەت دەبێتە هۆی وردکردنی هەموو ئەو تەنە ڕەقانەش کە لەناو شلەکەدا هەیە، هەر بۆیە لە شکاندنی بەردی گورچیلەشدا بەکار دەهێنرێت.

جا ئەگەر ئەم شەپۆلانە توانای شکاندنی بەردی گورچیلە و تەنە رەقەکانی تریان هەبێت، پەستانێکی وا دروست بکەن کە هەزاران جار زیاتر بێت لە پەستانی هەوا، ئەوا ئەو پەردە تەنکانەی گوێ چۆن بەرگەی دەگرێت و ناتەقێت و لەکاری ناخات؟!!

پێش ئەوەی سیفەتی چوارەمی باس بکەین، لەو دوو سیفەتەی سەرەوە ترسناکی شەپۆلەکانی سەروو بیستنمان بۆ دەرکەوت لەسەر ژیانی مرۆڤ، کە ئەگەر پەروەردگار بەدانایی خۆی ڕێگریی لەم زیانانەی نەکردایە، ئەوا ژیان بەردەوام نەدەبوو و، هەر لە زووەوە مرۆڤایەتی کۆتایی پێ هاتبوو. ئەم دوو سیفەتەی خوارەوە بە ئاشکرا سنووردار کردنی کاری شەپۆلەکانی (سەروو دەنگ) و، پارێزگاریکردنی مرۆڤی تێدا دەردەکەوێت لەلایەن بەدیهێنەری کاربەجێوە.

٤- بە ڕێگەی تەکنیکی تایبەت و لەماددەی تایبەتی وەکو (کریستاڵی کوارتز و خوێی ڕۆشێل) بەرهەم دەهێنرێت.. بۆ باشتر حاڵی بوون لەم سیفەتە با بەراوردی بکەین لەگەڵ دەنگدا:

پێشتر وتمان دەنگ لە هەموو ماددەیەکەوە دەردەچێت، وەك پیاکێشان بە تەختەیەکدا، بە شووشەیەکدا، بە دیوارێکدا، کەوتنەخوارەوەی پەرداخێك، لەرانەوەی ژێی قوڕگی دروستکراوەکان

-بە مرۆڤ و گیانلەبەرانیشەوە- رۆیشتنی ئوتومبیلێك، كردنەوەی دەرگایەك.. هەروەها زۆربەی جووڵەكان لە ژیانماندا دەنگ بەرهەم دەهێنێت، هەرچەندە لە تەنە جیاوازەكانیشەوە بێت.

**با بیر بكەینەوە: ئەگەر لە هەموو ئەم ماددانەوە كە دەنگ دەردەكەن شەپۆلەكانی (سەروو دەنگ) دەربچووایە، ئایا ژیان بەردەوام دەبوو؟!**

بێگومان نەخێر.. چونكە ئەو شەپۆلانە بەر گوێی مرۆڤەكان دەكەوتن و، هەموویانی لەناو دەبرد.. بۆیە پەروەردگاری كاربەجێ فەرمانی داوە كە لەم سیفەتەیاندا لە دەنگ نەچن و، تەنها لە ماددەی تایبەتەوە دەربچن، بۆ ئەوەی زیان و مەترسیان لەسەر ژیانی مرۆڤ نەبێت.

لەوانەیە بپرسیت: ئێ باشە ئەگەر مرۆڤ كاری كەوتە ئەو ماددانەی كە ئەم شەپۆلانەی لێوە دەردەچێت (كوارتز و خوێی رۆشێل) و، پێویستی پێیان هەبوو؟ ئەو كاتە ئەبێت بمرێت (ئەگەر بەكاری هێنان) یان ئەبێت هەر بەكاریان نەهێنێت؟!! ئەی ئەگەر بەكار نەهێنرێت، بڵێی بۆچی پەروەردگار دروستی كردبن؟

وەڵامی ئەم پرسیارەش هەر لە سیفەتی چوارەمدا دەبینین كە دەڵێت: بە رێگەی تەكنیكی تایبەت بەرهەم دەهێنرێت.. واتە مرۆڤ دەتوانێت بە ویستی خۆی و، بە هەموو شێوەیەكیش بەكاریان بهێنێت، با چەندان جاریش ئەو پارچە كوارتزەت لە دەست بكەوێتە خوارەوە و، بكێشێت بە زەویدا، ئەو كاتە تەنها دەنگ دەردەكات، وەكو هەموو ماددەكانی تر و، هیچ مەترسیەكی نیە.. چونكە پەروەردگار بواری نەداوە هەموو كاتێك شەپۆلەكانی (سەروو دەنگ)یان لێ دەربچێت، بەڵكو تەنها مەگەر بەو تەكنیكە تایبەتە نەبێت، ئەویش ئەوەیە كە ئەبێت بوارێكی كارەبایی گۆڕاوی بخرێتە سەر، بە لەرەلەرێك كە لە (٢٠٠٠٠ هێرتز) زیاتر بێت و، بە مەرجێكیش لەگەڵ كوارتزەكەدا بكەوێتە باری زرنگانەوەوە.. كە ئەمەش زۆر بە ناڕەحەت بەرهەم دێت و، پێویستی بە ئامێری تایبەت دەبێت، ئەگەر مەبەستیشت بێت كە شەپۆلەكانی (سەروو دەنگ) بەرهەم بهێنیت.

باشە خۆ پێشتر ئاماژەمان بەوەدا كە ئەم شەپۆلانە گرنگی زۆریان هەیە لە ژیاندا و، بۆ زۆر مەبەست بەكار دێن (هەرچەندە باسی كەمێكیمان كرد) . كەواتە هەر ئەبێت هەوڵ بدرێت كە بەرهەم بهێنرێت.. دەی ئەو كاتە ئەبێت ئەو كەسەی بەرهەمی دەهێنێت و، ئەو كەسەیشی بەكاری دەهێنێت بمرێت، چونكە وا ئێستا شەپۆلەكە بوونی هەیە و، بەرهەم هات و، شەپۆلەكەش بەو شێوەیە زیانبەخش و كوشندەیە!!.

وەڵامی ئەم پرسیارەش لە سیفەتی پێنجەمیدا وەردەگیرێت:

٥- بە گورزەی تەسك بڵاو دەبنەوە و، دەتوانرێت بە ئاراستەی پێویست ئاراستە بكرێن.

بەڕاستی جێگای خۆیەتی تەواو بیر و هۆشت چڕ بكەیتەوە لەسەر بابەتەكە و بە ویژدانەوە بڕیار بدەیت لەسەر بێخاوەنی یان خاوەنداری ئەم بوونەوەرە و، ئایا ئەو خاوەن و دروستكارە تا چەندێك وردەكار و دانا و زانا و كاربەجێیە؟!

هەموومان دەزانین دەنگ بە هەموو ئاراستەیەكدا بڵاو دەبێتەوە، واتە ئەگەر مرۆڤێك قسە بكات و، بە چواردەوریدا و بە شێوەیەكی بازنەیی گوێگر دابنیشێت، هەموویان گوێیان لە قسەكانی دەبێت، چونكە قسەكانی (دەنگەكە) تەنها بە یەك ئاڕاستە ناڕوات و بەوی تریاندا نەڕوات، بەڵكو بە هەموو ئاڕاستەیەك بڵاو دەبێتەوە. بەڵام شەپۆلەكانی (سەروو دەنگ) لەم سیفەتەشیاندا جیاوازە لە دەنگ، چونكە ئەگەر وەكو ئەو وابوایە دیسان دەبوو بەهۆی لەناوبردن و كوشتنی مرۆڤەكان.. وتمان: بە گورزەی تەسك و، تەنها بە ئاڕاستەی مەبەست و پێویست بڵاو دەبنەوە.. واتە بەكارهێنەری ئەم شەپۆلە بۆ كوێی مەبەست بوو ئاڕاستەی ئەو شوێنەی دەكات و، ئیتر بۆ هیچ شوێنێكی تر ناچێت و، مەترسیی لەسەر هیچ كەسێكی تر نابێت، هەرچەندە لە تەنیشتی شەپۆلەكەشدا بێت.

بۆ زیاتر روونكردنەوەی مەبەستم، دەزگای سۆنار، كە زۆرێكمان لە ژیانی رۆژانەماندا ڕێمان تێی كەوتووە، یان ئامێری شكاندنی بەردی گورچیلە، كە بە شەپۆلی (سەروو دەنگ) كار دەكەن.. ئەگەر بهاتایە و ئەم سیفەتەی لە دەنگ بچوایە و، بە هەموو ئاڕاستەیەك بڵاو بوایەتەوە، ئەوكاتە نەخۆشەكە و دكتۆرەكە و هەموو ئەو كەسانەش كە لەوێدا ئامادەن تووشی ئەم زیانانە ئەهاتن و ئەمردن.. بەڵام پەروەردگار فەرمانیدا كە تەنها بەیەك ئاڕاستە بۆی هەیە بجووڵێت، كە بۆ شوێنی مەبەست بەكار دەهێنرێت، بەمەش زیانەكانی نەما و، بوو بە سوود و خێر بۆ مرۆڤایەتی!!.

خوێنەری بەڕێز وردبەرەوە لەم هەموو وردەكاری و سنووردارکردن و بەمەرج ئیشكردنەی گوێی خۆت، كە هێشتا لەوانەیە زانستی سەردەم كەمێكی لە كار و فەرمان و مەرجەكانی كاركردنی دۆزیبێتەوە -هەرچەندە من تەنها لە ڕووی فیزیایی و كاركردنیەوە، لە كەمێكی دوواوم- ئەگەر بچیتە سەر چۆنێتی دروستبوونی و، كاتی دروستبوونی لە سكی دایكدا و، پێكهاتەی لە ڕووی بایۆلۆجییەوە، ئەو كاتە تەواو سەرسام دەبیت و، جگە لە شاهێدیدان بە بوونی خاڵقێكی دانا و زانا و كاربەجێ، هیچ شتێكی تر نابێت بە وەڵام بۆ هەموو ئەم پرسیارانە و، ئەوانەی كە لە بیر و فكری من و تۆ و هەموو مرۆڤەكاندا دروست دەبێت.

لە كۆتاییشدا حەز دەكەم خۆشت خاڵی زیاتر لەسەر بابەتەكە بدۆزیتەوە و، دیقەت بدەیت و، بزانیت:

١- ئایا ئەم ئەندامەی لەشی تۆ (گوێ) ئەوەندە ئەندامێكی تەواو و كامڵە، تا هەرچی دەنگ و لەرانەوەیەك هەیە لە بوونەوەردا بیبیستێ؟ یان گوێی زۆرێك لە گیانداران لە گوێی مرۆڤ هەستیار تر و كارا ترە؟!

٢- ئایا ئەوەندە بەهێزی لەڕووی ئەم ئەندامەوە تا لەخۆت بایی بیت و بەخۆتدا بنازیت؟!

٣- ئایا سنووردارکردنی توانای بیستنی تۆ (نەبیستنی هەموو دەنگێك) بەو سنوورەی كە لێی دواین، بێ ڕێزیی بوو بە تۆی مرۆڤ، یان بەڕێز كردنت بوو؟ گونجاندنی بوو لە لایەن خوای پەروەردگارەوە بەو شێوەیەی كە ژیانێكی تەواو و ئاسوودەت بە كەمترین جەنجاڵییەوە بۆ فەراهەم بێنێت؟!

زانایان ئەوەیان بۆ دەركەوتووە كە فیل و ماسی بەهۆی شەپۆلەكانی خوار دەنگەوە لەناو خۆیاندا ئەدوێن و، لەبەرئەوەی ناوەندی گوێزەرەوەی دەنگی ماسی (ئاوە)، ئەوا بە هۆیەوە دەنگەكەی بۆ هەزاران كیلۆمەتر دەگوێزرێتەوە.

لە پاش ئەو لێكۆڵینەوانەی كە لە وڵاتی چین بە ئامێری (سیسمۆگراف) كرا كە ئامێرێكە

بەكاردەهێنرێت بۆ پێشبینیكردنی ڕوودانی دیاردە سروشتیەكانی وەكو زەمینلەرزە و بوركان و .. دەركەوت كە گیانداران لە هەموو زیندەوەرەكانی تر زیاتر پێشبینی ڕوودانی زەمینلەرزەكان دەكەن و، لە كاتی ڕوودانیاندا كردەوەی زۆر جیاواز لە كردەوەكانی كاتی ئاساییان ئەكەن، بۆ نموونە: مار لە كونەكانیان دێنە دەرەوە و، مریشك هێلانەكانیان بەجێدێڵن.. سەگ دەست دەكات بە وەڕین و، گوێڕایەڵی هیچ فەرمانێك ناكات كە پێی بكرێت.. مشك لە كونەكانیان دەردەچن و دەكەونە سەر جادەكان.. قازە كێوییەكان ئاوەكان بەجێدێڵن و، دەچنە سەر لوتكەی درەختە بەرزەكان.. لەمانەش سەیرتر ئەوەیە كە ئەم گیاندارانە لە دووری (١٥٠كم) لە شوێنی ڕووداوەكەوە هەستی پێ دەكەن، بۆیە زانایان سوودیان لەم توانای بیستنەیان وەرگرتووە بۆ هەستكردنی پێشوەخت بە ڕوودانی بوركان و زەمینلەرزەكان.

چۆنێتی هەست كردنیان دەگەڕێتەوە بۆ دەركردنی شەپۆلەكانی خوار دەنگ لەلایەن زەوی یەوە لەپێش ڕوودانی هەر دیاردەیەكی وەكو بوركان و زەمینلەرزە و شەپۆلە كشاوەكان (تسۆنامی)دا، ئەم گیاندارانەش توانای بیستنی ئەو شەپۆلانەیان هەیە و هەستی پێدەكەن، بۆیە بە چەند ساتێكی كەم پێش ئەوەی شەپۆلە كشاوەكان (تسۆنامی) لە كەنارەكانی ئەندەنوسیا بدات لە ساڵی (٢٠٠٤)دا، كە بە سەدان هەزار مرۆڤی لەناو برد، سەگەكان ناوچەكەیان بەجێ هێشت و، فیلەكان لە باخچەی ئاژەڵانی ئەو ناوچەیەدا ئەیانناڵان و هاواریان ئەكرد و ئەلەرزین لە ترساندا.

ئەوترێت ئەو كەسانەی كە یۆگا دەكەن و زیاتر لە شاخەكانی هندستان و چۆڵەوانیەكاندا و دوور لە قەرەباڵغی دەژین هەستیارییان بۆ بیستن زیاتر دەبێت لە مرۆڤی ئاسایی، بەڵام توانای بیستنیان نایەتە خوار (٢٠ هێرتز)ە وە، بەڵكو لەڕاستیدا مرۆڤی ئاسایی لە خوار (١٠٠٠ هێرتز)ەوە، ئیتر بەشێوەی چرپەچرپ ئەیبیستێت، بەڵام ئەوان زیاتر لەخوار هێرتزەوە بەشێوەی ئاسایی ئەبیستن.

بەڵام هەندێك گیانداری وەكو ئەسپ و سەگ و بۆق و باڵندە دەیبیستێت.

**لە گرنگی و بەكار هێنانەكانی شەپۆلی (سەروو دەنگ):**

- بۆ زانینی قوڵی دەریاكان و دەست نیشان كردنی ڕەوە ماسی ناو دەریاكان.
- بۆ دۆزینەوەی شوێنی قڵیش و بڵقەكانی ناو كانزاكان.
- بۆ پاكژكردنەوە و وردكردن و ساف كردن.
- لە نۆژداریدا بۆ شێلانی ماسولكەكان و، نەهێشتنی خانەكانی شێرپەنجە و، وردكردنی بەردی گورچیلە و، دەستنیشانكردنی شوێنی كۆرپەلە لە منداڵاندا و نەخۆشیەكانی دڵ و زۆر نەخۆشی تر بەكار دەهێنرێت.


**سەرچاوەكان:**

-Encarta Reference library encyclopedia
-http://perso.orange.fr/f5zv/RADIO/RM/RM11/RM11a01.html:
-http://lamap.bibalex.org/?Page_Id=10&Action=1&Element_Id=406&DomainScienceType_Id=4
-http://ar.chinaradio.cn/204/2005/08/30/81@45845.htm


# بانگ لە ئەسكیمۆ

ئا: عومەر تەیب

ئەمە وێنەی مزگەوتی ئەقسایە بەڵام لە قودسی داگیركراو نیە، بەڵكو لە ئەسكیمۆیە، لە باكوری بەستەڵەكی زەوی لە شارۆچكەی (ئیكالۆیت) كە پایتەختی ویلایەتی (نەنافوت)ە كە ڕووبەرەكەی زیاترە لە دوو ملیۆن كیلۆمەتر دووجا نزیكە لە ڕووبەری خاكی وڵاتی سعودیە، چەند كیلۆمەترێك لە نزیكترین بازنەی جەمسەری باكوری كەنەدایە و، دانیشتوانەكەی نزیكەی ٣٠٠٠٠ كەسە، هەندێ جار پلەی گەرمی بۆ ٦٠ پلەی ژێر سفری سەدی دادەبەزێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە پایتەختەكەیدا مزگەوتێك تازە بنیاتنراوە كە ژمارەی پێگەیشتوان لەو شارەدا (٧٠٠٠) كەسە و تەنها (٨٠) لەوانە موسڵمانن. لەبەر كەشوهەوای (ئیكالۆیت)، بڕی تێچوی دروستكردنی ئەو مزگەوتە كە دوو نهۆمە و، لە مانگی ئایاری ٢٠١٥ وە دەستی پێكراوە و، ڕووبەرەكەی ٤٠٠ مەتر دووجایە، (٧٥٠٠٠٠ دۆلار)ە. لە ساڵی ٢٠١٢ وە دەستیان كردوە بە كۆكردنەوەی كۆمەكیە خێرخوازیەكانی موسڵمانانی ویلایەتی نونافوت. پێش ساڵێك بە بەشێك لەو بڕە پارەیە پارچە زەویەكیان پێ كڕیوە و، بەوەی تر ئەم مزگەوتەیان بە منارەیەكی بەرزی سەر دوو نهۆمەكەوە دروست كرد. نهۆمی یەكەم تایبەتكراوە بە هۆڵ و كتێبخانە و، نهۆمی دووەمیش بۆ نوێژ، كە ٤٠ ئافرەت و ٧٧ پیاو لە خۆ دەگرێت.

لەگەڵ ئەو هەموو كەش و هەوا ساردەدا، ئەمە سێیەم مزگەوتە لە ساڵی ٢٠١٢ وە كە لە (ئەسكیمۆ) دروست دەكرێت و لەلایەن چەند ئەندازیارێكی موسڵمانەوە بە شێوەیەكی خۆبەخشانە نەخشەسازیان بۆ كردوون .

هەیڤ: پێغەمبەری خوا ﷺ پێش چواردە سەدە فەرموویەتی ئیسلام بە هەموو شوێنێك دەگات كە شەو و ڕۆژی پێ بگات:
(لَيَبْلُغَنَّ هَذَا الْأَمْرُ مَا بَلَغَ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ وَلَا يَتْرُكُ اللَّهُ بَيْتَ مَدَرٍ وَلَا وَبَرٍ إِلَّا أَدْخَلَهُ اللَّهُ هَذَا الدِّينَ بِعِزِّ عَزِيزٍ أَوْ بِذُلِّ ذَلِيلٍ عِزًّا يُعِزُّ اللَّهُ بِهِ الْإِسْلَامَ وَذُلًّا يُذِلُّ اللَّهُ بِهِ الْكُفْرَ.) الألباني – تحذير الساجد: ١٥٨ – على شرط مسلم.

سەرچاوە: العربیة. نت
http://www.alarabiya.net/ar/last-page/2016/02/12





# ژیانەوەی زەوی لە دوای مردنی

و: بێخاڵ بەختیار

لە توێژینەوەیەکی زانستیدا کۆمەڵێك لە توێژەرەوان بۆیان دەرکەوت کە زەوی بۆ ماوەی پێنج ملیۆن ساڵ مردبوو، هەروەها پێش زیاتر لە ٢٥٠ ملیۆن ساڵ، پلەی گەرمی زەوی و ئۆقیانوسەکان بەرزبووبوەوە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بە ڕادەیەك کە بووە هۆی ڕوودانی لە ناووچونی کۆمەڵێك لە بونەوەرە ئاوی و وشکانیەکان.لەم توێژینەوەدا زانایان زاراوەیەکیان بەکارهێناوە کە ئاماژەیە بۆ مردنی هەندێ ناوچەی سەر زەوی بە دەربڕینی (Dead Zone) ناوچەی مردوو.




زانایانە ئەم نەخشەیەیان کێشاوە کە شێوەی زەوی پێش ٢٥٠ ملیۆن ساڵ دەردەخات، لەلای ڕاستەوە ناوچە مردووەکان دەردەکەوێت و، ئەم ناوچەیە هەمان ئەو ناوچە ئاوییانەیە کە ئەمڕۆ ژیانیان بۆ گەڕاوەتەوە، کێ ئەم زەویەی لە دوای مردن بووژاندەوە؟ زانایان ئەمڕۆ تەنها بە یەك وشە ڕوونی دەکەنەوە:

شارەزایان دەڵێن: لە «هەرێمی مردوو»ی گەورە ژیان بۆماوەی ٥ ملیۆن ساڵ نەبووە و پلەی گەرما لە ناوچەی کەمەرەی زەوی لە ئاستێکی کوژەردا بووە، بەرزبۆتەوە بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بۆ زیاتر لە ٦٠ پلەی سەدی لە وشکانیدا و ٤٠ پلەی سەدی لە دەریاکاندا کە ئەمەش بەسە بۆ کوشتنی گەورەترین بوونەوەری دەریایی و وەستاندنی کرداری پێکهێنانی ڕووناکی.

**پوختەی ئەم وتەیە:** زانایان لە دوای توێژینەوەی مێژووی کەشوهەوای زەوی دەریان خست ماوەی پێش هەزاران ساڵ هەندێ شوێنی زەوی «مرد بوون» دواتر بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا ژیانیان بۆ گەڕایەوە. ئێستا با لەم ئایەتە گرنگە ڕابمێنین کە لە راستی پیرۆز و گەورەیی دەربارەی مردنی زەوی و دواتر ژیانەوەی زەوی دەدوێت بەشێوەیەك کە لەگەڵ بەڵگە زانستیەکاندا یەك دەگرێتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يُحۡيِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَاۚ قَدۡ بَيَّنَّا لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ١٧ ﴾ الحديد. واتا: بە ڕاستی چاك بزانن کە هەر خوا زەوی زیندوو دەکاتەوە دوای مردنی، بێگومان بەڵگە و نیشانەی دەسەڵاتداری خۆمانمان بۆ ڕوون کردنەوە، بۆ ئەوەی ژیربن و بیربکەنەوە. ئەم ئایەتە جەخت لەوە دەکاتەوە کە زەوی دەمرێت و بە دەسەڵاتی خوای گەورە زیندوو دەبێتەوە.

هەروەها قورئان ژیانەوەی زەوی بە موعجیزەیەك وێنا کردووە کە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، لە هەر ساڵێکدا ئێمە دەبینین چەندین شوێنی سەر زەوی بە هەموو شێوەیەك لە شێوەکان ژیان تیایدا ون دەبێت، بەڵام خوای گەورە باران دەبارێنێت و زەویەکە دەبووژێنێتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَءَايَةٞ لَّهُمُ ٱلۡأَرۡضُ ٱلۡمَيۡتَةُ أَحۡيَيۡنَٰهَا وَأَخۡرَجۡنَا مِنۡهَا حَبّٗا فَمِنۡهُ يَأۡكُلُونَ ٣٣ ﴾ يس. واتا: ( لە بەڵگە و نیشانەکانی ئێمە بۆیان زەوی مردووە، کە بەهۆی ئاوی بارانەوە زیندووی دەکەینەوە، دانەوێڵەی لێ پەیدا دەکەین کە لێی دەخۆن).

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَٱنظُرۡ إِلَىٰٓ ءَاثَٰرِ رَحۡمَتِ ٱللَّهِ كَيۡفَ يُحۡيِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَآۚ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٥٠ ﴾ الروم. واتا: جا ئیتر سەرنج بدە و تەماشای چەندەها ئاسەواری ڕەحمەتی خوا بکە، کە چۆن زەوی دوای مردنی زیندوو دەکاتەوە، بێگومان ئەو زاتەی کە ئەو کارانە ئەنجام دەدات، مردووان زیندوو دەکاتەوە و هەر ئەو زاتە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

**سەرچاوەکانی هەواڵەکە:**

EARTH was a BAKING LIFELESS DESERT for 5 MILLION years - http://www.theregister.co.uk/2012/10/19/lethally_hot_ancient_earth/

http://www.sciencemag.org/content/338/6105/366.abstract?sid=30432342-322c-45ac-a683-e8fd8059bbcc

http://digitaljournal.com/image/128980

http://www.dailymail.co.uk/sciencetech/article-2219761/Earth-hot-life-mass-extinction-250-million-years-ago.html

# نیعمەتەکانی دەوروبەرمان

## هاوڕێیان ئایا تێبینیتان کردووە چەند بەخششی گەورە دەورەیان داوین ؟! بە نموونە:

**ئەو میوانەی کە زۆر حەزمان لێیانە، میوەی بەتام و بەلەزەت:**

ئەو میوانەی هەڵگری ڤیتامین سین (C) وەك پرتەقاڵ و لیمۆ بەشێوەی (لەت)ن کە دەتوانین بە ئاسانی بیانخۆین. ئەم جۆرە میوانە لە وەرزی زستاندا پێدەگەن، واتە لەو کاتەدا کە پێویستیمان بە ڤیتامین (C)یە تاوەکو نەخۆش نەکەوین. بەڵام لە مانگەکانی وەرزی هاویندا هەست دەکەین کە پێویستیمان بە خواردنەوەی ئاو هەیە بەشێوەیەکی زۆر، بۆیە دەبینین ئەو میوانە پێدەگەن کە بڕی ئاو تیاندا زۆرە، وەك شووتی و ئەنناس و قۆخ و تری و، دەتوانین پێداویستیمان بە ئاو بە خواردنی میوەی زۆر پڕبکەینەوە. درێژەی ئەم باسانە بەڵگەن بۆ بەدیهێنانی خوای باڵادەست. میوەکان بە شێوەیەکی تایبەت پێدەگەن بەگوێرەی پێویستیمان. هاوڕێیان گەر خوای گەورە بیویستایە ئەوا لەم جیهانەدا لە یەك جۆر خۆراك زیاتر نەدەبوو، بەڵام دەبینین خوای باڵادەست خواردن و خواردنەوەی جۆراوجۆر و بەتامی دروستکردووە، تاوەکو سوپاسگوزاری بین لە سەریان. جگە لەوەش تامی هەریەکێکیان جیاوازە لەوی تریان، ئەمەش ئەوەمان نیشان دەدات کە خوای باڵادەست چەند ئێمەی خۆش دەوێت!

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی لەم بەخششە کردووە و دەفەرموێت:

﴿وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ ٱللَّهِ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فَإِلَيْهِ تَجْـَٔرُونَ ٥٣﴾ النحل. واتە:

هەرچی ناز و نیعمەتتان هەیە هەمووی بەهرە و بەخششی خوایە، پاشان کاتێك ناخۆشی و بەڵایەکتان بۆ پێش هات، ئەوە هانا و هاوار و پەنا هەر بۆلای ئەو دەبەن و هەر لەو زاتە دەپاڕێنەوە.

هەموو ئەم میوانە لەکاتێکدا تۆو بوون، واتە تەنها پارچە تەختەیەکی بچوك بوون. ئەم پارچە تەختەیە دەستیکردووە بە گەشە بە سوود بینین لە ڕووناکی خۆر و ئاو و کانزاکانی ناو خاك و، گەشەی سەندووە و، بۆتە ڕووەکی گەورە.

باشە هەرگیز ڕۆژێ بیرتان کردۆتەوە کە ئەم ڕووەکە جۆراوجۆرانە چۆن لە تۆوێکی وەك پارچە تەختەیەکەوە پەیدابوون؟ هێشتا بیرتان نەکردۆتەوە؟ دەی وەرن با پێکەوە فێربین..

ئەو ڕووەکانەی کە دەیانبینین و، هەموو ئەوەی تیایاندایە لە ڕەنگ و قەد و لقەکانیان و نەخشەکانیان تاوەکو شێوە و ژمارەی گەڵاکانیان و، ئایا میوە دەگرن یان نا و، هەموو خەسڵەتەکانی تریان.. هەموو ئەوانە کۆکراوەتەوە لە تۆوێکی بچوکدا. هەر یەکێك لەو تۆوانە بانکێکی تەواوی زانیاریە.

بۆ نموونە گوڵ ڕەنگ و ژمارەی پەڕەکانی، زبری و نەرمی و، بۆنی و، ئەوەی کە دەیگۆڕێت لەو بارەیەوە بۆ شێوەی هێشوویەکی جوان لە تری و، هەروەها ئەو قەدانەی کە لە تەختەیەکی وشکی بچووك دەچێت.. هەموو ئەوانە لەم بانکی زانیاریە سەیرەدا شاردراونەتەوە. هەروەها ئەو شتەی کە تری لە بندق جیا دەکاتەوە، وەك ڕەنگیان و تام و بۆن و ڤیتامینەکانی ناویان و، کامیان تەڕ و نەرم دەبێت، یا وشك و ڕەق دەبێت.. هەموو ئەم زانیاریانە دیسان لەناو ئەم تۆوە بچوکەدایە. ئێمەی مرۆڤ ئامێری کۆمپیوتەر بەکار دەهێنین بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، بەڵام تەنانەت ئەم ئامێرە پێشکەوتووش هیچ نییە لەچاو ئەم تۆوە بچووکە سادەیە. لەبەرئەوەی کە زانیاریەکانی ناو تۆوەکە بە هەزارەها ملیۆن پەڕە دەخەملێنرێت. زیاد لەوەش سیستمی زۆر ئاڵۆز هەیە کە ئێستا زاناکان نەیانتوانیوە هاوشێوەی دروست بکەن.

